# دیوانی سەڵاح شوان

## کۆی بەرهەمە شیعرییەکان

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (١٠٦٠)**
**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**
**ئازاد بەرزنجی**

**www.sardem.org**

## ■ دیوانی سەلاح شوان
## کۆی بەرهەمە شیعرییەکان

دیزاینی ناوەوە: شەماڵ وەلی

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

چاپی: یەکەم، چاپخانەی **سەردەم** ساڵی ٢٠٢٢ کوردستان- سلێمانی

■ مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# دیوانی سەلاح شوان
## کۆی بەرهەمە شیعرییەکان

سلێمانی - ٢٠٢٢

## ناوەرۆک


**دەربارەی دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە** **٩**

**بەشی یەکەم:**

دڵداری سەرەتا و کۆتاییە ١٩

ئاگر و پووش ٢٠

خەون دەبینم ٢١

پەیژەکانی خۆشەویستی ٢٢

دڵداری ئاونگی خەونە ٢٣

حیکمەت لە سەنگەردا ٢٥

ئەشکەوت و پشکۆ ٢٦

سیمرخی دوورگەی خەم ٢٧

گەڕانەوەی باڵندەیەکی هاوینە ٢٩

باران و دابارین ٣١

پڕکردنەوەی پیاڵە بەیاد ٣٢

تەما لە نیساندا ٣٣

ئەوپەڕی حەز ٣٥

فێربوونی دڵداری و یاخیبوون ٣٦

دڵبەرزی دڵداری ٣٧

هاوار بە ڕووی دەرگاوە ٣٨

لێت دەگەڕێم و دادەگیرسێم ٤٠

هێلانەکەت جێ نەهێڵیت ٤١

تەلیسمێکی شکاو ٤٢

چاوەکانی تۆ نەورۆزن ٤٣

میهرەجانی خەم ٤٥

جەژنانەی من ٤٦

خۆرنەدیدە ٤٧

ئەژدیها و ئاو ٤٨
ڕێی کاکێشان ٥٠
وێنەی سوارێکی سوورپۆش ٥٢
دوورگە و ڕاوەماسی ٥٣
کۆشکی گیان ٥٤
ئەگەرەکان ٥٥
بارخستنی شەو ٥٧
چرایەکی کز ٥٨
ئەستێرەیەکی غەمناک ٥٩
سیزیف سەیری مەرگ ناکات ٦٠
ڕۆژەکانی سیزیف ٦١
سووتان لە شەودا ڕووناکی هەیە ٦٢
ئاوێنەیەکی شکاو ٦٣
خەم زەڕنەقووتەی ناو دڵمە ٦٤
پایزەبارانە ٦٥
تێکەڵبوون و جیابوونەوە ٦٦
کۆتایی و گەڕانەوە ٦٧
**بەشی دووەم:**
گڕی ئاڵی ئاتەشگەدە ٦٩
داگیرسانی من ٧١
پەنجەرەیەکی خۆرنشینی ٧٥
کامی دڵ لە یادگارێکدا ٧٧
خاوبوونەوەی پێڵووی مێژوو ٨١
لەپێناو خۆرێکی تەنکدا ٨٣
داستانی فریشتەیەک ٨٤
گەشتێک بە لێواری تینووی مەرگدا ٨٧
بۆ ئافرەتێکی ڕووخاو ٨٩
یاخیبوونی شیعرێکی نەفرەتلێکراو ٩١
ژیان لەگەڵ گیڤارادا ٩٣

شەو و ئەستێرە ژماردن ٩٥
نامەیەک بۆ ئەوبەری دەریا ٩٨
سووڕانەوەی گشت شتەکان ٩٩
تێکهەڵکێشراوەکان ١٠١
**بەشی سێیەم:**
کۆچێکی بێسەروشوێن ١٠٣
چرۆی بەفر ١٠٧
پرۆمیسیۆس سەیری ئاسمان ناکات ١١٠
گشت شتەکان بسڕەرەوە ١١٢
گریان ئاورینگی بەیانە ١١٤

**شەوێک لە شەوانی سیمرخ**
**دەربارەی کۆشیعری شەوێک لە شەوانی سیمرخ ١١٧**
شەوێک لە شەوانی سیمرخ ١٢٥
بە ڕووتی لەبەر بارانی لەزەتدا ١٥٢
کاروانی لەش بەناو خۆیدا ١٥٥
تێکەڵبوون ١٥٩
ئەو شتانەی لە بیر دەچێ و ناچێ ١٦٣
هەزار ساڵ چاوەڕوانی ١٦٦
من و تۆ کاتێک لە سەرەمەرگین ١٧٢
وەرزش ١٧٥
لەخۆبایی ١٧٦
نەیار ١٧٧
جیهانی سێیەم ١٧٨
بۆردوومان ١٧٩
غەریبی ١٨٠
سوپای بەفر ١٨٥
چاوەڕوانم ١٨٧
دوایین شەوەکانی سیمرخ ١٨٨

## دەربارەی کۆشیعری دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە

ئێمەمانان لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا تـــازە بەرپێـــی خۆمانمـــان دەبینـــی و خولیـــای شـــیعر دایگیرســاندبووین، دەمانویســت بەخشــندەکان بناســین و بچینە نـاو ئەزمـوونی پاراوی شیعری بێگەردەوە. وزەی دەرکەوتـووی ئەم کۆشـیعرانە بـۆ ئێمەمانـان ئەزمـوونی داهێنـــان و خەونـــی لاوی بـــوون. وەک شـــانازییبەخش و جـــــــۆرێکی تـــــــاییبەت لە خەڵات و چێـــــــژی خەڵات دەمانخوێنـــدنەوە. (زریـــان -ئەنـــوەر قـــادر مـــحەمەد). (گەردەلـــوولی ســـپی - لەتیـــف هەڵـــمەت). (پـــرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی - فەرهـاد شـاکەلی). (ڕێژنە - ڕەفیق ســابیر). (ســەمای بەفــری ئێــواران - جەلال بەرزنجــی). (دوو ســرروودی کێــوی - شــێرکۆ بــێکەس). (دڵــدارەکەم پـــایزە گەواڵەیەک نیـــیە - ســـەلاح شـــوان). (شـــەو نیـــیە خەونتـــان پێـــوە نەبیـــنم - عەبـــدوڵڵا پەشـــێو). (ژوان - محەمەد حەمەباقی)... تاد، هەر یەک لەم کۆشیعرانە، جگە لەم کۆشیعرە، زیاتر لە جارێک چاپ کراونەتەوە. کارێکی زۆر پێویســـت و بەجێـــیە بـــۆ ئەوەی بەرەی ئێســـتا و داهـاتووش، ئەگەر خواسـتی ناسـینیان هەبێـت، ئاشـنایان بن و بناغـەکانی بەرەی پێشـە خۆیـان ببینن و بیانناسـن. ئەڵـقەی یەک لەدوای یەکـی بەردەوامـیش زیـاتر پـێکەوە

بلکێن و درێژ ببنەوە و خوێنەر پەیدا بکەنەوە. بەئاگابوون و سوودوەرگرتنی داهێنەرانە لە ئەزموونی کەسانی تر بۆ خەملێنی کەسایەتیی ئەدەبیت، پێویستی و کارامەییە. جۆرێک هێز و جووڵانەوەی ئێستێتیکی لە جیهانبینیدا یەک دەگرنەوە، دۆخی ئەدەبی ئەوە قبووڵ دەکات، ڕەتی ناکاتەوە، بەرەکان سرووش بەیەک دەدەن. ئەم بەرەیە نوێبەخشییەکی بناغەیی و بنەمان، بناغە و بنەماش کۆن نابن، وەک پێویستییەک بەردەوام دووبارە دەبنەوە و واقیعێکی مێژوویین، نوێبەخشی لە بیر و توانا و دەستیانەوە پەرە دەستێنێت و درێژ دەبێتەوە، هەروەها دەستکارییەکی قووڵ و هەمەچەشنیان لە بنیاد و شێواز و زمان و دارشتندا کردووە، بۆ تێگەیشتن لە چییەتیی نوێبەخشیی شیعری کوردی و پەروەردەکردنی چێژی خوێنەر ڕووەو نوێبەخشی و ئەدەبی بێدەنگ، کە لێکدانەوە بۆ هێماکانی نووسین دەکەن و لە هێماکانی تری جیا دەکەنەوە، هۆشیاری و هەستی پەیوەندیی چەشنەکان دروست دەکەن.

بەشێکی زۆری شیعری قۆناغی حەفتاکان دەربڕینێکی توند و سینگدەرپەڕاندن بوون بەرانبەر دیکتاتۆریەتی ڕووخێنەر و لێوڕێژ لە دەربڕین و دانەپەیڤی بژی و بمرێ و بڕووخێنە و دروستکەرەوە و نیشاندانی جۆرێک بۆچوونی سەربازییانە، بەڵام: (سەلاح شوان) لەناو بەرەکەی خۆیدا، ئەزموونی دەباتە ناو خەسڵەتی تایبەت و لێڵی و ئاڵۆزی لە دەوری خۆیدا دەتەکێنێت، ڕوونی و ساکاریی هونەری کردووەتە ئامانج، تیشکۆی گرنگی بەهرە و بیرکردنەوەی ملکەچی هەستیاریی ئەدەبی و

ئێستێتیکای شیعرین. ڕامانی سەرەکی تەنیا لە هەستیاریی مرۆیی و ئێستێتیکای شیعریدا دروست دەبن، ڕۆڵی پەروەردەکردنی چێژی خوێنەر ڕووەو نوێبەخشی دەگێڕن و هەست بە جوانیکردن و کرانەوەی هەستەکانی تێدا لەدایک دەبێت.

هەر لە ڕووتەختی ئەم پێویستییەوە هەوڵم دا ئەم کۆشیعرەش چاپ بکرێتەوە. دوای ئەوەی تایپ و هەڵەچنیم کرد و خستمە سەر ڕێنووسی ئێستا و خستمەوە بەردەستی شاعیر خۆی. ئەویش چەند شیعرێکی لێ لاداوە و دوو شیعریشی لە ژمارە ٢: ١٩٧١ و ٣: ١٩٧٢ی بڵاوکراوەی (ڕوانگە) بڵاو کردوونەتەوە، لە کاتی چاپی یەکەمیدا دەزگای سانسۆر ڕەتی کردوونەتەوە. لەم چاپەیدا لە شوێنی خۆیانی داناونەتەوە، هەروەها دەستکاریی کەمەیەکی کەمی ناونیشان و چەند ڕستەیەکی کۆشیعرەکەشی کردوون.

پێکهاتەی ناوەرۆک و زەمینەی هێما و هێماپێکراو و هەوەڵ نیگاکانی ئەم کۆشیعرە بریتین لە: خەون و بەهرە و بیرکردنەوەی گەرمی ئەزموونکارێک و ئەزموونکردنی ئێستێتیکییانەی لە هەڵبژاردنی وشە و هەڵچوون و تووڕەیی و دەربڕینی هەستییەوە.

بەشی یەکەمی، شیعرێکی تێکهەڵکێشراوە و یەک تانوپۆیی و بازنەییە. لە خاڵێکدا دەست پێ دەکات و هەڵدەکشێت و دەگەڕێتەوە هەمان خاڵی دەستپێکردن. لە چل کۆپلە پێک هاتووە. هەر چل کۆپلەکەش گەڕانن بەدوای ئەشقێکی پڕ حەسرەت و تاسەدار و غوربەتئامێز. لە تەواوی شێواز و شاعیریەتی شاعیردا دەبینرێن و

دەبیسترێن، هەروەها ئەو عەشقە لقوپۆپداره خەسڵەتی کەسی نادیار و ئەفسانەیی و گەردوونیی داوەتە دڵدارەکەی. شاعیر بۆ هەر کۆپلەیەک ناونیشانێکی داناوە، وەک شیعرێکی سەربەخۆش پێشکەشی کردووە. لێرەدا هەڵوەستەیەک پێویستە، ئایە ئەمە مەبەستێکی ئەدەبییە، یان هەستپێدانەشکانێکی ئەدەبییە. لە بنەڕەتی خۆیدا یەک شیعری ماوە درێژخایەنە: (١٩٧٠-١٩٧٥ بەغدا)، زمان و داڕشتن و فۆرمەکەی لە یەک زەمینەدا گەشەیان کردووە و دەچنە ناو یەک بۆتەی هونەرییشەوە. پەیوەندییە مانابییەکانیش بەدوای یەکدا هاتوون و ڕژانە شیعرییەکەش زۆری خایاندووە. شیعرەکە یەک ناونیشان وەردەگرێت، ئەوانەی تر هەموویان زیاد و ناپێویستن، تا ڕادەیەکیش بەشێک لە ئێستێتیکای ئەزموونەکەیان کاڵ کردووەتەوە.

لە بەشی یەکەم و دووەمدا، بۆ بنەڕەت و چۆنیەتیی شێواز لەناو ئەزموونی دوو شاعیردا: (جەمال شارباژێڕی و جەلالی میرزا کەریم) دەگەڕێت. دواتر لە درێژبوونەوەی ئەزموونی خۆی، لە بەشی سێیەمدا دەیدۆزێتەوە. بنەڕەت و چۆنیەتیی شێوازی تایبەت لە دەرەوەی بیرکردنەوەی خۆتدا نادۆزرێتەوە. دۆزینەوەی بنەڕەت و چۆنیەتیی شێواز، زمانێکی وا دەخوازێت هەڵگری پرسە قووڵ و گرانەکان بێت و خوێنەر بچێتە سۆراخ و بەدواداچوونی و دوور و بێسەروشوێن بۆ داهاتووی بڕوانێت. بنەڕەت و چۆنیەتیی شێواز لە نیگا و زەینی شاعیردا، خۆی ئامادە و پەروەردە دەکات.

بەشـــی ســـێیەم، بنەمـــا و دەرکەوتەی بـــنەڕەت و چۆنیەتیی شـێوازە، تێیدا بە خۆئامـادەکردن و شـێنەییەوە بیری لە بنەڕەت و چۆنیەتیی شێواز کردووەتەوە، پرسـی خەسڵەت و تایبەتمەندی و گواستنەوەی خۆی دادەڕێژێت و شـیعری بـێگەرد بە ئەزمـوونی پـاراو دەزانێـت و بە ئاکامێکیشی دەگەیەنێت، لە سـاتی تەواو ئـازادی شـیعریدا، شیعرییەتی جەوهەر و بوون، وەک ئەفسـوونێکی هەسـتی و هۆشـیاریی ئێسـتێتیکایی دەردەخـات و هـاواری دەرەوە دەبێتە دەنگی ناخ و وردبوونەوە لە ناخ.

گوزارشتکردن لە وردبوونەوەی نـاخ زمـانێکی هەسـتی و چـالاکی دەوێـت، واتە: گەڕان بەدوای زمـانێکی ڕوون و ئاشـکرای گەردوونـی. تـا جەخـت لەسـەر چڕبـوونەوەی شـیعرییەت و حیکمەتـی مانـا بکـات، بـواریش بڕەخسـێنێت بۆ تێگەیشتن و چێژ و هەستپێکردن.

لەڕێـی ئەم پێزانینەیـدا لەگەڵ کـرۆک و نـاوکی بوونـدا خەریـک دەبێـت، هەروەهـا لەگەڵ نیگەرانـی و نادڵنیـایی هەلـی گفتوگـۆدا پێـک دەهێنێـت، پرسـیار لەمەڕ بـوونی کەسـی خۆی دەهێنێتە ئاراوە، تێکەڵ بە کەسـی نادیـار و ئەفســانەیی و گەردوونـــی دەکـــات، دەیەوێـــت وەڵامـــی ئامـانجی بـوونی خـۆی و کەسـی نادیـار و ئەفسـانەیی و گەردوونـی دەسـت بکەوێـت، وەک ڕامـانێکی سـەرەکی ڕوونـاکیی دەربڕینـی بخـاتە سـەر، دەربـڕین وەک مانـای ئەفرانـدن و ناسـینی کەسـایەتیی خـۆی و ڕزگـارکردنی لە نیگەرانـــی و نادڵنیاییـــدا، لە مەیـــلە هەرە شـــاراوە و گەشـــەکردووەکاندا ئێســـتێتیکای پێگەیانـــدووە و لە قـووڵاییەوە هێنـاویەتە سـەرەوە، بەرجەسـتەی کـردووە و

دەریخستووە. پاشان هەناسەدان لە ماڵی داهێندراوی شیعرەکانیدا ئاراستەی خۆی دەدۆزێتەوە. شاعیری ڕاستەقینە ناتوانێت خۆیەکی بێگەرد بێت، هەمان کاتیش خەڵکانی تر. شیعر لەم بارە بێگەردەیدا نهێنییەک ئاشکرا دەکات و دەبێتە هەڵگری ئاماژە و گەشەی سەرسووڕمان. ژیان و گەشەی سەرسووڕمان بۆ شیعری بێگەرد، ناوەند و ڕامانی سەرەکین.

لەم بەشەدا وشەکانی، کەسایەتیی خۆیەتی و ناتوانین لە جەوهەر و بوونی خۆی جیای بکەینەوە، واتە: دووبارە ئەفراندنەوە و داهێنانەوەی کەسایەتیی خۆیەتی. هەم قسەکەرە و هەمیش گوێگر. ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێ بە قسەکەر و گوێگر دەکات و دەیانخاتە سووڕی خەملێنەوە، هێزی خودییانەی شیعرییەتیشی تێدا ڕادەچەنێنێت و گەشە بە چرکەی سەرسووڕمان دەدات، هەروەها خواستی گەشە و درێژبوونەوەی سەرسووڕمانمان تێدا دروست دەکات. لە دۆخی زماندا وەک جەوهەر و بوونی هەقیقەتێک دەردەکەوێتەوە. هەم هەقیقەتی کەسی و هەمیش جەوهەر و بوونی هەقیقەتی شیعری. ڕۆح و ژیان لەناو وێنە و فۆرمدا دەخرۆشێنێت و زمان تێیاندا زاوزێ دەکات، بە جۆش و شێنەییەوە پەیوەندی و هارمۆنیی نێوانەکان پەرە پێ دەدات و لە دڵیاندا ئارام دەگرێت.

واقیع یەکبین و ڕووکەش نییە، تا زمانێکی یەکبین و ڕووکەش بتوانێت دەری ببڕێت و لە دەقی ئەدەبیدا پێشکەشی بکاتەوە. واقیع بە چەندان چینی ئەستوور و تەنک و لێڵ و ڕوون خۆی پێچاوەتەوە، لە هەندێک باردا

دەچێتە ئەودیوی لێکدانەوە و زانینەکانی مرۆڤەوە. هێزی زمـان دەبێت هەسـت بەو چەنـدان چینە بکـات، چینەکـان وەک هەبـوون و کـێش و قەبـارەی خۆیـان هەڵبـداتەوە و بیـــانخوێنێتەوە. وەرگـــریش ڕابهێنێـــت لەو ڕووداوانە بکـۆڵێتەوە و تێیـان بگـات، کە لە واقیعـدا ڕوو دەدەن و بۆچـوونی خـۆی تێیانـدا بەهێـز بکـات. واقیـع بـریتییە لە بەردەوامبـوون لە گۆڕانکـاریی زمـان و هەبـوون. شـاعیر هەنـدێک دانەپەیـڤ لە واقیـع و هەنـدێکی تـر لە خەیـاڵ وەردەگرێت، بۆ بەکاربردنیشـی پشـت بە ژیـانی تـایبەتیی خـــۆی و واقیـــع و میتافیزیکـــا و خەونـــی پـــڕ ڕووداو دەبەستێت.

لە گۆشەنیگای درەوشانەوەی ئێستێتیکای ناونیشـان و جیـاوازیی فـۆرم و گەشـــەی سەرســـوورمانیی مانـــا و پرشنگهاوێشتنی زماندا، ئاگری پرۆمیسیۆس وەک مـرۆڤ دەقێکـی کـراوەیە و بە ناوەنـدێکی کـاریگەری دەچوێنێت، هەمـوو ژیـانی تێدا کـۆ دەکـاتەوە و ئامـادەی دەکـات بـۆ بەگەڕخســـتن و بینینـــی قووڵییەکـــانی نـــاخی خـــۆی و قووڵییەکـانی پانتـایی زەوی، هەردوو جیهـان: لە ترۆپکـی جەســـتەی پـــاراوی جـــوانییەوە ڕژاون و لە ئەزمـــوونی جـوانی و هـاوبەش لەنـاو ئاسـتداریی وشـەدا بەراوردیـان دەکـات و ڕایانـدەگرێت، ئەو جیهـانەی پێویسـتە داهێـنەر هەمـوو نێوانەکـانی ببڕێت و وردەکارییەکـانی ژیـانی تێدا بدرەوشـێنێتەوە، بەرەو خـاڵی باڵامـان ببـات. خـاڵی بـاڵا بە مانای ساتی دۆزینەوەی ژیـان و خـاڵی ڕامـانی سـەرەکیی شـیعری بـێگەرد، لەم بـارەدا دەرگـا و پەنجەرەکـان بـۆ بیرکـردنەوە و تێڕامـان دەکـرێنەوە و جەوهەر و بـوونی

شــتەکان دەردەکەون. هەڵوێســتی شــاعیر لە ئــازادی و یـاخیبوونی شـیعر خـۆیەوە دروسـت دەبێت، بـۆ ویسـتی مـــرۆڤ و دەســـەڵاتی ئەدەب و ئەوە تێدەکۆشـــێت لە بەیـــانییەکی پـــڕ لە شـــەونم و گەرمبـــوو بە گزنـــگ و بۆنـــوبەرامەی پـــاکی و هەمەچەشـــن، لەنـــاو ئـــاگرەکەی پرۆمیسیۆســـدا تێبپەڕێـــت، تـــا ژیانێـــک وێنـــا بکـــات. ئەو ژیانەی بەناو ئاگری پرۆمیسیۆسدا تێپەڕیبێت، لە هەمـوو پیسی و خڵتێک پاڵاوتراو بێت و خاوێن کرابێتەوە، ئینجا لەنـــاو شـــیعرەکانیدا دایبمەزرێنێـــت و نـــوێنەرایەتیی شیعرییەتی جەوهەر و بوون بکات.

ئەم شـاعیرە، شـاعیرێکی سیاسـی، یـان حزبـی نییە. لە هیچ دەقێکیدا دەربڕینێکی لەم شـێوەیەم نەخوێندووەتەوە، بەڵام بیـر و بیرکـردنەوەی سیاسـی لە شـێوە و فـۆرمی ئێسـتێتیکی هەیە، زۆریـش هەسـتیارە بەرانـبەر ڕووداوە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکانی خـۆی. نمـوونە نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـوول بە شـێوازی چەشناوچەشـن و جـودای دەربـڕینەوە، وەک نووسـەرێکی بەرپرسـیار بەرانـبەر بە نووســین، دەربڕینــی لــێ کــردووە. چ وەک پێشــبینیی نسکۆکە و چ وەک هەسـتگەرمیی کۆمەڵگەی کـوردی بـۆ خرۆشـانەوەی شـۆڕش. چـش وەک گەشــە و ڕوودانــی کارەساتی خۆبەخۆیی دوای نسکۆ و خرۆشانەوەش.

مــن ڕێــز لە ئەزمــوون و توانــای ئەم شــاعیر و چیرۆکنووســە دەگـرم، کە زمـان و ئەدەبـی کـوردی لە شـێوە و فـۆرمی ئێسـتێتیکییەوە دەوڵەمەنـد کـردووە و بەرەو خـاڵی بـاڵای بـردووە. زۆر لەوەش دڵنیـام پێویسـتە کۆشیعری (دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە) و کۆشیعری

(شەوێک لە شەوانی سیمرخ) و کۆچیرۆکی (ئەستێرە بەرزە)، جارێکی تر بخوێنینەوە و بیانناسینەوە. بە ناسین و جارێکی تر خوێندنەوەیان، ناوەندە ئەدەبییەکەی کوردی ئەزموون و توانای ئەو، باشتر دەبینن. دواتر دەکەونە بەراوردکردنی ئەنجامەکەی لەگەڵ ئەو بوونە قووڵەی لە هەقیقەتی ئەدەبەکەیدا هەیە، وەک ڕووداوێک ئاشکرای کردووە. ئەو بەراوردکردنە لەناو جووڵەی ئێستێتیکی ڕاستیی بووندا دروست دەبێت و دەردەکەوێت و پێوانەی بۆ دادەندرێت.

**سەباح ڕەنجدەر**
**کانوونی دووەمی ٢٠١٤ هەولێر**

# بەشی یەکەم

**دڵداری سەرەتا و کۆتاییە**

دڵدارەکەم
ئەگەر تەمەن هەزار ساڵ بێت
من تەنیا ئەو ساتەم دەوێ
کە جێگەی لەناو دڵتایە
من ئەو دێڕە شیعرەم دەوێ
ئاوازی لەناو دەمتایە
ئەگەر تەمەن
سەراپا هەر ئازادی بێ
ختووکەی ماچی شادی بێ
من بەندیخانەی دڵی تۆم
بە گشت کۆت و بەندێکەوە
لە لا خۆشترین بەهەشتە
بەڵام تەنیا
هەر ناوی خۆم لەسەر دەرگاکەی نووسرابێت
بە تەنیا هەر منی تێدا بێ
دڵدارەکەم ئەی ئاسوودەیی و ڕۆشنایی.

**١٩٧٠/٣/٢٧ بەغدا**

**ئاگر و پووش**

دڵدارەکەم
پەلکەزێڕینەی دوای وەشتی
خەونی بەهاری شارەکەم
با سەر پەنجەم پڕ ئازاری
وێڵی ناو دێڕی دێراوی وشەکانم
تاوێک دەرگای
بەهەشتی سینە نەرمەکەت
بکاتەوە
با لەگەڵ ئەستێرەی گەشی
سەر لێوی دوو خۆری گەرمی
ئاسمانی سینە گەرمەکەت
خەوێکی خۆش بیباتەوە
با لێوی وشکی شیعری
هەڵقرچاوم
بگاتە سەر گۆی مەمکەکەت
با کۆرپەی خەیاڵ و هەستی
سەرما بردووی
ناو دێڕی ساردی مەبەستی
تاسێنراوم
تاوێک لە باوەشی تۆدا
ژێربێتەوە
دەست بنێتە ناو هێلانەی ئاوریشمینی کەزی و پرچت.

**١٩٧٠/٥/٣ بەغدا**

**خەون دەبینم**

دڵدارەکەم
تریفەی مانگی بێگەردی
سەر لێوی فێنکی بەفری بەهارەکەم
من دەمەوێ
کۆترێکی چاوشیرین بیت
لە پەنجەرەی ژوورەکەما
بۆم بخوێنی
لە بن ئاسمانی تەمەنە دوورەکەما
بە دوو باڵی نەرم و سپی
شنەی پاکی خۆشەویستیم
بۆ بهێنیت
من دەمەوێ
کۆترێکی لاسار بی وەک دڵی خومار و هارم
بزێو بی وەکو پەپوولەی دەمەوبەیان
کاتێ گەردەلوولی ژیان
بەرەو ڕووت هات
دڵە بچکۆلەکەت تەنیا
بۆ کۆشی من هانا ببات.

**١٩٧٠/٧/٢١ بەغدا**

**پەیژەکانی خۆشەویستی**

دڵدارەکەم
ئەی زنجیری ئاڵتوونینی گەردنی دڵە خومار و هارەکەم
بە دەنگ و بێدەنگ خۆشم دەوێی
تا ئەو کاتەی تیشکی مردن
قژی بەفرین
بەسەر شانتا شانە دەکا
لە ناسکیی مەمکەکانتا
کۆرپەیی خۆمم دۆزییەوە
چۆن دەتوانم بە دەنگ و بێدەنگ خۆشم نەوێی
لە لەرەی سینە هارەکەت
بێئارامیی تەمەنی خۆمم بینییەوە
چۆن دەتوانم بە دەنگ و بێدەنگ خۆشم نەوێی
بە دەنگ و بێدەنگ خۆشم دەوێی
بە چەشنی سادەیی ئاو
بە ئەندازەی باڵی فڕین
بە ئەندازەی گەرمیی هێلانە
بە ئەندازەی خەندە و گریان
بە ئەندازەی مردن و ژیان
بە ئەندازەی نازداریی چرا و چرابەدەستان
سەرسامی خۆشەویستیتم و لە بنار چیات ڕاوەستاوم.

**١٩٧٠/٩/٣ بەغدا**

## دڵداری ئاونگی خەونە

دڵدارەکەم
یاخیبوونی من لە یاسای ئەم کۆمەڵە
لەوەدایە
تا ئەوپەڕی خۆشەویستی خۆشم بوێی
سەرکەوتنی ژیانی من لەم جەنگەڵە
لەوەدایە
تا ئەوپەڕی جوانپەرستی خۆشم بوێی
گیانی گیانان
خۆشەویستی لەناو ئێمەدا تاوانە
بۆیە منیش
بە ژینی کۆن و نوێمەوە
لەناو چاوەکانی تۆدا دەتوێمەوە
لە جێی باڵێک بە هەزار باڵ
بەناو هەوری ئێجگار نەرمی
دووریمانا
بەناو جیهانی ئەستێرەی
ڕووی ئاسمانا
لەگەڵ یادی گلێنەی چاوی شەوانا
دێم بۆ لات دێم

لەگەڵ گۆرانیی فریشتەی
بەربەیانا
بێ سرەوتن
وەک ئیلهامی شیعروتن
بەبێ کردنەوەی یەخەکەت
دادەکشێمە ناو دڵتەوە
ناو بەهاری
بێ لکوپۆپی ئازاری
پڕ گوڵتەوە
با دەرگاکانم لێ داخەن
با پەنجەرەی ژوورەکەتم لێ تاریک بکەن
لەگەڵ سروەی خەونبینینا
دەڕژێمە ناو چاوەکانت
لەگەڵ تیشکی ئێجگار کزی
مانگی شەوانی دێرینا
دەخزێمە ناو گەرمیی لەشت.

**١٩٧١/٢/١٢ بەغدا**

**حیكمەت لە سەنگەردا**

دڵدارەکەم
ئەگەر هەواڵپرس کرام و دەفتەرەکانی سەرشانم کرایەوە
لە ڕۆژانێکی وا سەختا
لە بن شەوەزەنگی بەختا
لە شوورەی ئاگر و سیما
چۆن دەتوانم خۆشم بوێی
دڵدارەکەم پێیان دەڵێم
ئەگەر لام بی لە سەنگەرا
لەگەڵ هەموو گوللەیەکما
کە دەینێم بە دوژمنمەوە
ماچت دەکەم
لە دیلیما
تا پەتیش دەخەنە ملم
ناوت دەبەم دڵدارەکەم.

**١٩٧١/٤/٢ بەغدا**

**ئەشکەوت و پشکۆ**

دڵدارەکەم
چاوەکانت
لە ناخی ئاڵۆزاوما
لە دەروونی تاریکی بێ هەتاوما
وەکو دوو پشکۆی ئاڵئاڵی
ئەشکەوتێکی شەو کەژەکان
لە چاوەڕوانیی گەرما
تا بەیانی هەر دەسووتێن و چاوی چاوەڕوانی دەگێڕن
وەکو دوو سەرچاوە و کانی
وەک دوو دڵۆپی بارانی
نیوەشەوێکی هاوینا،
لە دڵی منا ڕواوە
چاوەکانت
لە دنیایەکی بێ مانگ و ئەستێرەدا
دوو ناو و دوو خۆرەتاوە.

**١٩٧١/١١/٢٥ بەغدا**

**سیمرخی دوورگەی خەم**

دڵدارەکەم
فرمێسکی خوێنی هەڵاتووی
چاوی دڵە بێدارەکەم
بە شەوانی
پاری ئەم وەختەمان بڵێ
چاوی خەمی بێئارامیم
بەس بکێڵێت
پار ئەم کاتە
وتم دڵمت لەجیاتی زێڕ
بۆ دەکەم بە ئەڵقەی نیشان
بەڵام زەوی
بە دەوری خۆری گیراوا
سوورێکی خوارد
هەزاران ئەستێرە داچۆڕان
مانگی چواردە هەزاران جار لە ئاسمان تۆرا
منیش هێشتا
لە دوورگەیەکی زۆر دوورا
لەگەڵ هەنسکێکی سوورا

هاوار دەکەم
هانا بۆ یادی تۆ دەبەم
تۆش مەلێ بووی هەر نەهاتی
هەزاران جار لەناو لۆکەی گەرووی کانیدا خنکام
هەر نەهاتی
دەسا توخوا
تەنیا ئەمجارە بێت و بەس
لەگەڵ شەوانی
زستانی ڕابوردووا
بۆ دنیا پڕ ئازارەکەی
نزیکی خۆتم بەرەوە
ئەمجارەش ئاشتمکەرەوە
دڵدارەکەم.

**١٩٧١/١٢/٢١ بەغدا**

**گەڕانەوەی باڵندەیەکی هاوینە**

دڵدارەکەم
کاتێ پاپۆڕەوانەکەی کەشتیی گیانم
لە دەریای جوانپەرستییا
بۆ مرواریی چاوەکانی تۆ خۆی خنکاند
گەڕامەوە
لەگەڵ گەڕانەوەی خۆرا
بۆ باوەشی ئاسۆ سوورەکەی جارانت
بۆ باوەشی پێکەنینی وەک بارانت
گەڕامەوە
دیسانەوە بۆ بەر لێزمەی
بەفر و باران گەڕامەوە
وەکو عیسا
بە چوارمێخەکەی کۆڵمەوە
بۆ کۆشی پڕ شین و گریانی ئەزەلی
بەرەو ئاسمانە شینەکەت گەڕامەوە
وەک چۆن پەڕەسێلکەیەکی پاش زەردەی خۆر
هێلانەکەی ون کردبێت

ئەوها بە ناخی نەهەنگی
شارەکەما بە دڵتەنگی
دادەچۆڕێم
لە گیانی خۆم
لە جوانیی هەر هەموو دنیا
لە دنیای مەستی دەتۆرێم
تا لە چاوی ئارامی تۆدا دەمرم و دەژێمەوە
خوێنی ڕژاوی تەمەنم
بە گەرووی دەریای جوانیتا
دادەچۆڕێ
لەجیاتی ئەو
شیعرێکی بە ڕەنگوبۆن دێتە دەرێ.

**١٩٧١/١٢/١٨ بەغدا**

**باران و دابارین**

دڵدارەکەم
هەندێک جار کاتێ لە لانەی
خۆشەویستیی تۆ دەتارێم
لەگەڵ گزنگی سواوی ئێوارانا
لەگەڵ بارانی زستانا
وەکو فرمێسک دادەبارێم
بەسەر گەڵای
وەکو دڵی هەڵقرچاوی
پایزی کوێستانەکانا
بەسەر برینی گەشاوەی دەروونمانا
بەسەر قژی ئاڵۆزاوی
سنگی ڕووتی چیاکانا
بەسەر ژانا
بەسەر خەوی بەیانیانا
وەکو ئاونگ
وردەوردە دادەبارێم.

**١٩٧١/١٢/٢٢ بەغدا**

**پڕکردنەوەی پیاڵە بەیاد**

دڵدارەکەم
دەزانی ئەمشەو بە مەستی
تا ئەوپەڕی خۆشەویستی
تاسەت دەکەم
هەرچەند پیاڵەکەم بەتاڵ بێت
لە تیشکی چاوی کاڵ کاڵت
بە یادی لێوی ئاڵ ئاڵت
من پڕ پڕی دەکەمەوە.

**١٩٧١/١٢/١٦ بەغدا**

**تەما لە نیساندا**

دڵدارەکەم
ئەوا دیسان دڵی شێتم
دڵی دایم تەماپێتم
وەکو نیسان
گوڵی سووری تیا ڕواوە
گڕی لە دەریای ئارامی
زەردهەڵگەڕاوم بەرداوە
ئەگەر ئەشکەنجەی تەمەنیش
لە دەستەکانی تۆدا بێت
هێشتاکە هەر ماچیان دەکەم
دڵدارەکەم
شەوانی ژینی داهاتووم
یەک بە یەک دادەگیرسێنم
لە گڕی لێوەکانتا
خەمی هەڵوەریوی دوێنێم
دەسووتێنم

که تۆ هەڵدێی
ئیتر هەرگیز مانگ و خۆرم لێ هەڵنایە
که تۆ هەڵدێی ئیتر هەرگیز
شەوی تاریکم لێ دانایە
تۆ وەک شۆڕش
گڕ و کڵپەت
لەناو خوێنی تووڕەمایە
گڕ و کڵپەت
وەکو شۆڕش تاهەتایە
له ناخمایه
دڵدارەکەم.

**١٩٧١/١٢/٣٠ بەغدا**

**ئەوپەڕی حەز**

دڵدارەکەم
حەز و ویستم ئا ئەمەیە
یا لەناو بەهەشتی سووری
شۆڕشێکی زۆر پیرۆزا
من بکوژرێم
یا بە گەرمیی لێوانی تۆ
لەگەڵ سۆزا
دابگیرسێم.

**١٩٧٢/١/٣ بەغدا**

**فێربوونی دڵداری و یاخیبوون**

دڵدارەکەم
فێری یاخیبوونم کردی
بۆیە لە خۆم یاخی دەبی
خۆشەویستیم شۆڕشێکە هەتا مابم
من هەرگیز لێی یاخی نابم
دڵدارەکەم
دڵدارییش من فێرم کردی
دڵدارییش تۆ فێرت کردم
دڵدارەکەم.

**بەغدا ١٩٧٢/١/٢٢**

**دڵبەرزی دڵداری**

دڵدارەکەم
لە شارێکا کە هەموو شاعیرەکانی فرمێسکێکن
بەسەر گۆنای هەڵقرچاوی پردەکانا دێنە خوارێ
هەموو ساڵێک
سەد بووکەبارانە دەکەن
تا بارانیان لێ بباری
لە شارێکا
کە خۆشەویستی سواڵکەرە
سواڵکردنی تیا تاوانە
بە بەرچاوی پۆلیسی سەر جادەکانەوە
دڵداریت لەگەڵدا دەکەم
دڵدارەکەم.

**١٩٧٢/١/٢٩ بەغدا**

**هاوار بە ڕووی دەرگاوە**

دڵدارەکەم
هەموو خەڵکی دەڵێن گوایە
دڵداریی من لەگەڵ تۆدا
تەنیا مردنی لەدوایە
منیش ئەوەن
سەیری چاوەکانی تۆم کرد
تا چوومە ناو بیلبیلەی چاوەکانتەوە
ئەوەن هانام بۆ دارستانی خەواڵووی
چاوەکەت برد
تا تۆ بوویتە گلێنەی هەردوو چاوەکەم
تا تۆ بوویتە گوللەی خەمی
دەستە چەپە نەبڕاوەکەم
لەبەر دەروازەی بەهەشتی
وەرزەکانتا
چەند دانیشتم
دەریا دوورەکانی دنیام ژیر کردەوە
عیسام بە کۆرپەیی دیسان
بۆ کۆشی مەریەم بردەوە

کۆتری مەرگ
هەزاران جار هات و لەگەڵما
تا دەستی شل بوو لە دەرگای
شەفەقی چاوەکانتی دا
لە سینگما هێلانەشی کرد
چەند پێکەوە هاوارمان کرد
دەسا دەرگا بکەرەوە
تا پێکەوە بووینە گریان
شیعرەکانم
لە سنووری ونکراوی مەمکەکانت
بە تاوانی پەڕینەوە
لە بەندیخانە توندکران
وشەکانم
لە مەداری خۆیان دەرچوون
وەکو ئەستێرە داگیرسان
دڵدارەکان
سەیرێکی ئاسمانی شەویان کرد
دەستیان کردە پرمەی گریان.

**١٩٧٢/٢/٣ بەغدا**

**لێت دەگەڕێم و دادەگیرسێم**

دڵدارەکەم
لەناو ئەشکەوتی دەماری لەشی ساڵانی مێژوودا
گەڕام گەڕام بۆ سێبەرێک یا شوێنپێیەک
بەدوای تۆدا چاوەکانم کردە هەڵۆ
بەسەر ڕێگە چڕەکانی سەدەی بیستەما گەڕام
هەواڵی تۆم لە خەنجەری دەستی بکوژ
لە لاشەی مردووی مەم پرسی
تا کڕنووشم بردە بەردەم هەزاران سکی برسی
شیعرەکانم کردە خۆراکی منداڵی ناو بێشکە سووتێنراوەکان
وشەکانم کردە پێشمەرگە و هانم دان
بە پەلکەکانی سەر شانتا سەرکەونە بان
کە گەیشتنە ڕوانگەی چاوەکانی تۆ هەموو کوژران.

**١٩٧٢/٣/١ بەغدا**

**هێلانەکەت جێ نەهێڵی**

دڵدارەکەم
سەنگەرێکم لەناو دڵما
بۆ چاوەکانت لێداوە
بۆ بە چۆڵی جێی دەهێڵی
بەهەشتێکم لە جیهانی شیعرەکانما بنیاد ناوە
بۆچی بە چڕنووک دەیکێڵی
کە منداڵ بووم
تۆ فێری دڵداریت کردم
ئێستاکە بۆ بەجێم دێڵی
دڵدارەکەم.

**١٩٧٢/٣/١٨ بەغدا**

## تەلیسمێکی شکاو

دڵدارەکەم
لە سێبەری چاوەکانتا
غەمی دوای مردنی ژان دارکم نۆش دەکرد
لە دارستانی پۆلیڤیای قژی تۆدا
چەندین شەو تاکو بەیانی
ئاگرم بۆ شەوی نەخەوتن خۆش دەکرد
بەڵام گیانی گیانان
تا ئەو کاتەی
لە پەنجەرەی گەردوونەوە
نامەی دڵداریت بۆم هانی
نەمدەزانی
کاتێ کە ماچی ئاگری ئاسۆی لێوەکانت دەکەم
کاتێک هانا
بۆ مەرگی باوەشت دەبەم
چاوی پڕ قینت دادەخەی
نەمدەزانی کاتێک دڵم
لەودیو شوورەی
شارە بێ دەروازەکانەوە

خۆی هەڵدەدا
لەبەر پێتا دەکەوێتە باڵەفڕێ
دەستی بەزەیی بۆ دەبەی
دڵدارەکەم
کاتێ ڕقی چاوەکانت
بەسەر شاری نەهامەتیا ببارێنیت
لەسەر ڕێگای بەرەوژووری بێ سنوورما
هەزار پشکۆی چڵە زەیتوون
بە ناوچەوانمەوە دەبەیت.

**١٩٧٣/٢/٢ بەغدا**

**چاوەکانی تۆ نەورۆزن**

دڵدارەکەم
بەفری زستان
لەسەر لێو و مەچەک و چاوی هەژاران توایەوە
ڕەشەبای ڕێگەی نەهاتی
گڕی سووری ڕێگەکانی بەجێهێشت
بە گەرووی تاریکەشەوی دوێنێمانا کشایەوە
بەڵام هێشتا چاوانی تۆ
ئاوڕێکیان بە لای چەپدا نەدایەوە
هەموو نێرگز و گوڵاڵەی ئەم وەرزەمان
لە لای چەپی ڕێگە و ڕووبارەکانەوە چاو هەڵدێنن
هەموو گوڵاڵە و نێرگزی وەرزەکانی داهاتووشمان
لە لای چەپی ڕووبار و ڕێگەکانەوە سەر دەردێنن.

**١٩٧٢/٢/٢٨ بەغدا**

**میهرەجانی خەم**

دڵدارەکەم
شۆڕش پەڕەسێلکەیەکی پێنج وەرزەیە
لە بنمیچەی گشت دەروونێکی ڕووناکا
لانە دەکا
شۆڕش لە خوێنمانا دەژی
شۆڕش کۆترێکی سوورە
نامەکانمان
بۆ ئەوپەڕی دنیا دەبا
لەگەڵ هەڵچوونی ئاگری زەماوەندی ئەم جەژنەدا
بۆ چاوەکانت دەگەڕام
چاوەکانت لە میهرەجانی دڵما لێم ون بووبوو
چاوەکانتم لە میهرەجانی دڵما دۆزییەوە
چاوەکانتم لە میهرەجانی دڵما حەشاردابوو
دڵدارەکەم.

**١٩٧٢/٨/١٦ بەغدا**

**جەژنانەی من**

دڵدارەکەم
بۆ جەژنانە
لە چاوی ژیان و مانت
من تەنیا ماچێکم دەوێ
بەبێ ماچی چاوەکانت
جەژنانەی من برینێکە
لەودیو دەرگای دەروونمەوە
ڕاوەستاوە
بەبێ ماچی چاوەکانت
نەورۆز لەناو دڵی منا
سەربڕاوە
دڵدارەکەم.

**١٩٧٣/٣/٣ بەغدا**

**خۆرنەدیدە**

دڵدارەکەم
تەنیا منم
لە شەوێکی وا درێژا
تا یەک بە یەک ئەستێرە هەڵواسراوەکان
لە خوێنی شەفەقی دڵیانا دەگەوزێن
چاوەڕوانی دەرکەوتنی چاوە خومارەکانت دەکەم
تەنیا منم لە شەوێکی وا درێژا
چاوی بێداری
بە سینەی خۆرنەدیدەتەوە هەڵدەخەم
من جۆگاتم
بەسەر شوورەی شارەکەتا
هەزاران نامەی
دڵداری دێنم و دەبەم
من بێستوونی پەیمانەکانتم خستووەتە
دڵی گەردوونی خەمەوە
بە شمشێری دوودەمەوە
بە درێژایی شەوێکی ئاوەها درێژا
لەگەڵ ئەژدیهای حەوتسەری
نائومێدیدا شەڕ دەکەم
دڵدارەکەم.

**١٩٧٣/٣/٢٨ بەغدا**

**ئەژدیها و ئاو**

دڵدارەکەم
دەڵێن نۆرە هاتووەتە سەر من و دەبێت
ئەمشەو تۆ بە دیاری ببەم
تەنیا تۆم هەی
با شار لەناو هەراوزەنادا بخنکێت
با منالان
تینووێتی لە مەمکی دایکیان بخۆنەوە
با پیاو ماقوولانی شار
هەر بیڵێن و بیڵێنەوە
تەنیا تۆم هەی
بە درێژایی هەزاران شەوی وا درێژ
چاوەڕوانی
یەکەم هەنگاوی تۆ دەکەم
هەر بە تەنیا کۆشکی تەلیسمبەندی ئەمشەو بەجێ بێڵە
هەر تەنیا بۆ تاکە جارێک
بە بۆمبای چاوە جوانەکەت
دەروونی تاوان بکێڵە
بەدرێژایی هەزاران شەوی وا درێژ

تا ڕۆژ هەڵدێت ماچت دەکەم
تەنیا تۆم هەی
دڵدارەکەم
ئەو شەوەش کۆتایی هات و بەدوایا شەوێکی ئێجگار درێژتر
ڕووی گەردوونی داگرتەوە
چاوە هەڵخراوەکانی دامێنی خەونی بوونی گرتەوە
خەون لەبەر دەروازەی دڵیا سەربڕابوو
دڵدارەکەم
من بووم ڕێگەی کاکێشانی شەوەکانم
بۆت دەنەخشان
من بووم دەریا شینەکانم
بە خوێنی شیعر سوور دەکرد
من بووم نامەی دڵدارانم
بۆ هەر هەموو قوژبنێکی دنیا دەبرد
من بووم خشتەزێڕی دزراوی ژێر سەری مناڵە هەژارەکانی
سەر شۆستەی گشت بەندەرەکانم هێنایەوە
من بووم باران پەڵەی یەکەم وەرزی گریانی قەڵەمم
بۆ تۆ باران
من بووم
ئەمگوت تەنیا هەر تۆم هەیە
تەنیا تۆ هەی
تەنیا تۆم هەی
دڵدارەکەم.

**١٩٧٣/٥/١ بەغدا**

**ڕێی کاکێشان**

دڵدارەکەم
چاوانی وەنەوزی ڕێگەی
پڕ ئەشکەنجەی وشەکانم
بڕیوەتە خۆرێکی لە خوێن دروستبوو
خۆرێکە وا بە ناوچەوانی تۆوەیە
دڵۆپ دڵۆپ
دەڕژێتە جێی ماچەکانم
کە ڕێگەکان بەرەو خوار بن
کە ڕێگەکان
قەرزی کۆنبووی سەدان بەهار بن
من گشت بەهار و پایزێک
من گشت پایز و بەهارێک
ڕێی کاکێشان
ڕێگەی سیمبەندی کێوی خوێن
ڕێگەی لەسێدارەدانی هەزاران بەڵێن
دەگرمەبەر

کاتێک زەنگی کاروانی شەو
لە ڕێگەی خۆیان بێزار بن
من لە جێی گشت
مەنزڵگە و کۆنەهەوارێک
ڕێگەکەی تۆ
ڕێی کاکێشان دەگرمە بەر
دڵدارەکەم
لەسەر سنگی گەرمی تۆدا
پشکۆی ئاڵئاڵم داناوە
کڕێوەی ئەمشەومان دیارە
سەدەی سەهۆڵبەندانێکی وا لە دواوە
بمگرە سنگی  خۆتەوە
تەنیا تۆم هەی
دڵدارەکەم.

**١٩٧٣/٥/٢٥ بەغدا**

**وێنەی سوارێکی سوورپۆش**

دڵدارەکەم
دنیا گڕە و چەشتەنگاوە
دڵی منیش گۆمێکی لیڵ و شڵەقاوە
وێنەکەی تۆی
تیا دەشێوێت و وەکو
خوێنی دڵدارە نەناسراوەکان
دەیداتە ئەملا و ئەولاوە
دڵداریی من خوێنی خۆرە
بەسەر گۆنا و لێو و مەمەکانی تۆدا
دەڕژێتە خوار
چنگی گڕی ئەستێرەیە
لەژێر سوخمەی سووری خەمەکانی تۆدا دەخەوێت
چەند بانگی کەن نایەتە خوار.

**١٩٧٥/٦/١٦ بەغدا**

**دوورگە و ڕاوەماسی**

دڵدارەکەم
تۆ خەونیت و هەموو شەوێک تا بەیانی
دەتخۆمەوە
بەڵام کاتێ کە خۆر هەڵدێت
بە تینووێتی
بەرەو دوورگەی ڕاوەماسی دەڕۆمەوە
تۆ دوورگەی غەمیت و منیش
دەریاوانێکی بێ کەشتی
نە دەمەوێ و نە دەشتوانم
خۆم لە باوەشی خەمی تۆ
ڕزگار بکەم.

**١٩٧٥/٧/١ بەغدا**

**کۆشکی گیان**

دڵدارەکەم
گیانی گیانان
کۆشی کۆتایی منیت و کاتێک
کە لێت دوورکەومەوە
نازانم چۆن باست بکەم
دڵدارەکەم دڵداری خۆڵ و ئاگر و با و ئاو.

**١٩٧٥/٧/٣ بەغدا**

## ئەگەرەکان

دڵدارەکەم
ئەگەر ون بم و بمدۆزنەوە
بەسەر هەموو
ئافرەتە نازدارەکانی دنیا دابەشم بکەن
گەر لە لەشما بخنکێم و ماسییەکان
لەتە گۆشتەکانم قووت دەن
گەر ئەستێرەکانی ئاسمان
لە لێواری
برینەکانما شین بن
هەتاو لە باوەشی گەرمی بەهارەیدا
تێر تێر بمتوێنێتەوە
ئەگەر شەوەکان یەک لەدوای یەک
بملاوێننەوە و تا بەیان
هەر ماچم کەن
هەرگیز تاسەی ماچی چاوە شیرینەکەی
تۆم لە دڵا ناشکێت
ئەگەر بێتو هەموو بارانی وەرزەکانیان
بەسەر ڕووما ببارێنن

ئەگەر کانییەک بم و هەموو باڵندەکان
گشت ئێوارە و بەیانیانێک
تێر تێرم لێ بخۆنەوە
ئەگەر ڕێبوارە ماندووە بێ مەنزڵگەکان
تۆزی خەم و برسێتیی ڕێگەی نەهاتیان
لە لێوارما بشۆنەوە
هێشتاکە هەر توێژاڵی تینوێتیی لێوم
بۆ کانیی لێوەکانی تۆ ناوەڕێت.

**١٩٧٥/٧/٢٨ بەغدا**

**بارخستنی شەو**

دڵدارەکەم
لە دوورگەی دەروونی منا
شەو باری خستووە و هەرگیز
خۆر هەڵنایە
شەو کشی دێت و هەرچەندە
ڕایبکێشیت
هەرگیز کۆتایی پێ نایە
تۆش مەستیت
خەونی هەزار ساڵەت لێ کەوتووە
منیش هەرچەند دەکەم
تەنیا وشەیەکت بەسەر لێودا نایات.

**١٩٧٥/٨/١ بەغدا**

**چرایەکی کز**

دڵدارەکەم
من بە سەرخۆشییش هێشتا هەر
گیای ڕواوی ناو خۆڵەکەتم خۆشم دەوێی
دەزانم تۆ بۆ من نییت
هێشتاکە هەر کانی و ئاواتم خۆشم دەوێی
دەزانم تۆ بۆ کەس نییت
بۆ هیچ کەس
هیچ کەسێک نابیت
بەڵام من هەر خۆشم دەوێی
دڵدارەکەم.

**١٩٧٥/٨/٧ بەغدا**

**ئەستێرەیەکی غەمناک**

دڵدارەکەم
دەپرسن من چیم و بە چی دەبم
من ئاگری جەرگ و هەناوم و لەوەتەی هەم
هەر دەسووتێم
پیاوە ماندووەکانی
سەر دڵی ئەم ئەستێرە بۆرە
دەماری گرژی مێشکیان
بە دووکەڵم زاخاو دەدەن
منیش هەرگیز
لە خۆم زیاتر هیچی ترم پێ ناسووتێت
من ئەستێرەیەکی تەنیام
هەموو شەوێ تا ڕۆژ هەڵدێ
لە دەستی جیهان ڕادەکەم
سبەینێ کە چاو هەڵدێنم
لە سەرەتای ڕێگەکەی دوێنێکەی خۆما دانراومەتەوە.

**١٩٧٥/٨/٨ بەغدا**

**سیزیف سەیری مەرگ ناکا**

دڵدارەکەم
من مرۆڤم
حەز لە دڵداری و خواردنەوە و مەرگ دەکەم
سیزیفێکم
تاکو مەرگ
بەو چاوە کاڵانەیەوە
چاوەڕێی گەڕانەوەم بێت
دڵداری لەگەڵ دەریادا
دڵداری لەگەڵ جۆگادا
هەرگیز ناکەم.

**١٩٧٥/٨/١٨ بەغدا**

**ڕۆژەکانی سیزیف**

دڵدارەکەم
من سیزیفێکم گشت ڕۆژێک
بە پێپلیکانەی شکاوی
تیشکی گەردگرتووی هەتاوا
بەرەو لای تۆ سەردەکەوم
لەگەڵ ئاوابوونی خۆرا
پێپلیکانە دەڕووخێت
منیش لە جێگەکەی دوێنێشەوی خۆما
بە تەنیا بێ تۆ دەخەوم
خەوێک هەموو دنیا دێتە خەونم.

**١٩٧٥/٨/٢٢ بەغدا**

**سووتان له‌ شه‌ودا ڕووناكیی هه‌یه‌**

دڵداره‌كه‌م
شه‌و سێ به‌شی ڕۆیشتووه‌
هه‌موو شه‌وێكیش هه‌ر شیعر
بۆ ڕه‌نگاوڕه‌نگیی چاوانی تۆ ده‌ڵێم
سبه‌ی كه‌ ڕۆژ ده‌بێته‌وه‌
خۆشم و شیعره‌كانیشم
به‌ده‌ستی خۆت ده‌سووتێنرێم و ده‌سووتێم.

**١٩٧٥/٨/٢٨ به‌غدا**

**ئاوێنەیەکی شکاو**

دڵدارەکەم
نەرمونیانی زۆر نەرمونیانی بەڵام ئاخ
قژت لەبەر بیلبیلەی چاوما نەبێت
لەبەر هیچ ئاوێنەیەکی
ئەم جیهانەدا دانایات
چاوەکانی منیش هەرگیز
لە بەردەم ڕووناکیی تۆدا
هەڵنەهاتووە و هەڵنایات
ئەستێرەی بەرەبەیانی
تا کرێکارە ماندووەکان
نەنوون تۆ چاوت هەڵنایات.

**١٩٧٥/٩/٣ بەغدا**

**خەم زەڕنەقووتەی ناو دڵمە**

دڵدارەکەم
بۆ نایەیتە ناو ڕووناکیی پەنجەرەکەم
تاوەکو لە ژوورەکەما
چی خەم هەیە دەری بکەم
خەم لە لای من چەند دەریکەی
هەرگیز کۆتایی هەر نایات
خەم لە دڵما هێلانەی کردووە ئاخر
نازانم چۆن دەری بکەم
من ئەشقی تۆم و باڵندەی ڕەنگاوڕەنگی خەم
ئەشقی چاوەکانی منە
ئەگەر لە دڵی منا نەبێت
وەک ئەوساکەی تۆم نەدەناسی
خەم ئەوها سەرگەردان دەبێت.

**١٩٧٥/٩/٢٨ بەغدا**

**پایزەبارانە**

دڵدارەکەم
خۆشم دەوێی
خۆشم دەوێیت و تینوویێتیم
لە باوەشی تۆدا نەبێت
هەرگیز ناشکێ
خۆشم دەوێیت و دەشزانم
چەند زەویی وشکی پایزان
تاسەی دڵۆپێکی پاکی باران دەکا
سەد ئەوەندە
دڵۆپ بە تاسەوە هانا
بۆ شەقاری سنگی وشکی زەوی دەبا
خۆشم دەوێیت و دەشزانم
خۆشەویستی تەنیا گوڵێکە پڕ ڕوخساری گەرم و نیان
لە دڵی خوادا بە ئاوی
ئەوەل بارانی ساڵ ئاودراوە
خۆشەویستی مناڵێکە
دەریا لە چاوەکانیا
بەیانیان ئاو دەخواتەوە.

**١٩٧٥/١٠/١٠ بەغدا**

**تێکەڵبوون و جیابوونەوە**

دڵدارەکەم
کاتێک کە من بە تۆ بگەم
گشت خاڵەکان بە هێڵ دەگەن
خۆشەویستیم
ئەو هێڵەیە
کە مەمکی زەوی
بە سنگی ئاسمانەوە دەنووسێنێت
لێکیشیان جیا دەکاتەوە
کە تاریکیی شەو و تیشکی
خۆری هەڵاتووی ئاسمانی بەرەبەیان
تێکەڵاوی یەکتر دەکا
لێکیشیان جیا دەکاتەوە
کە خەون بە درەختی سەر ئەم زەمینەوە
دەبەستێت و لێکیشیان جیا دەکاتەوە
خۆشەویستیم ئەو هێڵەیە
کە هەموو شتێک پێکەوە
دەبەستێت و لێکیشیان جیا دەکاتەوە.

**١٩٧٥/١٠/٢٨ بەغدا**

**کۆتایی و گەڕانەوە**

دڵدارەکەم
تۆ شەویت و من ئەستێرە و بزەی نەرمی بەربەیانم
تۆ گوللەیت و لەناو دڵما
جێگەی خۆتت کردووەتەوە
تۆ مەرگیت و بۆ کوێ بڕۆم
هەرگیز لێم جیا نابیتەوە
تۆ هێزی بوونی و هەموو ڕۆژێکی تازە
لەگەڵ چایەی بەیانیانا دەتخۆمەوە
تۆ ئەو ڕێیەی
کە پییا هاتم و پییا دەگەڕێمەوە
دڵدارەکەم.

**١٩٧٥/١١/٣ بەغدا**

## بەشی دووەم:

### گڕی ئاڵی ئاتەشگەدە

١

ئەی پێشمەرگەی ڕێگەی وشکی نادیاری
ئەی خنکێنراو
لە گۆمی خوێنی پڕ گریەی
شەوی زاوا و بووکێنیا
پاش تەمەنێکی دڵداری
چاوەکانت
دوو بۆمبایە
بەدوای گڕی ئاتەشگەدەی
زەردەشتەکەی کوردستانا
بەبێ وچان هەر دەگەڕێت
دەستەکانت
هێز و ویستی پاڵەوانیەتیی تیا جماوە
بەدوای عیسای
بیستەم سەدەی تێکۆشانا
جەرگی شەیتان
هەڵدەدڕێ.

**٢**

بەڵێ برام
برای ناو سروودەکانم
لە یاخیبوون و شۆڕش و لە مردنا
خوێنی ڕژاوی کوردستان
دەکەیتە ملوانکەی دیاری
بۆ سنگی سەوزی شاخەکان.

**٣**

لە یاخیبوون و شۆڕش و مەرگا
دەم دەنێیتە دەمی
شارەکەی خۆمان
دەم دەنێیتە گۆی
مەمکە گەرمەکەی
سەر سنگی ئاسمان
یاخی لە خۆری بێ ناونیشانی
درۆی ئەم شارە
شۆڕش لە دژی مێشکی بێگیانی
تەلیسمبەندی
دوای ئەم ئازارە
مردن لە ڕێگەی
نەورۆزێکی مەست و خومار
بۆ ئەم شار و بەهارە.

**١٩٧١/٩/٦ بەغدا**

**داگیرسانی من**

کاتێک باوکم
لە جێگەی نان دەریای خەمی بۆ دەهێناین
کاتێک دایکم
فرمێسکی ڕەشی قەرز دەکرد لە هاوسێکان
بە کڵپەی ژانێکی خوێنین
من داگیرسام
کاتێک شاباڵی کۆترەکەی نووح پێغەمبەر
ماندوو بووبوو
بەدوای لووتکەی چیای جوودیدا دەگەڕا
بۆ ڕزگاربوونی حام و سام
کاتێک کەشتییە پڕەکەی
لە تۆفانی نەفرەتی خوادا خۆی خنکاند
من بەڕێوە
بۆ ماچێکی سەر لێوانی خۆر دەگەڕام
کاتێک گلگامێش لە لێوی دەریای مەرگا
هەڵتووتابوو
بۆ ژیانی لەدەستچووی خۆی
وای دەکورکان
من بە باڵای ئەژدیهای ناو گەردەلوولا
بەرەو ئاسمان هەڵدەکشام
کاتێک دەروێشەکانی شار
تەنەکەی بۆشیان لێ دەدا

بۆ مانگگیران
من لەگەڵ فریشتەی مەرگا
بە چەکی براکانمەوە
برا کوژراوەکانمەوە
کردمە زۆران
لە کاتێکا پێشمەرگەکان
لە سەنگەری نۆ ساڵی ئازارکێشانا
لە جێی فرمێسک
گوللەی خوێنینیان دەباراند
لە کاتێکا خواوەندی شۆڕش و ئاگر
بۆ یەکەم جار
بە هەردوو چاوەکانیەوە بووە گریان
دارتێلەکانی شەقامە ڕووخاوەکان
گڵۆپی سەوزیان هەڵدەکرد
بۆ کوێرەکان
کاتێک کە من لەدایک بووم
دارتێلەکان هێشتا لە خەو هەڵنەستابوون
دڵدارەکان لە یەکتری نەتۆرابوون
گوتیان لە شاری گریانا زەماوەندە
منیش هاتم دڵۆپێکی شەکراوی ڕەش
لە مارەیی دەزگیرانە داگیرکراوەکەی خۆما بخۆمەوە
منیش هاتم خوێنەکەی خۆم
لەناو سووتووی ئاگری دامرکێنراوی
ڕەنگ و بۆما بخۆمەوە
هاتم ئیتر نەڕۆمەوە
سنگ و مەمانی ئەم شارە

هێشتا جێگەی دەستی منی پێوە دیارە
قژی سووری کیژۆڵەکەی باوەگوڕگوڕ
لە شەقاری گۆڕی هەزارساڵەیەوە
دێتە دەرێ
دەست و پەنجەی شاعیرێکی لێمان دەوێ
تا بەیانی قژی بۆ بەشانە بکا و نەخەوێ
کیژۆڵەکەی باوەگوڕگوڕ
دڵدارێکم بێ دەزگیران
کۆڵان و دیوارەکانی شارەکەمان
ئەلبووم و یادگارنامەیە
بۆ ژیانی داهاتوومان
دڵدارێکم بێ دەزگیران
بەدرێژیی شەقامەکانی ناو دڵما
هەنگاو دەنێم
بە قووڵایی کارێزەکانی مێشکما
بۆ دیارییەک بۆ دڵدارە زەوتکراوەکەم دەگەڕێم
کاروانەکەی شۆڕشی شاربەدەرکراو
مەنزڵگەی شەوگاری جێهێشت
بەڵام هێشتا
بۆ دیارییەک بۆ دڵدارەکەم دەگەڕێم
گەڕام ئەنجام
سەرسام ڕامام
ئەشکەوتەکانی کوردستان هەمووی گەڕام
سەنگەرەکانی پێشمەرگە کوژراوەکان هەمووی گەڕام
سەرسنگی چیا بەرزەکان
دارستانە بێ وەرزەکان هەمووی گەڕام

تەنیا سروودێکم هێنا
ئاوازەکەی لە خەم و ئازار و نەورۆز یاخی دەبێت
هاوار دەکا
هێشتا گۆڕی شەهیدەکانی کوردستان
لێوی بەخوێن سوورکراوی
چاوەڕوانی ماچی دەمی تفەنگێکە
چاوەڕوانی تەقینەوەی گوللەیەکە
چاوەڕوانی ڕەهێڵەیەکی ئاگرە بیشواتەوە
چاوەڕوانی ئاوازەکەی جارانمانە
بۆ کۆشی خۆی بیباتەوە
بڕنەوەکان
بۆ تاکە گوللەیەک دەگرین
دەگرین بۆ دەست و مەچەکی خاوەنەکانی جارانیان
خۆزگە گوللەیەک بوومایە
لێوی وشکی تفەنگێکم تەڕکردایە
باوەگوڕگوڕ
بۆ لای من هاتووە بۆ گڕ
خۆزگە چیلکەیەک بوومایە
گڕم لە خۆم بەربدایە
تێنوویێتیی باوەگوڕگوڕم بشکاندبوایە
چاوەکانم دوو کۆتری باڵنەخشینن
هێلانەکەیان ڕووخاوە
ئەو نامەیەی بۆ یارەکەمم ناردبوو
هێشتا هەر لە لایان ماوە.

**١٩٧٢/٢/١٢ بەغدا**

**پەنجەرەیەکی خۆرنشینی**

پاش سیانزە ساڵ بیرچوونەوە
بێ ئەوەی کۆڵانەکەتان
یا دەرگا و بەر ماڵەکەتان
بە بەرچاوما ڕاببوێرێت
بێ ئەوەی پەنجەرەکەتان
بۆنێکی سینەی کاڵی تۆم
بۆ بنێرێت
بێ ئەوەی ناوە خۆشەکەت
بۆ جارێکیش بەر گوێم کەوێت
بێ ئەوەی بێیتەوە یادم
لە خەیاڵێک یا خەونێکدا
پاش سیانزە ساڵ بەدواوە
وا تازە لە بۆشایی شەوا
چاڵیی گۆناکەت جێ دێڵی
تامی لێوە ساکارەکەی مناڵیتیم
بە گەرمی و شیرینیی جاران

لەگەڵ هەناسەی بەیانا
وەکو باران
بەسەر لێوی هەڵقرچاوما دەبارێنی
لەرەی سینە تازە پێگەیشتووەکەتم
پاش سیانزە ساڵ بۆ دەهێنی
ماچی ئەو دوو لێوەی جاران
کە بە نەرموونیانی ماچیانم دەکرد
تازە دەیهێنێتەوە خەونم
تامی ماچی کۆرپە کچێک
کە زۆر لەوەی جاران بچێت
ماچی گۆنا و چەناگەی چاڵ
بۆنی مەمەی سەر سینەی کاڵ
پاش سیانزە ساڵ
لەگەڵ شوێنپێی کۆچی شەوا
بەسەر گیانی
بێ بارانی دڵداریما دەبارێنێت.

**١٩٦٨/١١/٢١ کەرکووک**

**کامی دڵ لە یادگارێکدا**

ئەمڕۆ لە تیشکی جوانی ئاشقە نامرادەکان
پەیکەری لاویم دەتراشم
لە نیگاری
وەک بەهاری
پڕ ڕەنگیان
بادەی دوێنێی وردوخاشم
پڕ دەکەمەوە دیسان
پێکی گەنجێتیم
هەتا میوانم بێ نیسان
منی هوزار
گڕی جوانیت چووەتە خوێنم
هەزار بەهار
بۆت دەخوێنم
بۆ یادگار
خرپە و تەزووی قووڵایی دڵ
قوڵپ دەدا بە گەرمیی نیگات
چاوداخستنی بەشەرمت
بە گوشینی دەستی وەکو دڵی نەرمت
هۆشم خۆشم ئاوا دەکا

کاتێک کیژۆڵەی شەو بە نازەوە
دەست دەخاتە دەست خۆری چاوەڕوان
سروشت بە لێوی پڕ ئاوازەوە
بە نەوای بەهار
دەیانباتە ناو پەردەی ئاواتی کپی شەوەوە
ئیتر چاوانی تەلیسماویی تۆ
بەدەم خەوەوە
بۆ شەوی مەستیم دەبنە ڕووناکی
هەموو ئەستێرەی شاباشکراوی سەر بووکی سروشت
ورد بێت یا درشت
لەناو چاوانی
وەکو دوو بادەی مەیی ئاسمانی
تۆدا دەژمێرم
سکاڵای ژینی نوێم بەبێباکی
دەکەمە بەستەم
بەم دڵە ناسک و مەستەم
بۆ یادگاری
تۆ گوڵاڵە و منیش هوزار
بۆت دەخوێنم،
هەزار بەهار
یادگارنامەی ساڵانی ژین
پەڕە پەڕە بدە بەربا
لە دڵی بە برین کێڵراوما
بە دوو پێی بچووک و ناسک
وەکو ئاسک
بە ڕەوتی سووک

بە سەر پەنجەی نەرم و جوانت
بە سەر پەنجەی گەرم و جوانت
بە نازی بووک
زام بشێلە تەختی کە دڵ
هیوای وەکو خەندەی گەشی سەر لێوانتی
تێدا بچێنە
وەک گوڵاڵەی ئەوەل بەهار و میوەی سەر لک
بە شەرابی ئاگرینی سەر گۆنای چاڵ
ئاوی بدە تا وەک هوزار
بۆ یادگار
بە کامی دڵ بۆت بخوێنم
هەزار بەهار
وەرە لەگەڵما با بڕۆین
وەکو دوو پەپوولەی بەهار
بۆ ئاسمانێک
بۆ جیهانێک
پڕ بێ لە گوڵی بۆندار و ئارامی گیان
بۆ ئاسمانێک
شەوانی
ئەستێرەی زیوین پەخش بکات بەسەرمانا
تریفەی مانگ لەبەرمانا
بە کەشتیی پەڵەهەوری خاوی بەفرین
بمانگێڕێت لە سەیرانی
یەکەم مانگی جووتبوونمانا
من شیعرت بۆ دەڵێم و تۆش
وەکو هوزار

به دەنگی خۆش
بۆم بخوێنە هەزار بەهار
بۆ یادگار!
ئەی فریشتە داستانی ژیان
کە هاتیتە دەرگای پەرستگەی ڕووناکی پژێنم
هەزاران مۆم
هەزار بخوور
هەڵکرا لەسەر ڕێگەکەت
وەک ئەشقی تازەم گەرموگوڕ
تا شایانت بێ جێگەکەت
تۆی میوانە
تەختی یەزدانی جوانییە ئەم وێرانە
خەونی شاعیری گەرم و ڕەنگینت بۆ دەکەمە فەرش
هیوای زێڕین و زیوی فرمێسکی کۆمەڵبووی ساڵان
گشتی بە تاڵان
لە بەردەم پێتا من دەیانکەم پەرش
نوێژی تازە
بە دەنگێکی ئاسمانییانەی پڕ ئاوازە
منی هوزار
بۆت دەخوێنم
هەزار بەهار
بۆ یادگار.

**کەرکووک ١٩٦٩/٥/٢٥**

**خاوبوونەوەی پێڵووی مێژوو**

بەسە
پەڕی ڕەنگاوڕەنگی داڕزاوت
هەڵوەرێنە
بە خوێنی خۆری سەربڕاو
لە قرچەقرچی هاوینا
پێستی سوورت بسووتێنە
بە ئاگری
ناو ئاگردانی برینی چەوساوەکان
بەفر و زوقمی
سەر پێڵووی لە خەونی ڕەشا خنکاوت
بتوێنەوە
بەسە ئیتر
چاوی ژەنگاویت هەڵبێنە
ئەو کێوەی بەفری پێش مێژوو
بەستوویەتی
ئەو کێوەی ژەهری ئەژدیها و لاشەی مردوو گرتوویەتی
هەڵیکەنین
بیڕووخێنین

تا تیشکی دەست و پێ بەستراو
بگاتە دەروازەی جیهان
تێکڕا دەست دەینە بێڵ و پاچ
کوێرە بیرەکان بە جارێک
پڕ کەینەوە
کۆشکە داڕووشاوەکانی
شارەکەمان
بڕمێنین و لە نوێ دروستی کەینەوە.

**١٩٧٠/٤/٨ بەغدا**

**لەپێناو خۆرێکی تەنکدا**

من و مانگ و ئەستێرەکان
کەوتووینە دوای
ئەو ئاسۆیەی خۆری خنکاند،
ئەو ئاسۆیەی چنگ لەسەرشان
ڕاومان دەنێت
ڕاوی دەنێین!
ئەو ئاسۆیەی لەوساوەی هەم
هەر وەهایە
هەنگاوێک بەملاوە نایە
ئەی ئاسۆی خۆڵەمێشینی
سەر گلێنەی چاوی پڕ خەم
ئەو خۆرە ژێردەستەش بخۆ
بۆ هەر کوێ چووم و هەر چیم گوت
وەکو ئەڵقە دەورەی لەشم دە و بمخەرە ناو
تاکو بۆنسۆ
لە بەفری چلەی زستانا
بتوێتەوە
با نەمێنێت لە نێوان مان و نەمانا
من ئاگری گڕ و کڵپەدارم دەوێ
خۆری تەنک و هێمنم دەوێ
سا وەکو کۆت لە ملما بە
تا ژەنگ دەگریت و دەڕزێیت
ئەوسا پڕ بە پێ ڕادەکەم
بۆ ئەو شوێنەی خۆم دەمەوێ.

**١٩٧٠/٤/١٤ بەغدا**

**داستانی فریشتەیەک**

فریشتەیەکی سەرتاپا لە خوێن
بە ناخی جەرگی شەوی مەییوا
هەر دێت و دەڕوا
نووکی شاباڵە ئاگرینەکانی
بۆ لێوی وشەی
شەفەقی گەشی ڕەنگ ئەرخەوانی
کردووەتە هەوێن.
هەنگاوەکانی
کەوتوونە پێشی و دەڕۆن بێ سنوور
شەختەی ڕزیوی ڕێگەی شاری دوور
ڕێگەی سەرەوژوور
بە پێ دەشێلێت
خۆری تۆزاوی دەکاتە بۆمبای
وشەی باوەڕ
لە بنتە مەڵێ ڕەشەبای خەست
ئاگری دەدا
دێوودرنجی کەڵەکەکراوی
ناو گۆڕی پیسی مینا ژەنگاوی
دەورەیان داوە

تا هەڵی لووشن هەتا شەو ماوە
کابرا کوێرەکەی بەر دەرگای مزگەوت
ئەو ڕێچکە خزەی پێ نیشان دەدا
کە وشەکانی زەردەشتی لێ کەوت
بەڵام فریشتەی
گۆشەکراوی شۆڕشگێڕێتی
بتی کرمۆڵی ژەنگ لەبەر کردووی
کۆنە پەرستگەی باپیرەی مردووی
چاو هەڵدەکۆڵێت
تاکو ئەو شەوقە دروستکراوە
دەربهێنێ
کە لەناو چاوانیا خۆی مەڵاس داوە
داخی کوشتنی کۆرپەکەی مەزدەی
پێ دەربهێنێت
شوورەی ناسۆری شەو بسووتێنێ
بت و بتخانە دابڕووخێنێ
چونکە بە تەنیا هەر خوایەک هەیە
بڕوایەک هەیە
فریشتەی بەخت و بەخشندە
بەڵێنی داوە
ئەو ڕێگەوبانە بپێچێتەوە
ئەوساکە بەرەو ئاسمانەکەی خۆی
بگەڕێتەوە
داستانەکەشی لە لاڕێگەدا
سەوز دەبێتەوە
هەرچی منالێک شەوی لێ داهات

لەبەر خۆیەوە دەیخوێنێتەوە
دەڵێ جاران
جارانی زوو
هەزاران ساڵ بەر لە مێژوو
پێغەمبەرێک هەبوو دەیگوت
ئەو خواوەندەی دروستت کرد
ئەگەر هات و مرد
بیکە بە پرد.

**١٩٧٠/٨/٣ بەغدا**

**گەشتێک بە لێواری تینووی مەرگدا**

بە ئاو لەسەر گڕەی هاوین
نووسیم من هەم
هەزار من هەم لەودیو سنووری دوێنێوە
بە چەشنی تەم
ڕەش و ئاڵۆز وەک خەونبینین
تێکەڵ بە تۆزی پێکەنین
با هاوردی
بە دەنگێکی لینجی تاریک
یەک لەدوای یەک
پێیان گوتم وا تۆش مردی
دەماری ناو لەشم هەموو
لێوی بۆ ژیان زۆر تینوو
لەجیاتی خوێن
پڕ زووخاوی مەرگی ڕەش بوو
ئای بۆ گوللەیەک بۆ سینەم
گشت خوێنی ڕەشهەڵگەڕاوی
ڕەگوڕیشەی داڕزاوی
جەرگ و دڵم لە ناخەوە
هەڵتەکێنێت
تا قوڕ و لیتاوەکانی
کوندرە ڕووخاوەکانی
پێرێ و دوێنێ
بە ئاودامانی لەشمەوە بسووتێنێت
ئەوسا بچمە ناو دنیایەکی تازەوە

بێ کۆت و زنجیری زێڕین
بێ پشکۆی ئەشکەوتی برین
بێ فرمێسکی قەتیسماوی
چاوی گرین
لەگەڵ گرمەگرمی هەورا
لەگەڵ گەردەلوول و بادا
لەگەڵ شنەی
پڕ لە ورشەی
ئاوازی ناخی دەروونما
لەگەڵ ملوانەکەی پێچپێچی
خواروخێچی
سەر سینەی سەوزی چیادا
لەگەڵ شەپۆلی گزنگی
وەک ئاورنگی
سەر ڕوومەتی گوڵ و گیادا
بێم و بچم
دنیایەک پڕ لە جوانی بێت
دنیایەک پڕ گۆرانی بێت
بۆ هەر کوێ چووم و هەر چیم گوت
کەس نەبێت چاوی مۆڕی بت
وەک ژیلەمۆی ناو خۆڵەمێشی نیوەشەو
بە باوەشێنی تاوانی
پیرێژنی چاو پڕ لە جادوو
زەق کاتەوە و بمتۆقێنێت.

**١٩٧١/١/١ بەغدا**

**بۆ ئافرەتێکی ڕووخاو**

وەرە ژوورەوە لەگەڵما
دەرگاکەم خڕ لەسەر داخە
با بە تەنیا
با بە تەنیا هەر بۆ من بێت.
جێگەکەت هەر بۆ من ڕاخە.
چ ئازارێکم تیا ماوە
هەموویم لە گیان دەربێنە.
بە گوشینێک
تۆڵەی تینوێتیی تەمەنم لێ بسێنە.
بە مژینێک
دەزانم تۆش هەر وەکو من
پەروەردەی مەمکی گرینی
تۆش فرمێسکی
تۆش برینی
تۆش وەکو من
وەکو یەزدان
خۆشیی بێهوودە دەفرۆشی
بە لەتێ نان

ژانی درەخت دەچێژی
خۆشی لە توێی
نوێنی شەوا دەنێژی
تۆ دایەنی گشت شەوێکی
تۆ دڵداری هەموو بێ خۆشەویستێکی
تۆ بۆ شەوی سووری هەموو
ڕێبوارێکی ئەم شەوگارە
مێزی ڕازاوەیت و پێکی
خۆزگە بارانێک بوومایە
بڕژابوومایە بەسەر تۆدا
بڕژابوومایە بەسەر ناوتا
بەسەر قژی ئاڵۆزاوتا
بەسەر پێتا
بەسەر ئازاری ناو جێتا
بەسەر دەست و دەموچاوتا
بەسەر دامێنی سووتاوتا.
خۆزگە کراسێ بوومایە
گاز و نوقورچی ئەم شارەم
لەسەر لەشت نەهێشتابوایە
خۆزگە هەزار و یەک خۆزگە
تاکە کڵپەیەک بوومایە
بۆ سووتانی هەموو گوناهێکی لەشت
بۆ داگیرساندنی مۆمی
پاشماوەی تەمەنی ڕەشت.

**١٩٧١/٢/٧ بەغدا**

**یاخیبوونی شیعرێکی نەفرەتلێکراو**

ناودارەکانی شارەکەم
زیندانەوانانی دڵی دڵدارەکەم
لە داخ ئێوە
ڕۆژی هەزار
وشەی ئازار
لەناو دڵما دادەکوترێت
ڕۆژی هەزار
جووتە دڵدار
لە چوارمێخەی دەروونی سووری من دەدرێت
ڕۆژی هەزار
چاوی بێدار
بە نینۆکی کڕنووشبردن کوێر دەکرێت
ڕاوکەری ناو گۆمی لێخن
هەموو ڕۆژێ هەزار باڵدار
لە بەهاری گیانی منا دەخنکێنێ
شەمشەمەکوێرەکەی دوێنێ
ڕۆژی هەزار
پەپوولەی ئاواتی شیرین
دەتارێنێ
هەموو ڕۆژێک داری ئازار
سەد گۆپکەی خەمم بۆ دەگرێت

لە ڕۆژێکدا هەزاران جار
شیعرەکانم لە بەیاری بێدەنگییا
گۆڕ دەکرێت
کەی بێ باران
بارانێکی ڕاستەقینە
بەر لە ئاسمانی شین بگرێ.

**١٩٧١/٥/١٦ بەغدا**

### ژیان لەگەڵ گیڤارادا

لەگەڵتا دەژیین
لەگەڵتا ڕێگەی هات و نەهات دەگرین
لەگەڵتا شەوی پایزان دەبڕین
لەگەڵتا مەمکی ئازار دەمژین
لەگەڵتا بەدڵ فرمێسک دەڕێژین
لەگەڵتا دەژیین
لەگەڵتا چاوی پڕ لە دلْداری
دەبڕینە چاوی کچی خۆری سوور
لەگەڵتا لێوی تینووی بەختیاری
دەنێینە کانیی بەهارێکی دوور
لەگەڵتا شەوی بارانی ڕەش و بریسکەی ناسۆر
بە ڕێچکەی خزا
بەو شوێن پێیەدا کە خوێنی تێ زا
دەڕۆین بەرەو خۆر
لە چاوەکانتا
هەموو ئەستێرەی ئاواتی مرۆڤ
یەک یەک دەژمێرین
برۆ بە تەنیا
ئەوا سێبەری ئاوریشمینی مەرگێکی شیرین

بەرەو ڕوومان دێ
ئێمە ڕاهاتووی شاری بێ دڵان
ئێمە تەزیوی بەر بەفر و باران
بارانی درۆ
کەی کوا دەتوانین بگەینە لای تۆ
کەی کوا دەتوانین
جەرگی ئەم شەوە خەستەی سەر دڵمان
بە دڵۆپێک خوێن دابگیرسێنین
چونکە فریشتەی شۆڕشی خوێنین
لە گۆرانیی سەر زمانی لاڵمان
لە فرمێسکی سووری گریانی تاڵمان
شتێک تێناگات.

**١٩٧١/١١/٢٣ بەغدا**

**شەو و ئەستێرە ژماردن**

کاتێک کۆرپەی بەختیاریی دڵ
لە کەناری دەریای ژینا
یاری دەکات
شەپۆلی بێئامانی خەم
شاڵاوی ڕەشی بۆ دێنێ
کاتێک بیری شیعرخواینم
لە نیوەشەوان بە دواوە
بۆ دوو چاوی وشەیەکی
وەک چاوی تۆ دەگەڕێت
یاساوڵەکانی بەربەیان
دەرگای خۆری لێ دادەخەن
لەو کاتەدا
تەنیا هەر یادگاریی تۆیە
دڵم پشتی پێوە دەدات
تەنیا تیشکی شەوانی دوێنێ و پێرێیە
دڵەکەم هانای بۆ دەبات
شیعرەکانی ئەمشەویشم
لە ئاسمانی بەخشندەی باوەشی تۆدا
ملیۆنەها مانگ و ئەستێرەی ڕەنگینم
بۆ دەژمێرێت
یەک دنیایەک ئاگری ئارەزووی دڵی
پڕ مووچڕکەم بۆ دەنێرێت

دوێنێ و پێرێ
کێ دەزانێت بزەی سەر لێوەکانی تۆ
کەفوکوڵی هەزار بەهارەی خنکاوی
ئارەزووی من
چۆن تێکەڵی یەکتر دەبوون
لافاوی ڕووبارە وشککردووەکانی تەمەنم،
چۆن لەگەڵ نەرمەگیای لەشی
هەرگیز وشکنەبووی تۆدا
تێک هەڵدەچوون
تێنوویێتی خەمی تەمەنم
چۆن تێکەڵی پێکە هەمیشە پڕەکەی
لێو و مەم و باڵات دەبوون
وەک باران و زەویی پاییز
تێکەڵ دەبوون
هەزارەها درەختی سوور
پاش وشکبوونەوە دیسان
لکوپۆپیان دەکردەوە
لەناو کڵۆبەفری زستانی ساردەوە
سەوز دەبوون
سەرلەنوێ تێهەڵدەچوونەوە
لە تەنووری داخراوی دەروونما
هەرچی هەبوو لە تۆ دەچوون
کچی خەیاڵە گەرمەکانم
هەرچی سۆزی جیهان هەیە
چی ئاگری نەورۆزی کوردستان هەیە
وا لە لای تۆن

چی پێکەنین و ژان هەیە
هەرچی نهێنییەکی ناو
تەلیسمبەندی ئەمڕۆکەی جیهان هەیە
چی ئارەقەی ماندووبوون و کانیاوی کوێستان هەیە
لە دنیادا
چی شیرینی و تاڵییەکی ژیان هەیە
وا لە لای تۆن
بۆیە منیش دەمەوێت ببمە مەلێکی بێباڵی ناو
دارستانی دامێنی کەژ و کێوی تۆ.

**١٩٧٢/٢/١١ بەغدا**

**نامەیەک بۆ ئەوبەری دەریا**

خۆشەویستە دێرین و دێرینەکەم
پشکۆی گەشی برین و برینەکەم
من کانییەکی لەسەر پێم
بە ئاگری لێوەکانی تۆ دەتەقێم
خەمی چاوانی هەڵاتووم
وەک گەواڵەیەکی تیزاب
بەسەر هیوای قەتیسماوی چاوی ژانا
دەبارێنم
بەناو دڵی کپی شەوا
بەناو نوێنی بێخرپەی چاوی خەوا
ئاگری شۆڕش دەڕێژم
بەسەر دڵی نەتەقیوی
تەمەنی مەرگی تووڕەما
وا بۆ لای تۆ گوزەر دەکەم
تۆش سینە سەوزەکەی خۆتم
لە بەردەما بۆ بکەرەوە
بۆ کۆشی خۆتم بەرە
تاکو منیش بە جامی مەرگی سوورەوە
بۆ ناخی دیوی ئەودیوی
نەتەزیوی
دڵەکەت بێمە ژوورەوە.

**١٩٧٢/٤/٤ بەغدا**

**سووڕانەوەی گشت شتەکان**

ئەگەر جۆگەکان
لە شەوی خۆشەویستییا
بە ڕووتی تێکەڵ بە لەشی یەکتر نەبن
ڕووبار نابێت
ئەگەر ڕووبارەکانیش خەمی
دڵیان بۆ یەکتری هەڵنەڕێژن
نەڕۆنە ناو نوێنی شینباوی دەریاوە
دەریا چۆڵ و وشک دەمێنێت
ئەگەر دەریاش وەک پەپوولە
باڵ نەگرێت
پۆل پۆل بەرەو ئاسمان نەڕوات
هەور دەستی ناگاتە مەمکی چیاکان
ئەگەر هەوریش حەز
لە شەقاری لەشی وشکی زەوی نەکات
باران نابێت
کانی و جۆگە و ڕووبار نابێت
دەریا نابێت

بازووی هەموو دەریاکانی ئەم جیهانە
ناتوانێت ئاو لە لەشی جۆگەلەیەک یا
کانییەک جیا بکاتەوە
بەڵام کاتێک جۆگەلەیەک
ڕێگەی دەریا دەگرێتەبەر
ناوی خۆی بیر دەچێتەوە.

**١٩٧٣/٦/٣ بەغدا**

**تێکهەڵکێشراوەکان**

ڕەشەبا لەناو ڕیخۆڵەی هەزار مێردی مێشکی منا
ڕاوی ترسنۆکێک دەنێت
دەرگای ئەشکەوتەکانیشم لێ داخراوە
دیوارەکان لینجن وەکو
ئەو مردووەی نەنێژراوە
هەر هەنگاوێک کە پێم دەینێت
هەزار لاشەی بێگۆڕم لێ هەڵدەسێنێتە سەرپێ
دەست درێژ دەکەم دەستی خۆی
وەکو بزمار دەچەقێتە ناوچەوانم
دارتێلەکان لەسەر سنگم چۆپی دەکەن
ئەمشەو شەوی زەماوەندە و چاوەکانم
شالاو بۆ بنمیچەی خەونی هەزار ساڵەی
لەشم دەبەن
دەنگی شەبەق لە گوێما دەزرنگێتەوە
هەرچەند دەکەم لێی تێناگەم
فەرمانڕەوای گەورەی شارە
خوێنی شاعیرێکی دەوێ
لە مۆزەخانەی گشتیدا شمشێرەکەی
ژان دارکی لێیان دزیوە
ڕەشپۆشەکان سەر پردەکانیان تەنیوە
دەڵێن کێ مەلە دەزانێت

با بەناو ئاوی لێخنی ڕووباردا بپەڕێتەوە
لەوبەرەوە
نان و ئاو و خۆشیی ژیانیان پێ دەبەخشێت
کاسە سەرە ونبووەکەم
باڵندەکان هێلکەیەکیان تیا کردبوو
هەزار ساڵ بوو چاوەڕوان بووم هەڵی بێنن
تا بەبێ سەر نەگەڕێمەوە بۆ ناو شار
کە هاتمەوە یاساوڵەکان
دیسان شاربەدەریان کردم
چونکە یاسا ڕێگە نادات
هێلکە لەناو کەللەسەرا هەڵگیردرێ
بەڕێوە بووم
شەمشەمەکوێرەیەک هات و دەمی خستە مێشکمەوە
شوێنپێکانم هەر وەکو قیر
دەنووسان بە ژێرپێمەوە
تا دەهاتم لە خۆم دوورتر دەکەوتمەوە
تا ئێستاکەش هەر هەنگاوێک کە من دەینێم
لە خۆم دوورم دەخاتەوە
بەرەو ناو ئەشکەوتەکانی چیای شەوم دەباتەوە
تا ئێستاکەش هەردوو دەستم درێژ دەکەم
تا لەوسەری کۆتاییەکانی دنیاوە بە یەکتری دەگەنەوە
بەڵام هەر هەنگاوێک دەینێم
لە بەرزایی هەزار ساڵە ڕێوە
بەرم دەدەنەوە.

**١٩٧٣/٧/٨ بەغدا**

# بەشی سێیەم

**کۆچێکی بێسەروشوێن**

گەڵایەکی غەمباری دەم
ڕووباری بەفراوی مەرگی
دەڕۆیت و ناگەڕێیتەوە
لە بیابانێکی وشکوبرینگی ناولەپی شەوا
کەس ناناسیت و کەس ناتناسێ و بیرم دەکەی
بیرم دەکەیت و بیرت دەکەم و هەر شەوەی
لە قوژبنێکی تاریکی
مەیخانەیەکی بەغدا
دەخۆمەوە و باست دەکەم
باست دەکەم و دەگریم و دەخۆمەوە
تا لە بیرم دەچێتەوە.
لەناو بەفرا
لەبەر زریانی هەناسەی ساردما دانیشە و مەڕۆ
لەبەر هەتاوی هاوینا
لەناو گڕی گریانما دانیشە و مەڕۆ
تۆ ئەستێرەیەکی کزی
دەست بۆ خۆری
وەڵامی گشت پرسیارەکان درێژ مەکە

ڕێگە خزە
ئەگەر دەشڕۆی جێم مەهێڵە
نێرگزێکم،
دەتوانی بمدەی لە یەخەی
بە ئاوی خۆر نەشۆراوت.
ئەسپەکەت شارەزا نییە
توێشەبەرەم و بمبەستە پشتی خۆت و جێم مەهێڵە
بمبە لەگەڵ خۆتا بمبە
بۆ شەو و تاریکیی ڕێگەت
چرام و هاودەمی ڕێگەم
جێم مەهێڵە،
غخەم و مەیخانەکان و خۆر
بەجێ دێڵم!
بمکە بازیبەند و بمکە قۆڵی خۆتەوە و جێم مەهێڵە
دەڕۆم و دەگەڕێمەوە.
هێشتا دەریا
ناتوانێ سەر بەرەو لووتکەکان هەڵگرێت
ناتوانێ دوای
پەڵەهەورێکی پەرەوازە بکەوێت
دەڕۆم لەگەڵ هەورا دەڕۆم
لەگەڵ بارانا دێمەوە.
دەڕۆم لەگەڵ غەما دەڕۆم
لەگەڵ گریانا دێمەوە.
گشت هاتنێک ڕۆیشتنەوەیەکی بەدوایە
دەڕۆم لەگەڵ خۆرا دەڕۆم
خۆر جێگەی بەرزە

تۆ هێشتا مەلێکی بەرزەفڕ نییت
دەترسم ڕەهێڵەی خەم
ئەم بەهارە
پەڕوباڵت تەڕ بکا و پەکت بخا و نەتبینمەوە
جێم مەهێڵە،
خۆشەویستم ڕووبارێکی بەهارەیە
دڵیشم دەکەمە پاپۆڕ
بۆ لووتکەی کام چیات دەوێ
سەرت دەخەم
جێم مەهێڵە،
دڵمت بۆ دەکەمە چەتری
خوێنینی مەمکی شەوگار
لە دابارینی ئەستێرە و سەرمای شەوانی سایەقە
دەتپارێزم جێم مەهێڵە
جێم مەهێڵە،
بارانم و بۆ هەر کوێ بڕۆیت
دەتوانم لێوی غەریبی و نوێنی تەنیاییت بۆ ئاوڕشێن کەم
جێم مەهێڵە،
دەڕۆم و ناگەڕێمەوە
خەمی خۆت بگرە باوەش
بیلاوێنەوە و بیمژە و خۆشت بوێ
خۆشم دەوێ
من خەمی خۆمم خۆش دەوێ
خەم میوانی ئازیزی شەوی پایزە
بە درێژایی گشت شەوەکان
بۆم دەڵێت و بۆی دەڵێم

خەوم نایە و خەوی نایەت
خەم دۆستی شەوە و دڵدارمە
تا بەیانی سەری دەکاتە سەر دڵم
بە ڕووتی لەگەڵما دەنوێ
خۆشم دەوێ
من خەمی خۆمم
خۆش دەوێ.

**١٩٧٥/١١/١١ بەغدا**

**چرۆی بەفر**

هۆ لەیلێ لەیلێ لەیلەکەم
تاکە جارێک پێت گەیشتم
نەتهێشت خەمی پەرێزەکانت گوڵچین کەم
نەتهێشت بارانی ئارەزووم
تاوێک بە ئاودرە نەرمەکانی لەشتا
شۆڕبێتەوە
لکەکانی مانگ و ئەستێرەت بۆ بگرن
لە لێواری وەرزی زاییني گولێلکی کانیاوێکا
ماسی هەموو
گرستانەکانمت لە کۆشی وشکتا
خەو لێ خست
سەرمت خستە سەر تاشەی بەردەکەی سیزیف و بەجێت هێشتم
جێم دەهێڵی و خەم دەبینم
تا بەفر و سەوزەگیا لەسەر
لەشم شین نەبێت هەڵناستم
خەو دەبینم تا ئەستێرەی خەونەکانم
لە پێڵووما گوڵ دەکات
چلوورەی سوورت بۆ دەگرێ

ئەوسا دەبم بە مەزاری پەیمانی پیرۆز و پیران
کیژۆڵەکان دێنە سەرم
مراز دەگرنەوە و منیش
لە باڵاکەت نامراد بووم
لەیلە بێنازەکەم لەیلێ
ئەوەن خەونم بینی تاکو
هەردووک بووینە دوو ئەستێرە
هەژارەکان
هەموو ساڵێک لەو شەوەدا
تا بەیانی
چاوەڕوانی
لەیەکدانی
ئێمە دەکەن
ئێمەش دوو قۆڵی درەختی ئەستێرەکانین
بەیەک ناگەین
شەو و ڕۆژین
بەدوای یەکا دەخولێینەوە
بە یەک ناگەین و نامرین
ئەستێرە چاوخومارەکەی
ناو کۆشی ئەسپی ئارەزووی
خۆت دەزانی!
هەر کەسێ مەرگی ئاگری
لەناو دڵا هەڵگرتبێت
خەوی نایات و ناخەوێت
خۆت دەزانی ماسیی گریانم تا وەکو
ترسی وشکبوونی خاسەی لە دڵا بێت

له داکردنی فرمێسکی خۆی ناکەوێ
یەخەی کانیی
ناو مەمانی
کچۆڵەی خەم بەرنادات و داناکەوێ
خۆت دەزانی.
گەواڵەی پەڵەهەورێکی
پایزانە نیم تا وەکو
دابکەم و بڕۆم و نەگەڕێمەوە.

**١٩٧٦/٣/٢٨ بەغدا**

**پڕۆمیسیۆس سەیری ئاسمان ناکات**

لەناو خەمی هێشتا کاڵی ئەم وەرزەدا
دادەنیشم
چاوم لێیە
چۆن دەکرێمە ناڵی سووری
ئەم شەوگارە
دەنرێم بە پێڵاوەکانی هۆلاکۆوە
هیچ دەنگ ناکەم
لەناو وشەی
سەرەتای گشت وشەکانا
سەر دەخەمە سەر ئەژنۆم
سەیری هیچ لایەکم ناکەم
شەو دێ و دەڕوات
ڕۆژ بە دوایا.
خەو دێ و دەڕوا
خەم بە دوایا.
دێت و ئیتر ناڕواتەوە
سەرم بە دوای خەونەکانیا
دەڕوات و ناگەڕێتەوە
دەستی ڕاستم
بە دوای سەرما دەنێرم
ناگەڕێتەوە.

چاوەڕێم
گڕی ئارەزووی بیابان
یاری بە لەشی خاوم دەکات
هیچ دەنگ ناکەم
بێدەنگ مەبە.
لەم شەوە ڕەشەدا سوارێک
ڕەشپۆش و ڕەش
بە ئەسپێکی ڕەشەوە تاوت بۆ دەهێنێت
بێدەنگ مەبە.
ئەگەر بێدەنگ بیت
شار چۆڵ دەبێت و خۆڵی مردنی بەسەردا دەڕژێت
ئاو ناگاتە ئاسیاوەکان
ئاو ناگاتە لێوی وشکی نازدارەکان
بێدەنگ مەبە.

**١٩٧٦/٤/٢١ بەغدا**

**گشت شتەکان بسڕەرەوە**

کچۆڵەی زریانت دیوە
چۆن سوخمە و ژێرکراسەکەی
لەسەر بەفر هەڵدەخات و خۆی دەکوژێت
کاروان مەکە
کاروان مەرگە و مانەوەشت دیسان مەرگە
کاروان مەکە
زەردووی دارستان خوێنەکەت دەفەوتێنێت
لە جێگەکەی خۆتا کپ بە
تا ئەم خولەش تەواو دەبێت
ئەوساکە دەگەڕێینەوە
دەگەڕێینەوە و مناڵی
لە پەڵەیەکی ڕووناکا هەڵدەگرین
گەورەی دەکەین
تا دەبێتە دەریایەک لە گلێنەدا
یا دەبێتە خاڵێک لەناوکی لەزەت.
کاروان مەکە، چونکە مانگ ئا لەم شەوەدا
خۆی لەسەر درەختی خەمی پەمەیی ڕووت دەکاتەوە
ئەوسا ئێمەش بڕیار دەدەین
بمرین

یاخۆ نەمرین
گشت شتەکان بسڕەرەوە
ئەوسا سەیری خۆت کە بوویتە بە گشت شتێک
تێکەڵی ئاورنگی خەونی بەیانیان دەبیت و دەریا شەق دەبات
دەنگی دڵدارەکەتت بەرگوێ دەکەوێت
لە بازاڕی کۆیلەفرۆشانەوە بانگت لێ دەکا
کاروان مەکە
کاروان مەکە
دەسا ئەی بەنەوشەی سەرسام
با پیس نەبیت بگەڕێرەوە ناو دڵی سەهۆڵبەندان
چونکە گەرما گیان و لەشت بۆگەن دەکا
لە بیریشت نەچێت زەوی خولێکی تریشی ماوە
خەم کۆترێکە گشت ڕۆژێک سێ جار
بە خوێنی بەفرەکە خۆی دەشوات و بەفرەکەش ناتوێتەوە.

**١٩٧٦/٦/٦ بەغدا**

## گریان ئاورینگی بەیانە

ئەوە دەستم.
ئاوەڕۆی فرمێسکەکانتی تیا هەڵدڕە
تا بەر نەگرێت بەری مەدە.
ئەوە چاوم.
بیکە مەیخانەی شەوانەی
گشت ماسییە تینووەکانی
ڕووبارێکی دوورەوڵات و مەگری.
ئەوە دڵم!
نوێنی گشت دەریاکانی تیا ڕابخە
بیکە ئاتەشگەدەی خەمی
گشت پیرەکان و مەگری.
چاوت لێیە
ئەم ڕێگەیە یەک لاییە
کە دەڕۆیت بەجێی دەهێڵی
ئیتر هەرگیز ناتوانی پیایا بێیتەوە
چاوت لێیە ئەگەر ڕاوەستی
باڵندەیەکیت وەرزەکان
بە تەکتا گوزەر دەکەن و بەجێت دێڵن
مەگری گریان پەپوولەیەکی ناوەختە
هەناسەی شەوێکی زستان
دەیبات و کەس نایناسێتەوە

مەگری گریان
تریفەی مانگە شەوی سارد
دڵتەنگ دەکات و بە تاریکی دادەنیشیت
مەگری گریان گەواڵەیەکی پایزە
لاشەی غەریبیت دەشوات و بێدەنگت دەکا
وەرە با من
شوانکارەی خەمەکانت بم.
وەرە با من مەلێکی بێلانە و تاکی
هەوارگەی سینەی جوانت بم.
من باڵندەم و ماسی نیم
مرواری و گەوهەرم ناوێ
ئەشقی ئەستێرەکانتم
ئەوە لێوم!
نەمامی هەموو ماچەکانتی
تیا بڕوێنە و تا بەر نەگرێت بەری مەدە.
بەڵام مەگری
دەگریت و گریانی گەرمت تێکەڵ بە کەف و بە خوڕەی
تاڤگەی شیعرە ژانگگرتووەکانی من دەبێت
هیچ کەسێک
نایبیستێت و لێی تێناگا
بەسە مەگری
کەس لە گریانی کەس ناگا.

**١٩٧٦/٨/٨ بەغدا**

## شەوێك لە شەوانی سیمرخ
## دەربارەی کۆشیعری شەوێك لە شەوانی سیمرخ

تا زمانی کوردی لە جەنگی نووسیندا بێ و کورد داهێنانی خۆی بناسێت، چامەی: (شەوێک لە شەوانی سیمرخ) لە هەقیقەتی زمان و داهێنانمان بەئاگا دەهێنێتەوە.

خودا هەندێک هێزی نهێنی و تایبەتی خۆی هەیە، دەیبەخشێتە مرۆڤی داهێنەر بۆ دۆزینەوەی بەها ونبووەکانی مردن و ژیان و ئاسۆ و دووریی بیر و بیرکردنەوە و بە (کرۆکیجوانی- ئێستێتیکا)دا شۆڕ بوونەوە، ئێستێتیکا کۆمەکمان دەکات بۆ وردبوونەوە و قووڵبوونەوە لە زمان و ڕایەڵ و تانوپۆکانی دەق. تشرینی یەکەمی ١٩٧٧ بەشی یەکەمی چامەی: (شەوێک لە شەوانی سیمرخ) لە گۆڤاری بەیان، ژمارە (٤٤)دا بڵاو کرایەوە. ناوبانگێکی نموونەیی و درەوشاوەی بۆ (سەلاح شوان) پەیدا کرد. بەوەی فۆرم و شێواز و زمانێکی هەستی لە خاڵ و هێڵی شیعری کوردیدا گەشە پێ دا، بوو بە شوێنی بایەخی هەموو خوێنەرێکی بێدەنگ، ئەو خوێنەرەی لە بوونگۆڕینی دەقدا پەیدا دەبن. هاووێنە و جێگۆڕکێکردن لەگەڵ ئەفسانەدا، یان ئەفسانە هێنانە ناو هەقیقەتی ناوەوەی شاعیر، یان ئاڕاستەکردنی شاعیر بۆ

مەودای ئەفسانە. لەم جێگۆڕکێکردنەدا شاعیر و ئەفسانە ئاڕاستەی یەکتری وەردەگرن و دوانەیەکی بەیەک گەیشتوون و هەقیقەتی هێزی بزواندنن.

ئەم دەقە، گفتوگۆیەکی ناوەکیی نێوان شاعیر و هەستەکانیەتی لەپێناو دۆزینەوەی قەوارەی زەینی ئازاد و ڕامانی سەرەکیدا. دوورە لە لێڵیی ناپێویست، ڕوخسار و ناخی تا دواخاڵی بینین ڕۆشنە، ئازادییەکی تەواوی بەدەست هێناوە. ئازادیی زمان و نووسین، شاعیر خۆی قسە دەکات و خۆی کەسەکانە و قسەیان پێ دەکات و مەوداکان دەگوازێتەوە. باس لە تەنیایی مرۆڤ و گەڕانەوەی بۆ خودی خۆی و خۆپاراستن لەناو خودی بێزیانی خۆی دەکات، وای لێ دەکات بڕوا بە خودی خۆی و هێزە سەرەکییەکانی زەین بکات. دەقێکی مۆنۆدرامییە، تاکی. واتە: کەسی یەکەم: هەقیقەتی بوونە ڕاستەقینەکەیەتی، کەسی دووەم: ڕاستەقینە نییە، یان بوونی کەسی دووەم: لە ئاسۆی چاوەڕوانیدا هەڵسوکەوت دەکات، بە هۆی تیشکدانەوەی وێنەکانەوە قەوارەی بوونەکەی دەستنیشان دەکرێت. شێوازی مۆنۆدرامی تەنیا تەکنیکێکی شیعری نییە، بگرە هۆ و ئامانج و ڕۆشناییەکە لە ڕێگەیەوە بە قووڵی بەدوای دۆخ و دۆزینەوەی دەنگی ویژدانی تاک. واتە: کەسی یەکەم بکەوێت.

ئەفسانە وەک دەربڕینێکی کولتووری، یان ئەستێرەی ئەدەبی. فەنتازیا جۆرە ئاسۆ و سەرچاوەیەکە بۆ باشترکردنی جیهان، لە سەرەتای بووندا بۆ ئەوە بەکار هێنراوە، تا لە ڕێگەیەوە بە هەقیقەت بگەن و پێچەوانەی هەقیقەت هەڵسوکەوت نەکەن، هۆیەکانی بەهەقیقەتگەیشتنیش بزانن و سەرچاوەکانی بناسن. دواتر ئەفسانە چۆن پەیوەندیی بە

ڕاســتەقینەوە هەیە، یــان ڕاســتەقینە چــۆن پەیوەنــدی لەگەڵ ئەفســانەدا دروســت دەکات. لە ئاسـۆ و سـەرچاوەکەدا چ ڕوو دەدات. مـرۆڤ چـۆن وێنـای ئاسـۆ و سـەرچاوە و ڕووداوەکە دەکات، لە هەمـان کردەشـدا زمـان چـاوەڕوانی خەیـاڵ دەکات، خەیـاڵێکی داهێـنەر، جـوان بەکـاری بهێنێـت. بەهـا و بنەمـای ئەفسانەی کۆن و نوێی لەناو هەقیقەتە تاکییەکەدا، یان ئاسۆی چـاوەڕوانیی ژیانــدووەتەوە. ســووڕی بەردەوامبــوون ئەو گرنگیـدانەی لای شـاعیر بە پێویسـت زانیـوە. لەم گرنگیـدانەدا سـەرنج دەبێـتە تێڕامــان. دوو بنەمــای ســەرەکیی شــیعری مۆنۆدرامی لەم ئەزموونەدا پەخش کراون، ئەوانیش (وێنە) و (ئاڕاسـتەکردن)ن. لە کـۆی ناوەنـد و خـاڵی دەقەکەدا، ئەم دوو بنەمایە بە شێوەی بازنەیی دووبارە دەبنەوە و لە گەشـەکردندا ئاســتێکی هەســتی پەروەردە دەکەن، هێــزی نهێنیــی دەق خەسـڵەت بە ئاسـت و چـۆنیەتیی پەروەردەکـردنەکە دەدات، گۆڕینەوەی پەیوەندیی نێوان هێما و هێماپێکراو لەسـەر ئاسـتی مانـادا لێـک نزیـک دەبـنەوە، لەسـەر ئاسـتی زمـانیش دوور دەکەونەوە. لەم دوو ئاڕاستەیەدا تیشکی شـیعرییەت لە بنیاد و شێواز و ترپە و ئـاوازدا زیـاد دەکات. لە دەقـی ئەدەبیدا زمـان نیشـانەیەکە لە نیشـانەکانی دۆخگـۆڕین، ڕاسـتەوخۆ کرۆکـی دۆخگۆڕین نییە.

تـا ئەو سنوورەی مـن ئاگـادار بـم، ئەم شـاعیرە لە شـیعری نوێبەخشــی کوردیــدا دەستپێشــخەر و داهێــنەری شــیعری مۆنـۆدرامییە. پێویسـت بـوو، ڕێـگە بەرەو ناوەنـد بگـرێتە بەر، بەڵام لەم شیعرەوە هێڵی کۆتایی کێشا و گەشەی پێ نەدا، یان نەیتـوانی بیکـاتە وەرچەرخـان و دیـاردەیەک، یـان ئەزمـوونێکی کـراوە بەسـەر شـیعری نوێبەخشـی کوردیـدا. لەگەڵ ئەوەشـدا

هەوڵدانێكی كەموێنە بوو بۆ ئازادبوون لە ئایدیۆلۆژیا و بەرهەمهێنانی (كرۆكیجوانی - ئێستێتیكا)ی بێگەرد. بەردەوامبوون لە نووسین و بەرهەمزۆری، مانا و دۆخی داهێنان ناگەیەنێت، بگرە داهێنان خۆی شكۆمەندیی ئەدەبی و دۆخێكی شكۆمەندیی مرۆڤانەیە. خوداوەندەكان لە سروشتی سەرەتایی یەكەمین دروستبوون، ئەفسانەیان بەرهەم هێنا و خاوەنی گرنگی و پیرۆزییە، ئەم دەقە بایەخی زۆری بە ئەفسانە و نهێنیی ئەفسانە داوە و هەستی ئاشكراكردنی تەقاندووەتەوە، پەیوەندیی هەستییشی لە نێوان وێنەكان وەک ناوەند و هاوسەنگییەک ڕاگرتووە. ئەم ناوەندە خەملێوی چەندان قووڵبوونەوەی ئەفسانەیی و هاووێنەیی وەک: سیمرخ، هوما، سەمەندەر، ئاگردز، گیای نەمری، ئەژدیهای حەوتسەر، دەڵەدێوی مەمككێو، ئاوی ڕەش و سپی، ئەشكەوتی پەرییان، سندووقی ئەجندان، پاڵەوانی تەنافباز، ئەسپەڕەشی چوارپەل سپی... تاد، ئەوەی گرنگە لەناو هەموو ئەفسانەكاندا بەدوای مانا و دۆخی ژیان و پێكهاتەكانیدا دەگەڕێت.

ئەفسانە لە فۆرمە چەشناوچەشنەكاندا، ڕاچڵەكانی لە ناخی ژیان و چۆنیەتیی بوون دروست كردووە، بزەیەكی لە ڕوخساری زەوی نەخشاندووە، دیاردەیەكی كولتووریی كۆمەڵگە و چالاكییەكی گشتییە. شتێک نییە، كە بووبێت و تەواو بووبێت. لەم بەردەوامییەدا زمانی هەستی لەناو ئەفسانەوە درێژ دەكاتەوە بۆ گەیشتن بە جاویدانی و بەهێزكردنی ڕۆحی ئەفسانە لە جەستە و دەروونی مرۆڤ و بەرزكردنەوەی بۆ ئاستی خوداوەند و هاووێنەیی مرۆڤ. وەک سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ كولتووری كۆمەڵگە بەكاری دەهێنێت، هەمیشەش لای بەرەو گۆڕانكاری دەكاتەوە، بەردەوامیی

ئەفسانەش پەیوەندیی بە تێگەیشتن و پێویستییەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، وەک هاوئاهەنگیی نێوان بەشەکانی نووسین سوودی لێ وەردەگرێت و بەردەوامی بە سووڕی مانەوەی دەدات.

لە بەکارهێنانی ئەفسانەدا وا دەکات ئەفسانە پەیامی نوێی بەجێ بهێنێت. بەوەی کرۆکیجوانی بە هەموو کەس بگەیەنێت، دابونەریت دەپشکنێت و لێی دەکۆڵێتەوە و مەشقی کرۆکیجوانییان لەسەر دەکات، بەمەش بەرهەمی خۆی دەخاتە سەر هێڵی درێژبوونەوەی ئەفسانەوە. ئەفسانەش پێویستە بە وریاییەکی بەردەوامەوە لێی بڕواندرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

ترپە و ئاوازی هاوتەریب و گونجان لەگەڵ کەرەستەکانی ئاسمان، ئاسمان بە تەواوی بوون و بوونەوەرەکانییەوە، ڕۆڵێکی ئێجگار کاریگەر لەم ئەزموونەدا دەبینن. دەیانهێنێتە دواندن و خاسیەتی مرۆڤیان تێدا پەیدا دەکات و دەیانوروژێنێت. هەوڵ دەدات خاسیەتەکان هاوسەنگ و بەراورد بکات لەگەڵ مرۆڤ و هەقیقەتی تەواوی مرۆڤدا. ئەفسانە لە سەرەتای دروستبوونیەوە بە شێوە و فۆرمی جۆراوجۆرەوە هاتووەتە ناو کۆمەڵگە و کاریگەریی خۆی سەپاندووە، کە سەردەمی نووسین داهات، لە شێوە و فۆرمی جیاوازتردا داڕێژرایەوە، بەڵام لەناو هەموو نووسینەکاندا تایبەتمەندیی خۆی پاراستووە، بە پێکهاتە و ڕەگەزەکانیەوە وەک بوونێکی تەمەندرێژ و کاریگەر دەناسرێتەوە. ڕۆحی ئەفسانە بە شێوەیەکی باش ئاڕاستە کراوە و بە هۆی هێما و خوازەوە وردەکاریی شیاوی دەستەبەر کردووە و ڕازی

زیندووبوونەوە پێشنیاز دەکات و دەیهێنێتە بەر زەین، بەڵام بە تەواوی چەمکی زیندووبوونەوە ناناسین.

ساڵی ٢٠١٢ چیرۆکەکانیم کۆ کردەوە و ئامادەم کرد، لە بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، وەک کۆچیرۆکێک بە ناونیشانی: (ئەستێرە بەرزە) چاپ کرا، کۆی چیرۆکەکان بریتین لە بیستونۆ چیرۆک.

(دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە - ١٩٧٨)، وەک کۆشیعری چاپ کراو، ئەزموونی یەکەمی: (سەلاح شوان)ە. ئەم ئەزموونەش کۆی ئەو شیعرانەن، کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا دوای ئەزموونی یەکەمی بڵاوی کردوونەتەوە. لەو ساتەوەی شیعرەکانیم ناسیوە، وەک شاعیرێکی ڕاستەقینە و پڕ شکۆی داهێنان ناسیومە. بۆ چێژی تایبەتیی خۆم و ئەشقی شیعر ئەوەی پێ دەکردم، هەر شیعرێکی بڵاو دەکردەوە لە کتێبخانەی خۆمدا دەمپاراست و لە نێوانیاندا خوێنەرانە تێیان ڕادەمام بۆ ئەوەی چاودێریی کرۆک و بنەما و کاکڵی مەبەست بکەم و بزانم تا چ ڕادەیەک لە بەرزبوونەوە و داکەوتندا دەیبینم. ئەنجام وەک کتێبێک کۆ بوونەوە.

ئەم داهێنەرە ئێستا لە دەرەوەی نیشتمان دەژی، یان دەربەدەرە. ڕەنگە دوور لە نیشتمانیش، وەک: نالی، حاجی قادری کۆیی، وەفایی... تاد، بە گۆڕغەریبی و پشتگوێخراوی بمرێت، نیشتمان: دەسەڵاتی نەتەوەیی، سادەترین پێداویستییەکانی ژیانی بۆ دابین نەکرد، بەڵام دوای مردنی خەم بۆ گۆڕی پڕ شکۆی داهێنانی دەخوات. شکۆی داهێنان تاکە شتێکە پێویستە دەسەڵاتی نەتەوەیی بیری لێ بکاتەوە. پێویستیشە لەناو شکۆی داهێنان و کەژاوە و ڕێوڕەسمیدا بژین. داهێنەر، ئەگەر لەبەر چەواشەکار و بەدگۆیی لێخنبیرە

ئاماژەکوێر و پاشخاپەرۆکەکان لە نیشتمانی خۆیدا سادەترین پێداویستییەکانی ژیانی بۆ دەستەبەر نەکرێت، جیهان فراوانە، یان باوەشی زڕدایک، ئەگەر گەرمیش نەبێت، هەر باوەشە.

**سەباح ڕەنجدەر**

کانوونی دووەمی ٢٠١٣ هەولێر

**شەوێک لە شەوانی سیمرخ**

ئەمشەو تەنیا هەر من و تۆین
وەرە با باسی ئامێزی شۆخی تەزیوی زریان و
تاڤگەی خەم و
گۆمە بێدەنگەکان بکەین.
وەرە با باسی شەپۆلی خەولێکەوتووی
لەشی جۆگەلەکان بکەین.
سەیرم مەکە
ئەم ئەشکەوتە زۆر تاریکە و نامناسیەوە
سەیرم مەکە
با گڕی ناو دڵیشت بم
نەمتدیوە و ناشمناسیت
کەی سووتوو ئاگای لە گڕی ناو دڵێتی چۆن دەسووتێ!
کەی زەوی ئاگای لە بوڕکان هەیە تا نەتەقێتەوە
گوێم بۆ هەڵخە
ئەمشەو هەر تەنیا من و تۆین
وەرە با باسی هیچ شتێک
بۆ یەکتری نەکەین و بیر
لە هیچ شتێک نەکەینەوە
کەی باڵای تاڤگە و خەمی سارد
لەبەر هاژە و کپیی خۆیان
لە قسەی ئێمە تێدەگەن

ئەم شوورەیە زۆر ئەستوورە
هەردوو دیویشی دۆزەخە
ئیتر بۆچی جێگەگۆڕکێ لەگەڵ کەسی تردا بکەین
ئێمە هەتاو دەمانسووتێنێت و ئەوان
بۆ هەتاو خۆدەسووتێنن
ئەمشەو دنیا لەناو دەستما
هەویرێکی هەڵاتووە
هەرچی چۆنێکی دەشێلم
لەناو تەنووری مێشکمدا
لە نانێکی خەم زیاتری تیا نابێت!
نازانم بیدەم بە دەمی کام ماسیی ئارەزوومەوە
گوێم لێ بگرە
کە تەنیا بم داڵەکانی زیۆسم لێ دەورووژێت
سی و جگەری ئارەزووەکانم دەردێنن
ئەمشەو سێ شەوە بە تەنیام.
بە تەنیام و گوێم لە ترپەی پێی دڵە زیندانییەکەمە
لە ژوورەکەی ئەودیوما
سێ شەوە تاکو بەیانی پیاسە دەکات
دێت و دەچێت
دێت و دەچێت
چاوەڕوانە
ئەگەر ئەمشەو
مانگ بە ڕووتی
بێتە بەردەم پەنجەرەکەی کۆشکی گەردوون
بچێت و ماچێکی بکا و
تاڵێ لە قژە خاوەکەی بهێنێت

چوارپەلی ئەژدیهای بازی
ئەم ڕۆژگارەی پێ ببەستێت
گوێم لێ بگرە
لەشی ئەشقە مەمکخۆرەکەم تا ئێستایش
چرۆی ڕووناکی دەردەکا و
پڕ بە دنیایەک ئەستێرەی ڕەنگاوڕەنگی بۆت گرتووە
گەر بێت و بمناسیتەوە
پڕ کۆشت وردەئەستێرە و
گەرمە تاسەی کچۆڵەکەی شەوانی خەڵوەتم دەکەم
کەی بیستووتە
سیمرخێک پەڕوباڵی خۆی دابێت بە گۆشتخۆرەکان و
لەبەر دەستیان دانیشتبێت
ئەگەر ڕووبار لاشەی شەکەتی خۆی بکات بە خەڵووز و
ڕاوچییەکان بۆ ناو مێرگی گەرمەماچی
کارمامزەکان بەرێت و
خۆی لە خوێنی سپیی چناران هەڵکێشێ
ڕووبار نییە
ئەگەر سیروان بواری کاروانی خەڵووز
بدات و بپەڕێتەوە
سیروان نییە
گوێم لێ بگرە
ئەمشەو دڵەکەم گۆمێکە
دەریایەکە بەسەر لەشی خامۆشی ئەم زەمینەدا ڕاکشاوە و
شەپۆل دەدا
چاوەڕوانی هەڵسانی لافاوی گریانە و نەسرەوتووە
ئەمشەو سەرم گۆمی مەندە

هەر گۆمی مەند دەزانێ چۆن وردەماسی
لەناو لەشیا زاوزێ دەکەن
باوەڕ بە ئاوی خوڕ مەکە
هەر گۆمی مەند دەزانێت چۆن
نازی تاڤگە باڵابەرزەکان بکێشی و
بۆ باوەشی بچکۆلانەی
کانییە چاوکاڵەکانیان بەرێتەوە
ئەمشەو تەنیا هەر من و تۆین
وەرە با باسی شەوانی بەفر و مانگ و دڵداریی خۆمت بۆ بکەم
هەموو شەوێ کە کۆچ دەکەم
تۆ شۆخێکی
بە پاڵتۆیەکی ڕەشەوە
تێکەڵ بە بارانی شەوی گشت شەقامەکانی بەغدا
دەبیت و خۆت
لە شەوقی لایتی زەردی
تاسەکانم دەپارێزیت
کە دەتگەمێ
باران ئیتر دادەکاسێت و دەڕوات و ناتشواتەوە.
تا ڕووبارەکان نەتەزێن
تاوەکو گۆی مەمکەکانت دوو گوڵەبەفرینە نەگرن ناتشواتەوە.
دڵی منیش گرەیەکی ئەشقی ساڵانی تەنیایی خواوەندە لە هاوینا
دەست لەگەڵ پەریی خرپنی
بەفرا تێکەڵ دەکات

ئاوم ئاگرپەرستێکە
لە بیابانا چاتۆڵی خۆی هەڵدەدات
چونکە سیمرخ تا ئاگر گەرمتر سەما
لەسەر پووشی هێلانە وشکەکەی بکا
ئارامتر سەر هەڵدەبڕێت و
باڵ بەیەکا دەدا و باوەش
بە لەشی ئاگرا دەکا
سیمرخ هێلانە لە چیلکەی داری دۆزەخ دروست دەکا
کە گڕی گرت
تاکو باران نەیشواتەوە خەفە نابێ و
شەوچراغی گەردانەکەی شازادە نادۆزرێتەوە
گوێم لێ بگرە
ئەمشەو دنیا ئەشکەوتێکە
نە کۆتری ترس چینەی تیا دەکا
نە جاڵجاڵۆکەش دەتوانێت دەرگاکەی جۆلایی بکات
وەرە ئەمشەو لەگەڵما بە
ئەم ئەشکەوتە نەبێت برووسکە دەمپێکێت
چونکە هەتاو
تاکو ئەوها
لە چاوەکانمەوە تیشکی سەر بکات و
نەتوانم بیشارمەوە
دەست بۆ هەرچی ئاوێ بەرم
لەناو لەپما دەبێتە مشتێ خۆڵەمێش
وەرە ئەمشەو لەگەڵما بە و
لێم تێبگە
چۆن لەناو دڵی سیمرخا

ڕەنگی دەریا شینایی چاوی ئاسمانە و
گەوهەرەکانی ئەستێرەی دەستەمۆی دەستی شەپۆلن
چۆن گشت کڵاوڕۆژنەیەکی ئەم زەماوەندی بارانە
لەناو خۆیدا دانە مووررووی دنیایەکە
کە دەتەقێت
کۆتاییەک دروست دەکا و
گەردانەی ملی خانمە
گەردن زراڤەکەی گەردوون لەنگ دەکات و
تەنیا سیمرخ دەتوانێ بیدۆزێتەوە
دەگوێ بگرە لە جریوەی ئەستێرەکان
تا بزانیت چۆن باسی یەخسیریی خۆیان
بەدەست بازنە بۆشەکەی
مەدارەکانەوە دەکەن
خۆ گشت کەسێک سیمرخ نییە
تا لەناو گڕی هەتاوا
بحەوێتەوە و نەسووتێت.

***

ئەمشەو لە جێگەی خۆمەوە
وەک هەمیشە زیندانییەک
سەر هەڵدەبڕم
سەیری ئەستێرەکان دەکەم
ئەم ئاسمانەم
تاریک و لینجە
وەکو گۆڕ
گۆڕەوشاری یەک بە یەک

ئەستێرە کزەکان دەدا
لچێکی خۆی داوە بەسەریانا و
بێدەنگ
سەیریان دەکات.
سەیریان دەکەم
سەیرم دەکات و
دەلاقەی ئاسمانم لەسەر دادەخا
لەترسا چاو دادەخەم
بابە ئەمشەو لە خەوما بوو
چوار ئەستێرەی گەشم بینی
لەگەڵ وردەماسییەکانا
شەڕەئاویان دەکرد و دەزرووقانەوە
بووم بە ماسی
هەڵماتێنم بە ئەستێرەکان دەکرد و
هەڵماتێنیان پێ دەکردم
بە چواردەستە
بەرەو حەوتەبەقەی ئاسمان
دەیانبردم
لەوێ دەستیان لێ بەردەدام و دەکەوتم
دەبووم بە کڵاوکوڕەیەک
هەڵدەکشامەوە بۆ لایان
بەڵام بابە
جاری شەشەم بوو نازانم یا حەوتەم بوو
دەستیان لێ بەردام و کەوتم
هەرچەندم کرد پەڕوباڵم لێ نەڕوا
هەرچەندم کرد

نە سیمرخێ
نە پەرییەک  نەبوو
دەست بداتە بەرم
ترسام بابە
گریام بابە
هاوارم کرد
هیچ کەس بەدەنگمەوە نەهات
زەویم بەقەد چارۆگەیەک لێوە دیار بوو
کەس دیار نەبوو
ئاسمان بیرێکی تاریک بوو
چەندم دەکرد نەدەگەیشتمە بنەکەی
ئێستا و ئەوسایش نەگەیشتم
زڕبراکانم کراسە خوێناوییەکەمیان بردەوە و
بە گورگانخواردوویی لێرە جێیان هێشتم!
چل شەو و چل ڕۆژە ئێستا
لەناو گەدەی نەهەنگێکدام
دەکوڵێنرێم و ناکوڵێم
سەر هەڵدەبڕم
ئەستێرەکان دیار نەماون
نە بەیانی و نە ئێوارە
نە مانگ و نە ساڵم لێوە دیار ماوە و
نە دەزانم ئەمانە کەی دێن و دەچن
بە ئاسمانێکی ئەستوور و
وەکو بیر قووڵ سەرەوخوار
وەک داربەڕوویەکی وشک
هەڵواسراوم

من داربەڕوو نیم و کەچی
دەمەوێ ڕەگ بە زەویدا
دابکوتم
لە دڵی گەرم و نەمردووی ئەم خاکەوە
ئاو هەڵمژم
بیکەم بە خوێن و سەرلەنوێ
جەستەی برینداری ئەوی
پێ ئاو بدەم
من ڕەهێڵە نیم و کەچی
دەمەوێ وەک بارانی شەست
دایبکەم و ڕانەوەستم
تا لێوی وشکی شەقار و
برینەکانی سەر جەستەی
کچە شۆخی ئەم خاکە شەقار شەقارە
ئاو نەدەم و
نەشۆمەوە
ڕانەوەستم.

***

ئەمشەو لە جێگەی خۆمەوە
سەر هەڵدەبڕم
سەیری ئەستێرەکان دەکەم
سەیرم دەکەن
چاو دادەخەم
داربەڕووی وشکی لەشی من
سەربەرەوخوار هەڵواسراوە و

ئێستا بەدەم گشت شەپۆلێکەوە دێت و دەچێتەوە
ئەوەی دەمهەژێنێ ئێستا
نە دەریا خەونەکەی جاران
نە ئەو ڕووبارە خوڕەیە
کە من خۆم دایە دەمیەوە
ئەو نەیبردم
خۆت دایە دەم ڕووبارەوە و
پشتی ڕووبار چەمایەوە نەگەیشتی
خۆت دایە دەم زریانەوە و
زریانی سەخت
وەک کۆترێکی دەستەمۆ
گەڕایەوە ناو لانەکەی و داکاسێ
خۆت دایە دەم
خەمی ساڵێکی برینگ و نەهاتەوە
خەم هەڵیگرتی برديتی
شەو درەنگ داهات و نەبووی
گوتمان سبەینێ دێیتەوە
ساڵ درەنگ داهات و نەبووی
گوتمان بەهارێ دێیتەوە
بەهار نەبووی
هاوین نەبوویت و گڕەکەت
نەونەمامە تینووەکانی دەپڕووکاند
زستانێکی تەڕوتووش بوو
دنیا بەرگی سپی و ساردی
بەفرێکی زۆری پۆشیبوو
لە بەرگێکی سپی و سارددا

بە چواردەستە
سیروان و زریان و خەم و
مەرگێکی ناکام هێناتیان
دارەمەیتەکەت کۆڵەگەی
خێوەتەکانی هەواری ساڵی دڵدارییەکەمان بوو
کفنەکەت بەفری تەنکی
ژێر کراسی ئەو کچۆڵە بەهارە بوو
کە خوێنەکەی بەفیڕۆ چوو
چاوەکانت ئەستێرەکانیان دەژمارد
ئەستێرە لەبن ناهات و
چاوی تۆیش تەسکینی ناهات
ئەمشەو بەدیار لاشەکەتەوە دانیشتووم
گەلەگورگی برسیی هەموو یادگارە تاڵ و سوێرەکان
لەناو بەفر و بەستەڵەکی ئەم شەوەدا
دەورم دەدەن
قەپاڵی برسی لە جەستەی سڕم دەگرن
سەر هەڵدەبڕم
سەیری ئەستێرەکان دەکەم
سینگی ئاسمان و
دڵی من
لە جێگەی زامەکانەوە trووسکایی دەدەنەوە
بەدەم شەپۆلی تاریکی شەوگارەوە
دەهەژێن و ژێر ناکەون
ئەمشەو بەسەر زنجە چۆڵەکەی هەناوما
بەفر دەبارێ
بەفری دێرینی ئەشقەکەت

هەموو لووتکە و
نسێکانی دەروونمی داگیر کردووە
بەری نادات
ئەمشەو سوپای بەفر پۆل پۆل
لە دامێنی مانگەشەوی جووتبوون و
لێک دابڕانەوە
دێنە خوارێ
ئەمشەو دڵم
وەکو چۆلەکەی تازەفڕ
چاوەڕوانی ڕۆژبوونەوەی بۆ ناکرێ
لەناو سنگمەوە بێئارام
خۆی هەڵدەدات
لەسەر لکی پیرە دارتوویەکی گەرمیان
خۆی دەگرێت و
دەجریوێنێ و خەوی نایە
تاکو دەبێت بە کۆرپە مانگێکی بێگەرد
نەهەنگی شەو
وەک گەردەلوولێک بۆی دێت
هەڵی دەلووشێ و
بەرەو خوار
وەکو بۆ ناو بیرێکی قووڵ بەرەوەبێت
هەرچەند دەکات
دەستی لە هیچ گیر نابێ
خۆی پێوە بگرێ
نوقم دەبێ
ڕادەپەڕم

نە خەوە و نە مۆتەکەیە
نە وڕێنەی دەم گەرمەتای تەنیاییە
شەوە و تاریکی ئەم ڕێیەت
وەک ڕەشمارێکی بریندار
خۆی لە لاشەی وەکو بەفرت ئالاندووە
هەڵت دەگرم و
بە تەنیا سەر هەڵدەگرم
بۆ کوێ دەڕۆی
ئا لێرەم
کە ئیتر داوە تیشکەکەی
پێدا دەهاتی پساوە
ئەشکەوت گەرووی نەهەنگێکە
لووشت دەکا و
هەڵدەخزێی
دنیا تاریک و زەلکاوە
هیچ ڕێگەیەک لێرەوە ناچێ بۆ بانە
ئەوترووسکاییەی دەیبینی
شەوچراغێکی دزراوی
گەردنی دیلە شازادەی
وڵاتی بەفر و هەتاوە
ئێستا لەناو گەدەی ڕەشە نەهەنگێکی
دەریای زوڵماتا خنکاوە
لێت تێک نەچێ
ئەوە ئاگری شوان نییە
بە قەدپاڵی شاخێکی گەردنکەشەوە پێکرابێ
ماڵە هەژارێکیش نییە

ڕووی تێ بکەی
لێت تێک نەچێ
ئەوە ئەوسەری ئەشکەوتی
دۆزەخەکەی دەورت نییە
ڕووی تێ مەکە
بە هیچ کوێیەکت ناگەیەنێ
مەڕۆ
ڕاوەستاوی
ڕەشماری خەم
لە باڵای نەونەمامی گشت
ڕۆژ و شەوانت ئاڵاوە
نە باڵندەی ئاواتێک بە لاتا دێت و
نە شنەی با
دەنگێکی خۆشت بۆ دێنێ
پەڵەهەورەکانیش دوورن
بەرزن و پەرت و بڵاون
ئەم بایە بای باران نییە
گەر بشبارێت پەڵە نادات
ئەم خاکە زۆر تینووترە
لەوەی بەم نمەبارانە
قەڵەشەکانی سارێژ بێ
ئەم دڵە زۆر پایزترە
لەوەی بە تەنیا یەک گوڵ
بەهار بۆ جەستەی بهێنێت
ئا لێرەدا کە ئیتر هەر خۆت و خۆتی
کەسیش نییە گوێت بۆ شل کا

که بێدەنگ بووی
(شەوە و دنیا وەکو زوڵفت سیاپۆش)ت بۆ بڵێت و
بە باسی کچەئاسکەیەک دابینت کات
کە سبەینێ
لەناو ڕەزێکدا
لە پێچێ
بەدزیی ئەم دنیایەوە
(سەری کاست بخەیتە سەر دڵی نەرمی) و
خەوێکی خۆش بتباتەوە
گەر ئەم ئەشکەوتە نەهەنگە
هەڵیشت بهێنێتەوە
تازە چاوت بە ڕووی  خۆرا هەڵنایەت و
لەشی لە دۆزەخ خووساوی
ئەم وەرزە تەڕوتووشەی تۆ
بەرگەی گەرماکەی ناگرێت
تا پەرییە باڵدارەکانی یوونسیش
ئەم ناوەیان جێهێشتووە
سێبەر لە لەشی تۆ ناکەن
تۆ بریندار نییت و لەشت
سەرتاپا هەر خەمی سوور و
خوێنی ڕەشی
لێ دەچۆڕێ
ئەمشەو لە جێگەی خۆمەوە
سەر هەڵدەبڕم
یەک یەک پەردەکانی دڵم
لەسەرخۆ دادەدەمەوە

مۆمی یادە بەسوێکانت
هەڵدەکەم
بیر لە شەوە تەماوییەکانی بارانت دەکەمەوە
ئەم کووچە و کۆڵانە بێ تۆ
گەڵاڕێزانی خەزانە
گەڵاڕێزانە بێ باران
ئەم کووچە و کۆڵانە بێ تۆ
دڵەکەم بە چۆڵی ئێستا
شەوی گۆڕستانە بێ تۆ
گەر ئاسمان دەبووم
نەمدەهێشت
ئەستێرەکەی تۆ ئاوابێ
گەر گریان دەبووم
نەمدەهێشت
چاوەکەی تۆ پێم ئاشنا بێ
گەر بەدەست من بوایە هەرگیز
ئەم دنیایە
وەها نابوو.

***

ئەمشەو
تەنیا خۆم و
مناڵییەکەی خۆمم
پشتمان لە دنیا کردووە
پێکەشیعرێکی تا نیوە
لە پێشمانایە و نازانین

چۆن بەسەر ئەم هەموو دڕکەی
ئەم باخچەیەدا بەشی کەین
یا من مەستم
یا ئەمشەو لە سەدەکانی
سەهۆڵبەندانەوە بێدەنگ
بە تاقی تەنیا دانیشتووم
نازانم بۆ نەهاتەوە
ئەوساکە من گەلگامێش و
ئەو گۆمێکی مەمکخڕی
بەهارە بوو
بەدیاریەوە دادەنیشتم
چاوەڕێی گوڵەشیعرێکی نەمری بووم
چاوەکانی هەڵبێنێت و دەستی بخاتە ناو دەستم
یا من مەستم
یا ئەم دنیایە دەستاڕە
زەوی تایەک و ئاسمانیش تایەکەی تری
دڵی وەک هەتاو هەڵاتووم
دەهاڕێت و
دەیکا بە تەرزەی ئاگر و
بەسەرما دایدەبارێنێ
نە چەتری ئەشقێکم پێیە
بمپارێزێ
نە ئەم خوێنبارانی خەمەم
پێ ڕادەوەستێندرێ ئەمشەوە
دەمەو سەدەی لافاو هەستانێکی و ڕەنگ
لە بیابانێکی شارا

پەیکەرە مۆمی شیعرێکی نیگاکاڵم
بە بەرچاومەوە تیرباران کرا و
بێدەنگ بەرەو مەیخانەی دڵتەنگی
وشە ڕەنگزەردەکان ڕۆچووم
ئەمشەو کە دەست بۆ پێکەشیعرە ساردەکەی بەردەمم
دەبەم
دەستم لە لاشەی کوژراوی خۆم دەدا و
لووتم لە بەردی سیزیفی شەو دەکەوێ ڕادەچەنم
هیچ کەسێک سەیری من ناکا
تەنیا پشیلەیەکی سەرخڕی
سمێڵسووتاو نەبێ
لەبەر
مەقاڵەیەکی پڕ لە خەڵووزا نووساوە
نازانم بۆ نەهاتەوە
شەوێکی وەکو ئەمشەوە بوو
کە ئەنکیدۆ بە ناخی زەویدا ڕۆچوو
ڕۆیشت و چەند چاوەڕێم کرد
ئێستاکەیش هەر نەهاتەوە
(ئەگەرچی ڕۆیی قەت ناچێ لە یادم)
دوو شیش شیعری دوانزە گەزی و
یەک چارەکە چیرۆکێکی هاوچەرخانە
پلە و وشەکان یەک بە یەک
جێگوللەکانی سنگیانم
پیشان دەدەن
پاشان چۆلەکەئاسا
فڕکە دەکەن

که دەمەوێ باڵا بگرم و
منیش لەگەڵیانا بڕۆم
پێیەکانم دەبنە دوو پایەی کۆنکریت
بە زەوییەکەوە دەلکێن
ئەم زەمانە زەمانی هەڵفڕین نییە
خەونەکان ئاگرباران کەن
ئەم ئاسمانە لە قوڕقوشم دروست کراوە
ناتوانی باڵەفڕێی تیا بکەی
هیچ مەلی ئاگری نییە
باڵەفڕێی تێدا بکا
ئەم زەمانە زەمانی شیعری لاڵە
تەنیا ئاسن دەزانێ قۆناغ لە کوێیە
کوا دڵێکی ئاسنینی وەک مەتاڵم بۆ دروست کەن
هەرچی شیعری جگەرگۆشەم هەیە بیبەن
هەرچی شیعرم هەبوو بردیان
تەنیا بەردێکیان دامە دەست
زەمانی قاتوقڕییە
گەر بڵێی بەردێکم دەنێ تاوەکو
سەری خۆمی پێ بشکێنم
دەڵێن نییە
ئەمشەو تەنیا خۆم و خۆمم
لە مەیخانەی چۆڵ و تاریکی شیعرێکی داخراوا دانیشتووم
نە گریانێ دێ بە لامدا
پێکەفرمێسکێکی تاڵم بۆ بهێنێ
تا تەسکینیم دێ هەڵیدەم
نە خەیاڵی خۆکوشتنێک

بەرانبەرم
لاق دەخاتە سەر لاق هەر
لە دوورەوە
پێکەکەیم بۆ بەرز دەکاتەوە
تاکو منیش بەدەم
زەردەخەنەی بزڕکاوی
سەرخۆشییەوە پێکەکەم
تا دواچۆڕی هەڵبدەم
بۆ هەر کوێیەک ئەو بیەوێ
دوای بکەوم
ئەمشەو حەز دەکەم وەک ماسی
بە ناخی دەریا شینەکەی
لەبیرچوونەوەدا ڕۆچم
لاشەی هەموو شیعرەکانم
بخەمە ناو هەگبە شڕەکەی دڵمەوە
لەگەڵ جوانی
گشت جوانەکانی دنیادا
بیدەم بە کۆڵما و بڕۆم
لە بەردەستی گۆشتخۆرانی ئەم زەمانە جێینەهێڵم!
ئێستا ڕێگەم بەرەو خوارە
ئەنجام یەکە و ڕێ هەزارە
نەکەی بەر بەدواوە بکەی
ڕێگەی ئەژدیهای بەرەو خوار
هەڵتەلووشێ و بەرەو خەونی قیرێکی کولاو ڕۆدەچی
کە ئاور لەدواوە دەدەمەوە
دوێنێ تەمە و

بای زریانە
کۆچی تەمەنێکی سوورە
لەشت دەست و پێیەکانت
جێ دەهێڵێ و
سەرت چاوە زەردهەڵگەڕاوەکانت هەڵدەفڕێنێت
بەرەو چەمێکی زۆر تاریک
دادەخزێ
ڕەوەبەرازێکی برسی
تاوت بۆ دەهێنێت و تۆیش
نەرمەئاسکێک
لەناو خوێنتا ڕادەپەڕێ
لەم شەوە ملئەستوورەدا
دەنگی وەک بڵێسەی ئاگر
بەرز دەکاتەوە و
خۆی تێکەڵ
بە لەشی هێشتا نەنوستووی
بەردی پەڵەهەورەکانت دەکاتەوە
ئەمشەو دنیا
عەسا و پاڵتۆکەی لێرە
جێ هێشتووە
بۆ سەیران چووە یا نازانم
یا سەری خۆی هەڵگرتووە؟
دوێنێ بیستم
دوو شێر هەواڵیان دەپرسیت
یەکێ ڕەش و یەکێ سپی
ئەو لەوێ بوو

ئێستا تەنیا
عەسا و سەبیلەکەی نەبێ
هیچی تری دیار نەماوە
بۆ سەیران چووە نازانم
یا سەری خۆی هەڵگرتووە
(ئەی تریفەی مانگی سپیی دەرکی دەلاقە)
کوانێ سەگیش دیار نەماوە
تا مانگێکی پێ بوەڕێ
ئەم دەرگا پۆڵاییینانە
ئەمشەو لە کێ داخراون
کلیلەکانیان لای کێیە
ئەمە مەیخانەی ناخێکی درەنگوەختە
وا هەرچیی تیایە وەک لاشەی
دوکانی گۆشتفرۆشەکان
سەربەرەوخوار هەڵواسراوە
یا من لەسەر سەری
خۆم دانیشتووم ئەمشەو
نازانم بۆ نەهاتەوە
گوتی تۆ لێرە دانیشە
دەچم چۆلەکەت بۆ دەگرم
هەزار ساڵە وێنەکەت تەنیا شتێکە لەدیار سەرم هەڵواسراوە
نەکەی بەر بەدواوە بکەی
کە ئاوڕێک دەدەمەوە
نە وێنە و نە دیوارەکەیش
لە جێگەی خۆیا نەماوە
بەم درەنگوەختە نازانم

کوێ بگەڕێم
هەواڵی تۆ لە کێ پرسم
لەگەڵ چ مێگەلە هەورێکی کۆچەرا
خۆت دایە دەست زریانەوە و ئەو نەیبردی
ئەمشەو ئەگەر
ئەم دیوار و پەنجەرە ئاسنینانەی ئەمشەوە نەبوایە
ڕەنگبوو
لەشی نەرمونۆڵی شیعرێک
خۆی لە لەشی وەکو دار وشکهەڵاتووم
بسوایە و
تێر ئارەقەی زیندووبوونەوەی کردمایە
ئەم مێگەلە هەورە ئەمشەو
با بەرەو کوێ ڕایدەماڵێ
کێ دەڵێ گڕکانی ئەشقێک
ئێستا لێوە سوورەکانی بۆم نەکردووەتەوە تاکو
تێرتێر دەمی تێ بنێم
ئەویش بۆ زگی دایکی
هەمیشەییم بباتەوە
نازانم بۆ نەهاتەوە
ئەوسا ئەو کاروانسەرا و
من ڕێبواری ڕێگەی هاتونەهاتی ئەشقێک بووم
سەرم دەخستە سەر ڕانی
تا گوڵەبەفرینە لەسەر پێڵووەکانم
سەوز نەبوایە
هەڵناسام
ئەمشەو هەرچەند دەمەوێ

لەم سەگوەڕە مۆتەکەیە خۆم ڕزگار کەم
دەستەکانم
دەبنە دوو دارخورمای چۆڵی بیابانێک
چنگ لە زەوییەکە گیر دەکەن
کە دەرگام لێ نەکرێتەوە
گۆشتی لەشی ڕەشی دەرەوەم لێ دەبێ
بە پەیکەری نێرەمووکێکی زەبەلاح
چاوێکم لێ دادەگرێت و
سمتی خڕیم پیشان دەدا
دەرگاکە دادەخەمەوە
بۆ ژێرزەمینێک
تونێلێک
لە ناخی خۆما دەگەڕێم
بمگەیەنێت
بە تەڕایی شیعرێک
بە گەرمی گریانێک
بە فێنکیی مەرگێکی خۆش
ئەمشەو نە شاجوانی مەرگێک
دوگمەی سینە سپییەکەیم بۆ دەکاتەوە تا منیش
بەدەم مەستییەوە بیمژم
تا چی ڕەوەگورگ هەیە لە دەورەمدا
بڕەوێتەوە
نە کچۆڵە نامیهرەبانەکەی گەردوون
دێتە لام و خۆیم دەدا بەدەستەوە
تا دەتوانم تێکەڵی بم و سبەینێ
بە دڵنیاییەوە لەگەڵ

ڕەوەگورگی مەرگا بڕۆم
تۆ دەیزانی
بۆ پۆلەکۆتری شیعرم
بە منارە و گومەزی ئەم شارە ساختانە
ئاشنا نین
چونکە دنیا ئەمشەو ڕەزی
سۆزانییەکەی ئۆرۆکە و
مەی لە دنیادا نەمێنێ
ڕووی تێ ناکەم
من چاوەڕێ بووم ئەو بێت
بەڕێی لووتکەی سەختدا بمبا
کەچی ئەو هات و بێ خشپە
بەدیار سەرمەوە ڕاوەستا
چاوی بڕییە لاشەکەم
چەند چاوەڕێم کرد نەبزوا
ئێستا تەنیایی خەریکە
دەست و پەنجەم لە گۆ دەخا و
بە لێفەی بەفرێکی ئەستوور
دامدەپۆشێ
تا لەبەر گەرمایی ئەمشەوا
نەتوێمەوە و نەبمە هاڵاو
ئەگەر ئەمشەو
نەتوێمەوە و نەبمە پەڵەهەورێکی ڕەش
ئاسمان برووسکە لێ نادا
دنیا بە تاریکیی ئەمشەو
بەسەردەبا

ئەمشەو تەنیا
من و ڕووبارێکی مردوو
بەدیار یەکەوە دانیشتووین
لاشەی یەکتر دەپارێزین
جارێکیان ئەو هەڵسا
هەرچی خەمێک لە دڵما بوو
لەگەڵ خۆیا بردی و ڕۆیی
جارێکیش من لە تینوانا
مژم پێوە نا و چی ئەشقی
لە دڵیا بوو
هەڵممژی و
بەرەو وشکیی بیابانێکی دوور بردم
ئێستا چاوەڕێی وەرزێکین
جزمە و پاڵتۆکەی لێرەدا
جێ هێشتووە
بۆ سەیران چووە نازانم
یا سەری خۆی هەڵگرتووە
شەوێکی وەکو ئەمشەو بوو
دەریا هات و دڵی سوێری لە بەردەمما ئاواڵە کرد
مەرگی گوڵێکی تیا بوو
من دەرم کرد
لەگەڵ بەردێکا دانیشتم
تا گلەیی مەرگی لە لا بکەم
کەچی ئەو زوو پێشم کەوت
داخی نەمری بۆم گێڕایەوە
ئەگەر دەریا

نەتوانێ دەستی پایزێ
لە یەخەی گوڵێکی سەرما
بکاتەوە
دەریا نییە
ئەگەر ڕووبار
بەدوای گوڵێکی تینوا
ڕێگەی بیابانان نەگرێ
ڕووبار نییە
من بەدیار لاشەکەیەوە دانانیشم
ئەمشەو تەنیا
من و کچۆڵەیەکی هەرزەکار
بەرانبەر یەکتر دانیشتووین
من چاوەڕێی ئاوڕێکی پڕ ئارەزووی ئەو دەکەم
ئەو چاوەڕوانی پاسێکی
هات و نەهاتی ئێوارەی
ئەم شارە قەحپەیە دەکات
من بەدمەست و
ئەو مەیخانەیەکی چۆڵی قەراغ شارە
کێ دەتوانێ
تێکەڵی یەکتریمان کا و
لێکمان جیاکاتەوە ئەمشەو.

**١٩٧٧ بەغدا**

**بە ڕووتی لەبەر بارانی لەزەتدا**

دە بباریٚ
دە بباریٚ
تەنیا لەبەر بارانا دەرگای
ئەم گەردوونە دیٚمەرۆیەم لە ڕوودا دەکریٚتەوە
چ شیعریٚکە سووتیٚنراوە
وا ئەمشەو بۆچڕووک دنیای داگرتووە
چ خەمیٚکە بەڕەڵای ئاسمان کراوە
وا ئەمشەو سایەقەی سەهەنگ
دەرگای دۆزەخی بەستووە.
دە بباریٚ
دە بباریٚ
با ماسیی ماسوولکەکانم لەبرسانا
بەچکەکانی خۆیان نەخۆن
با کەفوکوڵی شیلاوگە و باراناوی
ئارەزووە نەمرەکانم
وشکە چەمی گوناهـ بشۆن.
دە بباریٚ
دە بباریٚ
دەزانی خوا لە بارانا
وەک چۆلەکەی سەرمابردوو
خۆی دەهاویٚتە کۆشمەوە و ئاگام لیٚیە
دڵی لەناو دەستما لەسەرخۆ لیٚ دەدات.

دە بباری
دە بباری
تەنیا لە بارانا لەشم
ڕیشە لەناو لەشی نەرمی ئەمشەوەدا دادەکوتی و
گەڵاکانم
لەناو بڵاچەی تەڕیدا
سوور دادەگیرسێن و بەدەم
هەناسەی تێکەڵبوونەوە
هەڵدەبن و
هەڵدەچن و
دانامرکێن.
باران بانگ و خۆڵەمێشی زیندووبوونەوەی لاشەمە و
چاوهەڵهێنانی نێرگزی خەونەکانمە
باران گیانی ئاوداری گشت قەڵەشە ناسکۆڵەکانی
کچۆڵەی ئەم سروشتەیە
کە دەمشواتەوە دەزانم
چۆن بەناو ئاوەڕۆکانیا دابڕژێم و بچمە خواری
با چەخماخەت پەریی نەباڵقی شەبەق بێت و ئەمشەو
ختووکەی هەتاوم بدات
خۆم دەزانم
چەند دڵداریم لەگەڵ کچۆڵەی پاراوی
دەمەو باراندا کردووە
چەند مانگ حەزی لە مەلەی ناو
گۆمێکی شەو بەسارەیە
ئەوەندەش گۆم حەز لە لەشی
ڕووتی مانگ دەکات و کەچی بێدەنگیشە.

دە بباریٚ

دە بباریٚ

تەنیا لە بارانا چرۆ

مەمکەکانی دەردەهێنێت و بە ڕووتی

سەما دەکات

ئەگەر نەبارێی ناتوانم

گویٚ بۆ دەنگی دەنکەگەنمەکانی ناو خاک هەڵبخەم و

پەنجە بخەمە ناو لەپی بچکۆلانەی ڕەگەکانیان

ئەگەر نەبارێی ناتوانم

لەشم تێکەڵ

بە لەشی ئاوداری ئەم گەردوونە بکەم.

دە بباریٚ

دە بباریٚ

تا دەتوانی لەناو گیانمدا بباریٚ

تا بۆ تاقە ساتێکیش بێت

چاو هەڵبهێنم و بتوانم

تێکەڵ بە قژە تەڕەکەی

جوانە ژنی ئەم ساتەی خۆم

ببم و بەسەر سینەیدا

وەکو چوڕی شیر

دلۆپ دلۆپ بێمە خواریٚ.

**١٩٧٧ بەغدا**

**کاروانی لەش بەناو خۆیدا**

ئێوارەیە و
شەپۆل یاری بە زەردێنەی دڵم دەکا
تریفەیەکی ماندووە و
بار و بارگەی خۆی لێ دەخات و لەسەرخۆ
خۆی دەداتە دەستی ئاوی دەریاتەوە
ڕوو لە ئاسۆی خۆرنشینی
ئەم ڕۆژگارە دەڕوات و بەر
بە لای کەنارەوە ناکا
نەیخنکێنی
من دەزانم
دەریا ئاگای لە لێدانی دڵی هیچ ماسییەک نییە
چارم نییە
کەی باران دەزانێ بەسەر کام کێڵگەدا
دای دەکات و
ڕووباری چ ئارەزوویەک
بەرەو منداڵدانی دەریای دەباتەوە
کەی چۆڵەکەی دەمەوپایز
دەزانێ کامە ڕەهێڵە
پەڕ و باڵی تەڕ دەکا و پەکی دەخات و دەکەوێ
نەیخنکێنی
دەریا بێ ماسی ستەمە
نەیخنکێنی

کێڵگەی لەشە نیانەکەت
بێ بارانی من هەڵناکا و
ئەگەر ئاوی گشت دنیاشی بکەیتە ژێر
هەر تینووە
نەیخنکێنی
ئاسمان بێ چۆلەکە خەمە.

***

کچێ جوانێ
جوانی
جوانی
ئەگەر هاتوو چۆلەکەیەک لە شەوێکا
شەوێکی سارد،
هاتە بەر پەنجەرەی ژوورەکەت و ویستی
لە چۆڕاوگەی هەڵمی شووشەی پەنجەرەکەت
بخواتەوە
دەری دەکەی
ئەگەر بووزاییەکەی لەشم
لەناو بڵێسەی پیرۆزی ئاگردانەکەی لەشتدا
ویستی تۆزێک گوناهی ڕێگەی تاریکی بشواتەوە
دەری دەکەی
کەی کێڵگە ئەوەن دڵڕەقە
دەست بە ڕووی دوایین گەواڵەی
جۆزەردانەوە بنێت و
دەستی دڵۆپەبارانێک
لە مەمانی خۆی لابەرێت

ئەی پێم نالێی چ دەریایەک
ئەوەن بەرچاو تەنگە جێگەی
ماسییەکی بچکۆلانەی لە باخەڵا نەبێتەوە
لەشی تۆ
جوانیٚ لەشی تۆ
ئاتەشگەدەی پیرۆزی شەوانەی منە و
تا ڕۆژ هەڵدێت
نهێنییەکانی ئەشقی تیا دەخوێنمەوە
دواییش چوارمەشقی لەناویا دادەنیشم
نەمسووتێنی
لەشی تۆ کێڵگەی هەنگوینی زیندووبوونەوەی لاشەمە و
هەموو ساتێک چرۆی ئارەزوویەکی نوێی
تیا دەردەکەم
نەموەرێنی
لەشی تۆ دەریای شەقبردووی
دڵی خەمەکانی منە و
مرواریبیەکانی کۆترن
بەیانییان بۆم دەگمێنن.
منیش بووزا و دڵۆپە باران و ماسیم
حەز لە ئاگر و لە کێڵگە و لە دەریای لەشی
تۆ دەکەم
من خواوەندی با و بارانی بزووتنەوەی
گیانی تۆم و
لە گشت پەنجەرە داخراوەکانی دڵتەوە
دێمە ژووریٚ
لە گشت درزە نەرمەکانی لەشتەوە

تەڕایی دەدەم
تا قارچک و دومەڵانی گشت وەرزەکانت وەکو ژن
بە جۆگەلەی شیر و هەنگوین
ئاوس نەبن
داناکاسێم.
تۆ نزیکی
ئەوەن نزیکی لێمەوە
هەست دەکەم وەکو بای وادە
گەڵاکانم تەڕ دەکەیت و
تێکەڵ ڕەگەکانم دەبی
نەمخنکێنی
من تیفەڕۆم نەمخنکێنی
بمخنکێنە.

**١٩٧٧ بەغدا**

**تێکەڵبوون**

ئەوەتانێ
با شەویش بێت و با مەرگ
چوار دیواری زۆر ئەستوور بێت
ڕێی تێکەڵبوونم لێ بگرێت
من دەیبینم
وا بەتوێی ژێر کراسێکی ئێجگار تەنک
هەنگاو هەنگاو
لە لێواری گۆمە مەییوەکەی دڵم
نزیک دەبێتەوە و هەتاو
کۆرپەیەکی قژزەردە وا لە باوەشیا
خەریکە ڕەهێڵەیەکی خۆش دابکات و
چۆومە وشکەکانی جەستەی برینداری بشواتەوە.

***

با شەویش بێت و با مەرگ
چوار دیوار بێت
ئا لێرەوە
حەزم گرێکی پیرۆزی ئاگردانێکی نەمرە
هەڵدەچێت و
وەک لەشی سرکی جوانوویەک
کە لە کاروان بەجێ مابێت
لەم شەوەدا
سەمایەکی پڕ لە شیلەی

دۆزەخ لەسەر لەشی دەکا و
دەمی گڕە بۆ سەبوونی مەمکەکانی دەبات و
مەمکەکانیشی
هەر یەک بەقەد هەناریێکن
پڕ مالێکن
بە چمکی سوخمە ڕەشەکەی
ئەم شەوە دایاندەپۆشێ و
لە بەرچاوی من ون نابن و چەند دەکەم
سەر پەنجەی سوور داگیرساوی ئارەزووەکانم نایگەنێ
دنیا لە شیرینخەودایە
خەرمانە خەونی شەوحەزم
بەندەیەکی بووزاییە
کڕنووش بۆ بلێسەی جوانیی
ئەو دەبات و داناکاسێ.

***

زریانە
زریانە
زریان
کۆتری مانگی بێگەردی ئەم کوردستانە تەنیایە
پەڕوباڵە سپییەکانی
بەسەر لەشی داگیرساویا وەکو بەفر دەبارێنێ
ئینجا لەسەر سینە و مەمکی
گڵم و گەوز دەکات و گەرم نابێتەوە
بوڕکانی دڵی هەڵدەچێ و
بەفرەکە مۆڵەتی نادات

لەشی منیش لەشی نەرسیسێکە تێکەڵ
بە لەشە ڕاکشاوەکەی زستانەی ئەم خاکە دەبێ و
چەند چاوەڕێ دەکەم نابم بە نێرگزێکی ئەو شاخە و
جارێکی تر لەناو بەفرەوە شین بم
چاوم بە خۆری کۆرپەکەی باوەشی بکەوێتەوە.

***

با شەویش بێت و با مەرگ
شوورەیەکی ڕاست و چەپ بێت
ڕێی تێکەڵبوونم لێ بگرێت
ئێستاکەیش من هەر دەیبینم
گیانی پۆلەکۆترێکی سپییە دەمەو ئێواران
تێکەڵ بە زەردە هەناسەی
باڵەخانە بەرزەکانی لێواری شار دەبێت و نابینرێتەوە
دڵیشی دڵی کچۆڵە نەباڵقەکەی جارانە
مانگ هەڵاتان
دێتە بەر پەنجەرەی زیندانەکەم و هەناسەی
جامەکەم لێ لێڵ دەکات و
بەری سەیری ئەستێرە چاوکاڵەکانم لێ دەگرێت
کە پێی دەڵێم شەو سەرمایە
وەرە باخەڵمەوە وەرە
گڕ دەگرێت و پەڕوباڵ دەردەکا و دەڕوات
بە درێژایی وەرزی تاریکی و کڕێوەی
گوندە چۆڵەکان چاوەڕێی دەکەم
هەر ناگەڕێتەوە.

***

وەرز دێت و وەرز دەڕوات
تەمەن کورتە و
گوڵەبەفرینەی ئەو کێوانە دەرنەهات.

**١٩٧٩ بەغدا**

**ئەو شتانەی لە بیر دەچێ و ناچێ**

زۆر جار بووە
دڵم لە لای کچێ داناوە بۆ ساتێ
بەڵام پاشان
بیرم چووە لێی وەربگرمەوە
ئێستایش
لە لای ماوە.

***

جاریش بووە
خۆم و دڵم
میوانی شەوی ژنێک بووین
کە سبەینێ چاوم هەڵهێناوە
دیومە
هەرچیم هەیە
دڵم شەوێ لەگەڵ خۆیا بردوویەتی
بە ڕووتی لەوێ جێی هێشتووم
چەند جارێکیش
لە باخچەیەکی لاچەپدا
لە چاوەڕوانیی ژوانی ئافرەتێکا
خۆم لە بیر چووە ئێستاکەیش
لەوێدا هەر چاوەڕوانم.

***

هەندێ جاریش
لە پەرێزێکدا لە چۆڵێ
هێلکە قەتیی زۆرم دیوە
ویستوومە خێراکەم بچم
کڵاوەکەم بهێنم و
پڕی هێلکە قەتێ بکەم
لە خۆشییا پێم هەڵنگوتووە و کەوتووم
لە ترسا ڕاپەڕیوم
فریای پارووییەکی هێلکەی
بەیانییانیش نەکەوتووم
بگرە لەوانەی یەکەمیش دواکەوتووم.
***

جارێکیش لە دوکانەکەی نزیک ماڵمان
شتێکی زۆر جوانم بینی
دامنابوو باوکم ئێوارە لە کرێکاری بێتەوە
پارەم بداتێ بیکڕم
بەڵام کە دیم بە دەستبەتاڵی هاتەوە
لێی بێدەنگ بووم
ئێستا گەرچی گەڕەکەکەیشمان نەماوە
بەڵام زۆر جار کە پارەم دەبێ دەمەوێ
بڕۆم ئەو شتە بکڕم
بەڵام داخەکەم نازانم
منداڵەکان چیی پێ دەڵێن.
***

که مناڵ بووم
دیوارەکانی حەوشەمان
هێند بڵند بوو
نەیدەهێشت سەرەتاتکێیەک
لەگەڵ کچە بچکۆلەکەی دراوسێکەماندا بکەم
بەڵام ئێستا هێندە نزمە
بەردەم هیچ گەردەلوولێکی
پایزانەم لێ ناگرێت و
لە چاوی بەد و بەدکاران
نامپارێزێ.

***

که مناڵ بووم وام دەزانی
ئەم ژیانە لاپەڕەیەکی سپییە
هەرچییەکی تیا بنووسم
وام دێتە ڕێ
کە فێربووم وشە بناسم
زانیم ژیان
دەفتەرێکی شڕی پڕ لە
شەڕەپشیلەی زەمانە
جێگەی تەنیا وشەیەکی خۆشەویستی تیا نەماوە
بۆیە منیش هەرچی خۆشەویستیم هەبوو
خستمە ناو شیعرێکی بێدەنگ و نەمنووسی.

**هەولێر ١٩٨٦**

**هەزار ساڵ چاوەڕوانی**

هەزار ساڵ بوو چاوەڕوان بووم
هەر دەهاتی و نەدەهاتی.
کاتێ هاتی نە تۆ تۆ بووی
نە من خۆم بووم!
نە تۆ لەیلە پڕ مەیلەکەی جارانم بووی
نە من فەرهادە گێلەکەی ئاشقت مام
کاتێ هاتی
نە سیمرخێک لەم ناوە مابوو نە منیش
ئیتر ئەژدیهای ڕۆژگارم پێ دەکوژرا
نە بەهار بووی ئەشقی ڕەنگاوڕەنگت پێ بێ
نە پایز بووی تەنکەخەمی بڵاو و بێدەنگت پێ بێ
نە هاوین بووی لە بڵاچەی ئارەزووتا بمخنکێنی
نە زستان بووی تێر تێر بەسەرما بگرییت و
مەشخەڵانی گڕکانی دڵم داکەوێ

بڵێم ئیتر لەسەر سینەی خۆرنەدیدەی
تۆدا خەوم لێ دەکەوێ
من وام دەزانی ئەگەر بێی
چاوە شینەکانت وەکو
خەمەکانی من قووڵ دیارن
قژە زەردەکەت غەریبی ئێوارانمە
لەبەر تاڤگەی تەنیاییا
دەمخواتەوە
کڵپەی باڵا داگیرساوەکەت بەیانییان
خومارشکێنی شەوانی تاڵیم دەکا
من نەمزانی؟
تەرمی بەفرەکەت قەڵەمی
دەستوپێی شیعرم دەشکێنێ
غەریبییەکی لە ئازار بەئازارترم
بۆ دێنێ
هەزار ساڵ بوو
بەدیار شووشەی مەرەکەب و
شەرابی وەک
شەو و ڕۆژەوە دامابووم
کاتێ هاتی
نە شیعر بووی بمنووسیت
نە مەستی بووی بمخۆیتەوە
ئەی گەر وا نەبووی بۆچی پێت نەگوتم
تاکو بچم پەیمانێکی ناپاکانە
لەگەڵ سۆزانییە مەرگەکەی
ئۆرۆکی ژەهرا ببەستم.

هەزار ساڵ بوو
چاوەڕوانیم درەختێکی باڵابەرز بوو
لقوپۆپی شۆڕی بۆ تۆ
درێژ دەکرد
تۆش بارانێکی وشک بووی
چرۆکانی شەوگارمت
دەوەراند و نەدەهاتی.
کاتێ هاتی
گڕەیەک بووی لە زستانا
چووزەرەی بن بەفرەکانمت
هەڵپڕووکان
زریانێک بووی لە هاوینا
هەر دەمودەست توایتەوە
بوویتە گریان
هەزار ساڵ بوو چاوەڕێت بووم
کاتێ هاتی
شەوێکی تاریک و دوور و
پەنگاوی تەنیایی بووم من
تۆش ڕۆژێکی سەر بەرەو خوار
من وام زانی گەر بێی ئیتر
گەشکە و خۆرکوێریم تووش دەکەی
کەچی ئێستا تەنیاترم
لە کانییەکی دڵتەنگی
نزیک بارەگا و ئۆردووگاکانی جاران!
تەنیاترم لە ئەستێرەی بەجێماوی بەرەبەیان.
تەنیاترم

له شوانه هەرزەکارێکی
شەو بە کێوی دەشتی گەرمیان
وێرانترم لە کێوی شەوێکی ڕووخاو
نە ئەمە تۆی
ئەستێرە باڵابەرزەکەی
جارانم بی
نە ئەمەش سۆزە سەوزەکەی منە ئەمشەو
کوانێ ئەمە زەماوەندە
کەی تۆ بووکی وڵاتەکەی
بەفر و خوێنی ناو شیعرەکەی گۆرانی
کوا من ئاشقە شێتەکەی باڵاکەتم
ئەم هەموو کۆترەباریکە و
بەرخۆڵانەی خەونەکانم
بۆ لەبەر پێتا کوژراون
بۆ ئەم گورگە برسییانە
ئەوها دەورەیان لێ داوی
خۆ بەفر ئەمشەو هیچ گوێی لێت نەگرتووە!
هەزار ساڵ بوو
حەزم دڵۆپ دڵۆپ دەڕژا و
بەردی شەوی لەبەر پێما کون دەکرد و دەتوایەوە
من وام دەزانی ئەگەر بێی
پڕ کۆشت وردەئەستێرەی
ڕەنگاوڕەنگم بۆ دەهێنی
دارستانێکی پڕ ڕەنگم بۆ دەهێنی
مژدەی مردنی خوای جەنگم بۆ دەهێنی
ئەم داڵ و گەنخۆرانەت کەی بوونە یاوەر

ئەم گۆشتخۆری هەژارانەت کەی بوونە دۆست
کوانێ دڵەکەی گەرمیانت
بۆ بەجێتهێشت و بێ گریان
خستتە بەردەست دڵخۆرەکان
خۆ لانەکەی من لەوێ بوو
پڕ بوو لە هێلکە کۆتر و مرواریی حەز و ئارەزوو
تۆ غەریبی
هەرگیز بە گیانی من ئاشنا
نەبوویت و نییت
من غەریبم
هەرگیز بەلاگەردانی بالا جوانەکەت نەبوومە من
تۆ خەونێ بووی هەزار ساڵ بوو
دەتمبینی و نەتمەبینی
تۆ مەیێ بووی
بە یەکەم بادە مەستت بووم
تا ئێستاکەش
نامەوێ بێمەوە سەرخۆ
وەرە با بچینەوە کوێستان
کوێستانە بەفرینەکەی سەری من و
شەوکراسە تەنکەکانی تەمی بەر تۆ
هەزار ساڵ بوو چاوەڕێت بووم
ئێستاکە بۆ
بۆ هەرزە ئەشقبازەکان
پێدەکەنی
هەر منم سۆفیی خانەقای
ئەشقە پاک و خوداییەکەی تۆ

هەر منم مەستی مەیخانەی
باڵا لەخۆباییەکەی تۆ
سەد ئەوەندەش بێوەفابی
هەر خۆشم دەوێی
ئەمە منم
ئەمەم
ئەمە.

**١٩٩٣ هەولێر**

**من و تۆ کاتێک لە سەرەمەرگین**

کە من و تۆ برادەر بووین؟
کەی ئەم دنیایە وەها بوو.
دنیا پێکەعەرەقێک بوو
من نیوەی و
تۆ نیوەکەی ترت هەڵدەدا.
قووڵ و لەسەرەخۆ
خەونی ڕەنگاوڕەنگمان دەبینی و لێکدەدایەوە
کە من و تۆ برادەر بووین؟
دنیا کانی و ڕووبارێک بوو
گرنگ نەبوو
کانییەکە هیی من بێ و
ڕووبارەکەش هیی تۆ
کە من و تۆ برادەر بووین؟
دنیا دوو کەنار بوو
گرنگ نەبوو
من لەوبەر و تۆش لەوبەر بیت
خۆشەویستی کەڵەکی فریاکەوتن بوو
کە من و تۆ برادەر بووین
دنیا جووتێ قۆندەرە بوو
تۆ تاکێک و
من تاکەکەی دیم لە پێ دەکرد
بێدەنگ دەگەڕاینەوە ماڵەکەی خاڵە چیخەف

لەگەڵ کافکادا دەبووینە
سیسرکێکی غەمباری ناو ڕۆمانێکی لەبیرکراو
کە من و تۆ برادەر بووین؟
گرفتێک نەبوو گەر تۆ
هیچ موویەکت بە سەرەوە نەمابووبێ و
سەرت کیمیاباران کرابێت و منیش
بەفری هەموو دنیا لە سەرم باریبێ
بایدەرەوە
چەرخوفەلەکی ئەم زەمانە بەدفەڕە بادەرەوە
با بڕۆینەوە شۆڕجە تا پل و پێ و دڵمان قوڕاوی بکەینەوە
چی لەم دڵە کەچەڵەی تۆ و
لەو دڵە سەرسپییەی خۆم بکەین ئەمشەو
بایدەرەوە
چەرخوفەلەکی تەمەنمان
بگەڕێنەوە ئەو ڕۆژەی
کە تۆ چاوت بە کچێکی جوان بکەوتایە
دڵی من لێی دەپەشۆکا
گەر من زۆرم بخواردایەوە ئەو شەوە
تۆ ڕێی ماڵت لێ تێک دەچوو
گەر تۆ شیعرێکت بنووسیایە
من پەڕوباڵم لێ دەڕوا
بایدەرەوە
ئەم چەرخوفەلەکە ڕووڕەش و دووڕووە
بەرەو دوا بگێڕەرەوە
با بچینەوە سەر کارێز
لەوێدا پێکەوە بمرین

نه غەریبیی هەندەران
نه ئازادیی کوردستان
نه ئەنفال و کیمیاباران
نه چلچرا و نه لافاوی بەهاره و نه زەمان
هیچی له ئێمه نەگۆڕی
دوو بێئەقڵی ئەم دنیایه
چۆن هاتین واش دەڕۆینەوه
بەڵام حەز دەکەم پێش ئەوەی بڕۆین و نەگەڕێینەوه
تێر تێر (شەوه و دنیا وەکو زوڵفت سیاپۆش) بڵێین
تێر بگریین و بخۆینەوه
ئەوسا بەوپەڕی بێدەنگی
بڕۆین و نەگەڕێینەوه.

**١٩٩٣ هەولێر**

**وەرزش**

کە منداڵ بووم وام دەزانی
خڕۆکی زەوی تۆپێکە
چۆنم بوێ ئاوها یاریی پێ دەکەم
کە گەورەش بووم
زانیم من تۆپێکم
دنیاش یاریکەرێکی نەزانە
لە خوام دەوێ
لەودیو گۆڵی کۆتاییەوە ڕەتم کات
چیتر ئەمسەر و ئەوسەری
ئەو گۆڕەپانە نارێکەم
بەدەم شەقەوە پێ نەکات؟

**١٩٩٦ نەرویج**

**لەخۆبایی**

دوێنێ شیعرێکی باڵابەرز
هاتە لام و ویستی باسی گوڕنەتەڵەکانم بۆ بکا
گوێم لێ نەگرت و بەلاوەم نا
چونکە چاوی ئاشقانەم
هەر سەیری لووتکەی گەردن بە تەمی تەنک دەکات
مەحاڵە هێندە دانانەوێ
تا چاوی بەوان بکەوێ.

**١٩٩٦ نەرویج**

**نەیار**

له کۆنگرێسی دڵما
تەنیا نەیارێک هەیە
هەموو ساتێک بە ڕووما قووت دەبێتەوە
ژیانم لێ ئاڵۆز دەکا
ئەویش چاوە کاڵەکانی مانگە
له شەوی ڕوونی بەهار و له چواردەیدا.

**١٩٩٦ نەرویج**

**جیهانی سێیەم**

لەنێوان چاوی چەپی پایز و چاوی ڕاستی بەهار
من وەکو جیهانی سێیەم خەریک ماوم
نە ژێردەستیم پێ دەکرێ
نە دەشتوانم تەنکەتەمێک بە خۆم دادەم و خۆم ڕزگار کەم.

**١٩٩٦ نەرویج**

**بۆردوومان**

کیشوەربڕی چاوەکان
نازانم بۆ لەم دنیا بەرینەدا
تەنیا لە دوورگەی بچووکی دڵی هەلاهەلای منا
دەتەقێتەوە و بە بێدەنگی
ڕاست و چەپم لێ تێک دەدا.

**١٩٩٦ نەرویج**

## غەریبی

تا ڕوو لە ئێوەی قیبلەکەم نەکەم
خەوم لێ ناکەوێ
بە درێژایی خەمی بەفراویی شەوانم چاوەڕوانم
کەی خۆر هەڵدێ
هەندێ لە ڕەنگی ئاسمانە
چاو جوانەکەی ئێوەم بە دیاری بۆ دێنێ
بەدەم خەو و بەدەم مردنیشەوە هەرگیز
پشت لەئێوەی ئازیز ناکەم
ڕووەو ئێوە با بمنێژن (لەسەر ئەم ئەشقە گەر ماوم)
کێ بیستوویەتی داربەڕوو ڕەگوڕیشەی خۆی جێ بهێڵێ؟
کێ بیستوویەتی
پیر مەیخانە
ماسی ڕووبار
ئەستێرە ئاسمان جێ بێڵێ!
من ڕەگوڕیشەم لەوێیە
لە شادەماری خاکەکەی یەزدانەوە
خوێن بە جەستەما دەگەڕێ
من پەڕوباڵی وەریو و هەڵکڕووزاوی تەمەنم
لەبن گوێسوانە دووکەڵاوییەکانی ئەوێدا
جێ هێشتووە
من ڕۆحم لەوێ لای ئێوە

به ئەمانەت جێ هێشتووە تا دێمەوە
ئەی نابینن؟
لە زەردەپەڕا گشت ڕۆژێ
کازیوەی ڕۆحێکی تەریو
تەوافی قەڵای سەرتان دەکا
دەست بۆ هێلانەی خۆر دەبا
لە چاوی ئازیزانیا
لە ڕۆشنایی خوا دەگەڕێ
ئەوە منم
ئەی نابینن
لە پەڕ شارا
کەپرێکی پەڕپووت بە چۆڵی جێ هێڵراوە
شەوانە مۆمێکی کزی تیا دەسووتێ
ئەوە گیانی ماندووی منە
لە نزیکی ئێوە نەبێ
ئۆقرەی نییە
ئەی نابینن
لە گشت کۆڕ و ئاهەنگێکتانا جگەرەی
دڵێکی خەمخۆر بە بێدەنگ
کز دەسووتێ و
هەناسەی سارد و سووتانی
هۆڵەکەتان پڕ لە
حەسرەت و
ئومێد و
ئەشق دەکا.
ئەوە

منم
ئەی نابیستن
پێش ئەوەی ئێوە چاوانتان بچێتە خەو
کشەی باڵی سیمرخێک دێ
ماڵەکانتان لە مۆتەکەی
مەرگ و بەڵا پاس دەکا و
دەپارێزێ.
ئەوە منم
ئەی نابینن
لە گۆشەیەکی تاریکی مەیخانەکانی لەوێدا
مێزێکی چۆڵ بە تەنیا جێ هێڵراوە.
ئەوە منم
لەگەڵتانا دەخۆمەوە
لەگەڵتانا دەگریم و پێدەکەنم و سەرخۆش دەبم
لە بیرم مەکەن
سبەینێ لەگەڵتانا دێمە سەیران
جێم مەهێڵن
من ئێوەم جێ نەهێشتووە
قەت ئەو خاکە جێ ناهێڵم
ئەو خاکەی کە
ڕۆحی شیعرەکانمی لێیە
ئەو خاکەی کە
گۆڕی ئازیزانمی لێیە
بەیانییان زوو گەر سەرنج دەن
لە گۆڕستانەکەی پایین شارا تەمێک
تەمێکی باڵابەرزی سەرسپی

بەسەر گۆڕێکی بێنازی لاپەڕا چەماوەتەوە
دەگری و نوێژ دەکا و
شیعر دەڵێ
ئەوە منم
ئا لەوێدا بستێ خاکم بۆ جێ بێڵن
من دێمەوە
دێمەوە من
لەگەڵ هەوری پڕ لە تاسەی ئاوارەکانا دێمەوە
لەگەڵ تیشکی خۆر لە زەردەی هەموو خەمێکا دێمەوە
لەگەڵ خرمەی گەڵارێزانی دوا شیعر و
شاعیرە نائومێدەکانا دێمەوە
لەگەڵ ڕۆحە سەرسپییەکانا دێمەوە
هەر بەفرێکی
پەڕوباڵی هەڵوەریوی فریشتەیەکتان لێ باری
بە پشکۆی فرمێسکێک یادم بکەنەوە
هەر بارانی ئەشقێکی پڕ نامرادیتان لێباری
(دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە) بخوێننەوە
هەر کزەبای (غوربەتکەش و عاجز)ێ دای
لە ڕووی زەردی برسێتیتان
هەر گڕەی سۆزی غەریبیی
پیرێکی ئاخرشەڕ خۆی کرد بە باخەڵتانا
بیرتان بێ ئەوە منم
یاخودا خەمتان لە من کەوێ
سەد لەشکری عەرەب و تورک و عەجەمان
لە دەوری ساتێکتان گەڕێ
بیرتان دەکەم

سەد دیکتاتۆری ملهوڕ و ئاخوندی گێل و گەمژەتان
بەقوربان بێ
بیرتان دەکەم
سەد کۆشک و تەلاری تازە و
هەزاران هۆتێلی بەرزی پڕ چلچرا و سەما
بەقوربانی خانووەقوڕێکی ئۆردووگا و
گوندە ڕووخاوەکانتان بێ
هەرچی گۆرانیی جرپن و
سەمفۆنیای لە هەزار نەزمەی ئێرە هەیە
بەقوربانی ساتێ سۆزی سەرخۆشیی ئازیزانم
بیریان دەکەم
یاخودا دەرد و بەڵای ئێوە
یاخودا برسێتی و سەرماتان لە من کەوێ
یاخودا چی فیشەکی وێڵتان هەیە هەمووی لە من کەوێ
من ببمە بەڵاوەگێڕی شەڕی براکوژیتان
بیرتان دەکەم
یادتان دەکەم
بە یادی ئێوەوە دەژیم
هەر دێمەوە.
لەگەڵ یەکەم دەسکەنێرگزی دەستی کچۆڵەکانا دێمەوە
لەگەڵ (دەستەی هەڵپەڕکێی باڵابەرزانا) دێمەوە
بۆ سەر شایی و سەیران و سەیرانگەکانی
کچانی خوا و کوڕانی ئێزدگەیانا
دێمەوە.

**١٩٩٧ نەرویج**

### سوپای بەفر

ئەمشەو هەموو ڕێچکەکانی دەروونمی داگیر کردووە
بۆ کوێ دەڕۆم هەر بەفرە و هەر گوڵی حەزمە
دەڵێی ئا ئێستاکێ خەوی لێ کەوتووە
بەفری تەنیایی
بەفری خەم
بەفری تەمەنی بێهوودە و
بە نامرادی بەسەرچوو
بەفری وشە
بەفری قەڵەم
ئەمشەو بەفر هەموو لووتکە بەرزەکانمی داپۆشیوە
من چاوەڕێ بووم بەهاری تەمەنێکی تازە دابێ
بەفری کوێستانان خاڵخاڵی دووری ئازیزان بچێتۆ
نە ئەو هات و
نە ئەم ڕۆیی.
من لووتکەش نەبووم و بەفر
پێش هەموو دنیا لێم باری
خۆ من کێویش نەبووم و خوا
چی بەفری هەبوو تێمی کرد

من ڕووباریش نەبووم کەچی
بەستەڵەک پێش هەموو جۆگەکان بەستمی
من داربەڕوو و چناریش نەبووم کەچی
هێشتاکە ئەوەل بەهار بوو کە گەڵاکانم هەڵوەرین
من ئاسمان نەبووم و هەور
لە هاوینا بەری گرتم
من هێلانەی پەڕەسێلکە نەبووم کەچی
باڵندەی ئەشق هەر زۆر زوو بە چۆڵی بەجێیان هێشتم
من نەفام بووم و وام زانی
هەر کەلیخان و خاڵخاڵان بەفرەکەیان ناچێتەوە
من هەرزە بووم و نەمزانی
کە لێم تۆراوی ئیتر هەرگیز نایەیتەوە
ئەی تەمەنی بەبێهوودە و بە نامرادی بەسەرچووم.

**١٩٩٨ نەرویج**

**چاوەڕوانم**

گوڵەشیعرێک
لە خەوما بوو نازانم یا بەڕاستی بوو
هات و بەسەر پەنجەی شنەی
تازەئەشقێک
دای لە دەرگای دڵە چۆڵە داخراوەکەم
تا من دەرگام بۆی کردەوە
ئەو ڕۆییبوو!
تەنیا بارانێک بەرامە و پەڕەگوڵێکی تۆرانی
جێهێشتبوو
کە ئێستاکەش لە پۆستەکەمدا هەر ماوە.

**نەرویج ٢٠١٢**

## دواپین شەوەکانی سیمرخ

### ١

تا ئەمڕۆکەش...
هەموو ڕۆژێک کاتێ کە ئێوارە دادێ
بە یادی عەشقە جوانەمەرگەکەی تۆ
پەردەکانی دڵم دادەدەمەوە و
مۆمەشیعرێکی گەش وەک چاوەکانت
دادەگیرسێنم و بێدەنگ
پشت لەم سەردەمی گورگانە دەکەم و
ڕووەو ڕۆژئاوا دادەنیشم
زۆر چاوەڕێم کرد تاوەکو کوێراییم داهات
ئێستاکەش خۆری خوداکەی تۆ
لێم هەڵنەهات
تازە بەم درەنگان شەوە
بەم درەنگە زەمانە
بەدەم مەستی و نەستییەوە

نە خۆر هەڵدێ و نە من چاوەڕوانی خۆرم
بە مۆمە کوژاوەکانی خەونەکانما دەچمەوە
لاپەڕە بە لاپەڕە هەڵیان دەدەمەوە بەڵکو
لەم شەوە سارد و تاریکەی دوا دواییا
ترووسکاییەک ببینم
هیچ دیار نییە
گوتی لێرە دانیشە
لەگەڵ یەکەمین گزنگی خۆرهەڵاتنا دێمەوە
ئێستا و ئەوسا نەمدییەوە
تا ئەمڕۆکەش...
هەموو ڕۆژێک کاتێک کە ئێوارە دادێ
بە یادی عەشقە جوانەمەرگەکەی تۆ
پەردەکانی دڵم دادەدەمەوە و
مۆمە شیعرێکی گەش وەک چاوەکانت
دادەگیرسێنم و بێدەنگ
پشت لەم سەردەمی گورگانە دەکەم و
ڕووەو ڕۆژئاوا دادەنیشم
خۆی پێی گوتم
کاڵوکرچە بەری داری زڕی ئەوان
بۆش و بەتاڵە پەیامی پێغەمدزان
من بە خوێنی باخچەی تەمەن بۆت دەنووسم
گەر یەک جار بیخوێنیتەوە
ئیتر پێویستت بە پاپۆڕ نابێت تاکو
دەریاکانی هۆشیاریی پێ پەی بکەی.

## ٢

با شەویش بێت و با دنیا
ئاگربارانی دۆزەخ بێت
من دەیبینم
خۆی بە پەڕەی گوڵێکی وەریو پۆشیوە
تا بە ئاگری دۆزەخی مارس نەسووتێ
تۆ سەیریکە...
ئەم گەردوونە چۆن لە گۆمی
قیری تواوەی تاریکیی خودای جەنگدا
تواوەتەوە و خنکاوە
ئەوە شیعرە، یا کۆنە دڵی عەشقێکە
وا بە شمشێری جەللادەکان ئاوەها لەتلەت کراوە؟
ئەوە ئاواتەکانی منە، یا ئاوازەکانی داودە
وا دڵی ئەمدیو و ئەودیو
بە تیری ڕق سمێنراوە؟
بەردبارانە، ئاگربارانە
غەمبارانە ئەم گەردوونە ئەمشەو
کوا تازە بە من چارە دەکرێ
ئەم بەزم و ڕەزمی زەمانە!
کوا تازە من چارەسەری ئەم بەزم و ڕەزمی زەمانەم پێ دەکرێ.

### ٣

ئێستا لە دوایین  هەنگاوا
ئاورِ دەدەمەوە ڕێگەم خۆڵەمێشە
نازانم کێ پێشتر گڕی تێ بەرداوە
نازانم کێ
کێ بوو؟ بۆچی؟
گوڵزارەکەی ئەوسای جێگە دڵداریمانی کردووە
بە وشکە خاکێکی وەکو
وەکو دڵم ڕەق و چۆڵا و شەقار شەقار؟
ئەو گوتی ئێستاش هەر ماوە
تۆ نایبینیت
کوێرەچاوێک خەو بە خۆری سبەینێوە نەبینێ
وێرانە دڵێک نەبێتە چوارچێوەی خۆرێکی عاشق
من هەردوو خۆرەکەم دۆڕاند.

## ٤

ئەو گوتی بەسە با ئەمشەو
لەوە زیاتر نەخۆینەوە
من دواپین شیعرم هێشتاکە لە نیوە بوو
کە سەیری دەوری خۆم دەکەم کەس نەماوە
هیچ کوێیەکم لێ دیار نییە
هیچ دەنگێکیش لەم مەیخانەیەوە نایێت ئەمشەو
دنیا ئەمشەو مەیخانەیەکی چۆڵی داخراوە
وێرانە وێرانە وێران
ئەم خاکی خوایە خەوتووە
تاریکەخاکە ئا ئەمشەو
منیش لە خوا
تەنیاتر و
دڵتەنگتر و
بێزارترم.

## ٥

جەللاد جارێکیان
شێرەکانی خۆی بەردایە گیانم تا بمخۆن
من شیعربارانیانم کرد
بەڵام تا ئێستاش نەڕەیان
دێتە گوێم لەودیو دیواری
زەمانەوە خۆیان مەڵاس داوە بۆم
ڕۆژێک دێت پەلامارم بدەن

## ٦

من گوتم بەهەشتم ناوێ
بە ڕووباری شیر و شەراب و هەنگوینەوە
تەنیا شیعرێک
تەنیا پێکێک
بە یادی چاوەکانی تۆ بیخۆمەوە.

## ٧

ئا ئەمڕۆ نا...
دوێنێ بوو هەر تەنیا دوێنێ
ڕەوەکۆترێکی سپی
ئا لێرەدا هەڵنیشتبوون
نازانم کام گەردەلوولی قینێک هات
ڕاپێچی ئەو دنیای کردن؟
کامە دنیا؟ کامە ئەودیو؟
دنیا هەر یەک دیوە و هەرگیز
خوا ڕوویەکی دیکەی نییە
ئاسمان هەر یەک ڕەنگە هەرگیز
ڕاستی ڕەنگی دیکەی نییە
شیعر هەر یەک دەنگە، باران
هیچ دەنگێکی دیکەی نییە
ئەودیو، ئەوسا، ئەو دنیا و ئەو
ئەو هەموو ئەوانەی دەڵێن
کەی؟ لە کوێ؟ چۆن دەردەکەون؟
من چاوەڕوانیی زیاترم پێ ناکرێ.

## ٨

لەوەتەی هەم دەخولێمەوە
بە دەوری خۆم و ئەوان و شوێنەکان و کاتەکانا
نە چراکەی دیۆجینۆسم پێیە
نە کەڕەناکەی داود
هەرچی هەیە وەکو من دەخولێتەوە
بە دەوری خۆی و خوادا
زەوی و خۆر و ڕێی کاکێشان و گشت گەردوون
دەخولێنەوە
خەڵکی لە دەوری بەردە ڕەشەکەی دەستی ڕاستی خوا
دایکم پێمی دەگوت: لە دەورت گەڕێم
شۆفێر لە دەوری فولکەکەی سەرا
گەردەلوول، گێژەنگ
ئەتۆم و ئەوەی نایبینین
هەر هەموو دەخولێنەوە.
ئەی خوا بە دەورەی کێ، چیدا دەخولێتەوە؟
ئەم خولانەوانە گشت پووچن
خولانەوەی من و زەوی و ئەستێرەکان و گشت گەردوون
کێ دەتوانێت ڕایان بگرێ؟

## ٩

کێ لە خولانەوە دەوەستێ؟
کێ لە کوێدا ڕادەوەستێ؟
لە سەرەتا، یا ناوەڕاست، یا کۆتایی؟
سەرەتای کۆڵان، یا شەقام؟
سەرەتای ڕۆژ؟ خواردن؟ خەوتن؟
سەرەتای ژیان؟ یا مردن؟
کوا سەرەتای من لە کوێوە دەست پێ دەکات؟
لەدایکبوون، یا کۆرپەیی، یا لە لەشی دایک و باوکما
ئەی ئەوان لە کوێیان هێنام؟
خوا دەڵێت: لە ئادەم و لە حەواوە من هێناتم
داروین دەڵێت: لە دوو ترشۆکەی دەریاوە
ئەی دەریا خۆی لە کوێوە هات؟
ئەی خوا خۆی لە کوێوە هات؟
منیش هەر لەوێوە هاتم
هیچ شتێک سەرەتای نییە
هیچ شتێک کۆتایی نییە
هەموو شتێک خۆی سەرەتا و کۆتاییە
گەر بتوانین ببینین.

## ١٠

تۆ ڕوو لە کامەیان دەکەی؟
کامەیانت پێ واز لێ دێت؟
نوێژ و نزا، یا خواردن و هەناسەدان؟
مزگەوت جێگەی کامەیانە؟
خۆ دوو گلۆڵە بە یەک دەست هەڵناگیرێت
بۆیە زەردەشت گوتی:
یەک درۆیە، هەمووی دوانە
بوون و نەبوون، تاریک و ڕوون
سەرەتا و کۆتایی
چاک و خراپ.

## ١١

هێشتا سەرەتای بەهار بوو
کە جێی هێشتم
لەوساکەوە بەدوای خۆیدا
چوار وەرزەیەکی باران و گەڵاڕێزانی بۆ جێهێشتم
کێ پایز و گەڵاڕێزان و مردنی بۆمان هێنا
کێ کوشتن و درۆ و ڕقی پێمان بەخشی
کێ ئەم دنیایەی وا دانا
بۆ وای دانا
یەک تای تەرازووی هەبوو، ئەویش لاسەنگ.

## ١٢

به لاپەڕەی کاڵبووەوەی تەمەنما دەچمەوە
بەرەو دواوە، بەرەو دواتر
تاکو دەگەمەوە ئەوێ
ئەوێ لە باوەشی دایکم
لە پایینی (خاڵخاڵان)دا
بەڵام نازانم بۆ؟ کەی؟ چۆن؟
نە دایکم، نە باوکم، نە ئەوێش هیچیان نەماون
کێ ئەو هەموو خاڵانەی سڕیوەتەوە؟
خەم و خۆشی، خەون و خەیاڵ
هەست و سۆز و ئاوات و ئومێدی بەتاڵ
بەتاڵە بەتاڵە بەتاڵ
ئەم گەردوونە، ئەم ژیانە
پڕە لە بۆش و لە بەتاڵ
ئەم گەردوونە بێخاوەنە
کێ یەکەمین بەردی داناوە؟
بۆچی ئێستا دیار نەماوە؟
بۆ دروست بوو؟
بۆچی؟ کەی؟ چۆن؟ لەناودەچێ؟
کێ وەڵامێکی هەیە بۆم؟
پێش مردنم با پێم بڵێ
تا بە بەتاڵی نەمرم.

## ١٣

منیش ڕۆژێ لە ڕۆژان منداڵ بووم
خۆشەویستی دایە و باوە
ئێستاکە پیرێکی تەنیای پڕ
پڕ لە ئاگری کوژاوە؟
ئێستا لەسەر کەلی
ئاوابوونما وەستاوم
دوایین سەرنج
دوایین ئاوڕ
لە ڕابردوو دەدەمەوە
ڕێگەیەکە
بە بست هەر بستێ دوان دەبێ
بە کاتیش وەها درێژە
لە سەرەتای ئەم دنیایەوە
هەر هەیە و هەر هەبووە
تا کۆتایی ئەم دنیایەش هەر دەمێنێ
هەر دووکەڵە و تەپوتۆزە
دووکەڵی دانەمرکاوەی
ئازار و خەمەکان هێشتا
بۆنچڕووکیان لێ هەڵدەسێ

تەپوتۆزی ئاژاوەکان
هێشتا سەر و چاوی ئەوانی پۆشیوە
گوڵی شیعرەکانم سیس و هەڵوەریون
تاشەبەردی بیرۆکەکانم هێشتاکە
ڕێگەکەیان تەنگ کردووە
ئەو هەموو گەردانەی عەشقە
بۆ بێلانە جێهێڵراون؟
کێ هەندێکی لەگەڵ خۆیدا برد و ڕۆیی؟
نازانم بۆ پێشمکەوتن
خۆ من گوتم
مەرگم بە پێش مەرگتان کەوێ
گوتم مەرگتان نەبینم هەرگیزاوهەرگیز
بۆچی کەسێ نەبوو جارێ گوێم لێ بگرێ
کاتێ گوتم:

## ١٤

کوانێ ئەوەی دەڵێن گوێی لە خشەی مار و مێرووە، کوا؟
بۆچی ئێستاکە کەڕ بووە؟
درۆیە درۆیە درۆ
کەس نییە گوێ لە کەس بگرێ
هەر دووکەڵە و هەر تەپوتۆز
گوتی بەر بەدواوە مەکە
ئەگینا دەتکەم بە بەرد
ئەم هەموو بەردانە کێ بوون؟
چییان دەگوت؟ چییان دەکرد؟
کێ دەزانێ؟
لە کێ پرسم؟
کێ بوو گوتی: ئاخر شیعر بۆ کێ بڵێم
کوا کێ ماوە دڵێکی ئاشقانەی هەبێت
زەمانی دڵبەردەکانە ئا ئەم زەمانە، ئەم زەمان
زەمانی مرۆڤ خۆرانە
زەمانی درۆبارانە ئەم زەمان
هەزاران ساڵ بوو بێدەنگ بووم
وام دەزانی گورگە هارەکانی دارستانی پاشا
خواردوویانە
بەڵام کە گوڵێ دەوەرێ
دەیان تۆوی گوڵی نەمر جێ دەهێڵێ

گوتیان گوڵەکێوییەکان بگرن، بیانکوژن.
ئێمە تەنیا گوڵی سەر مێزمان گەرەکە
بچن لە بازاڕی خۆفرۆشاندا بیکڕن
ئەو گوڵزارانە وێران کەن
کە گوڵ بۆ خۆیان ناگرن
وێرانە وێرانە وێران
ئەمڕۆکە خاکی کوردستان
کە گوڵی یاخی ناگرێ
وێرانەخاکە ئەو خاکەی
جێگەی گۆڕی
شاعیرێکی گێلی تیا نابێتەوە
جێگەی دڵی عاشقێکی
غەمان گەستەی وەک منی تیا نابێتەوە
نالی، حاجی، شێخی سەنعان
ئەوانی تری گۆڕغەریبان
وێرانەخاکە ئەو خاکەی
کرا بە جێی گۆڕپەرستان
کرایە جێی براگەورە و
دەرباری گەورە و
کەری گەورە
من گەورەکان ناپەرستم
بچووکەکانم خۆش دەوێ
وەک کانییەکەی گۆران و
پێکەکەی دەستی خەیام و
گۆچانەکەی دەستی شارلی و
کەرەکەی حەزرەتی نالی.

من وڵاتێکم بۆچییە
وەرزی دیار و نادیاری
تارمایی ئەژدیها و کابووسبێت.



## ١٥

## ١٦

ئێستا گورگە چاوسوور و سەگە ڕاهێنراوەکان
کەڵبەیان لە شیعرەکانم گیر کردووە
دەیانەوێ جریوەکانی خەفەکەن
خۆ من داود نەبووم کەچی
ویستیان گۆرانیی خودایان بۆ بڵێم
کەی سروودی سروودەکان
لەناو قەفەسا گوتراوە
کەی خوڕەی ئاو
لەناو زەلکاودا خوڕەی دێ
کەی ئەهریمەن لەژێر خۆرا
بۆ گوناهکاری دەگەڕێت
بۆشە
ناهەقە
ناڕەوا
هەرچی هەیە لەسەر زەوی و
لەژێر ئاسمانا بەتاڵە

ناڕەوایە
بەتاڵە وەک
دڵی گورگەکانی جەللاد
ناڕەوایە وەک کوشتنی شیعرەکانم
لە باخچەکەی جەللادا دەستم برد بۆ گوڵێ
ئەو جەندرمەکانی خۆی نارده گیانم
لە پای گوڵێ هەزاران دڕکی قینیان
چەقاندە ناو دڵی خۆم و شیعرەکانم
من دڵی دڕکاویم ناوێ
من خوایەکم...
من خوایەکم دەوێ چەتە و شیعرکوژی
نەبێت و دڵی هیچ کەسێک
دڕکاوی و ژەهراوی نەکات.
گوتیان خوا
لە خشەی مار و مێرووولەش ئاگادارە
کە چووم گلەیی لا بکەم
لەوێ نەبوو
گوتم ئاسمان لە گیرفانی بەتاڵی من بەتاڵترە
گوتیان بڕوانە حەلاج و
گیڤارا و
شیعرەکانی خۆت
خۆت لە هەناسەی ساردی من دەپارێزی و
دەشاریەوە.
نەک ببێ بە گەردەلوولی ئەشقێک و
ئیتر ئەشق ڕاپێچت کا و
بتباتەوە بۆ دۆزەخی دڵدارییەکەی جارانمان

بەتاڵە بەتاڵە بەتاڵ
کێ ئەم شووشانەی بەتاڵ کرد؟
چۆڕێ نییە بیخۆینەوە
کێ ئەم ڕووبارانەی بەتاڵ کرد؟
کێ ئەم ئاسمانە...
ئەم گەردوونەی...
ئەم ژیانەی بەتاڵ کرد؟
منیش داوەکانی دروشانەوەی ژیان دەچنم
ماچی گەرمی دەف دەکەم و ناوچەوانمی لەسەر دادەنێم.

**٢٠١٧ نەرویج**

*** سەلاحەدین ئەحمەد خورشید: سەلاح شوان**

* ١٩٤٧/٤/١٥ لە دێی مام ڕەش، ناوچەی شوان، پارێزگای کەرکووک لەدایک بووە.

* دەرچووی بەشی کوردیی زانکۆی بەغدایە، ساڵی ١٩٧١-١٩٧٢.

* لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە لە نەرویج دەژی.

*** چاپکراوەکانی:**

١- دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە: کۆشیعر ١٩٧٨.

٢- ئەستێرە بەرزە: کۆچیرۆک ٢٠١٢.

٣- شەوێک لە شەوانی سیمرخ: کۆشیعر ٢٠١٣.

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠٢٢

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ١٠٤١ | گەڕان بە دوای هارمۆنیا | عەتا قەرەداغی | |
| ١٠٤٢ | پەروەردەی هونەر | خەلیل عەلی | |
| ١٠٤٣ | پەروەردەی پراکتیک | خەلیل عەلی | |
| ١٠٤٤ | هونەری هایپەریالیزم | خەلیل عەلی | |
| ١٠٤٥ | هونەری ئیسلامی | خەلیل عەلی | |
| ١٠٤٦ | هەرێمەکانی جنۆکە | سەلیم بەرەکات | زاموا محەمەد |
| ١٠٤٧ | هەنگاوێک بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی | ئیسماعیل مەحموودی | |
| ١٠٤٨ | کانڤاسە سپییەکە | سێلما پێرمێنتێر | عومەر ڕەسوڵ |
| ١٠٤٩ | لاپەڕە پەرشەکان | | ئازاد بەرزنجی |
| ١٠٥٠ | خولیاکانی کەوشەنی با بەرگی یەکەم | (بێهناز، شاناز، حسێن) جەوانشیر | |
| ١٠٥١ | مێژووی هاوچەرخی عێراق | پ.ی. ئەحمەد باوەڕ | |
| ١٠٥٢ | دەبم بە ڕەنگفرۆش | نەجات نووری | |
| ١٠٥٣ | زەردەشت وەها دووا | فریدریش نیچە | ئازاد بەرزنجی |
| ١٠٥٤ | زمانی ئاخاوتنی زیندەوەران | د. بایەزید حەسەن | |
| ١٠٥٥ | ئەدەب لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا | میریام کوک | دکتۆر دانا ئەحمەد مستەفا |
| ١٠٥٦ | شەیتانەکان | فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی | ڕەووف بێگەرد |
| ١٠٥٧ | قەڵای فەردەقان | یوسف زێدان | جەلیل کاکەوەیس |
| ١٠٥٨ | گوڵەکانی ژێر بەفر | عاسی حوسێن مەحموود | |
| ١٠٥٩ | پرسی پەروەردە | هۆمەر قەرەداغی | |